حكومەتی هەرێمی كوردستان– عیراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سەلاحەددین / هەولێر

# كەرەسە بەتاڵەكان لە روانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

((شێوەزاری كرمانجی سەروو))

نامەیەكە

پێشكەشی ئەنجوومەنی كۆلێژی زمان كردووە لە زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر

وەك بەشێك لە پێداویستییەكانی پلەی دكتۆرا لە زمانی كوردی/ رستەسازی

لە لایەن

**ڤیان سلێمان حاجی**

( بڕوانامەی بەكالۆریۆس/ زانكۆی دهۆك – دهۆك 1997 –1998 )

( بڕوانامەی ماستەر/ زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر 2000 –2001)

بە سەرپەرشتی

**پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح**

بەفرانباری 2707 ذي الحجةی 1428 دێسەمبەری 2007

ئەم نامەیە بە چاودێری من لە زانکۆی سەلاّحەددین – هەولێر ئامادە کراوە و بە شێکە لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە زمانی کوردی(رستەسازی)دا .

واژوو :

ناو : پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح

مێژوو : / / 2007

بە پێی ئەو پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

واژوو :

ناو : د. ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی بالاّ

لە بەشی کوردی

مێژوو : / / 2007

ئێمە ئەندامانی لیژنەی وتوویژکردن و هەڵسەنگاندن ئەم نامە یەمان خوێندەوە و لە گەڵ فێرخوازە کەدا گفتوگۆ مان لەبارەی ناوەرۆك و لایە نەکانی تری کرد و بڕیارمان دا کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (          ) بڕوانا مەی دکتۆرای لە زمانی کوردی (رستەسازی)دا پێ بدرێت .

| | | |
|---|---|---|
| واژوو : | واژوو : | واژوو : |
| ناو : | ناو : | ناو : |
| ئەندام : | ئەندام : | سەرۆك : |
| مێژوو : | مێژوو : | مێژوو : |

| | | |
|---|---|---|
| واژوو : | واژوو : | واژوو : |
| ناو : | ناو : | ناو : |
| ئەندام : | ئەندام : | ئەندام : |
| مێژوو : | مێژوو : | مێژوو : |

لە لایەن (ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان)ەوە پەسند کرا .

واژوو:

ناو :پ.ی.د.نەوزاد محەمەد حەسەن

راگری کۆلێژی زمان

مێژوو:

# ئەم نامەیە پێشکەشە بە

- گیانی پاکی گشت شەهیدانی ڕێگای بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان .
- گیانی پاکی دەیبابم کە منیان فێری خۆشەویستی زمان و نەتەوەکەم کردن.
- هاندەر و پشتیوانم لە هەموو ژیان ، محەمەدی برام .
- چرای ئاسمانی ژینم ، هەڤژینم نەعمان .

# سوپاسنامە

ڕێز و سوپاسی بێدوماهیم بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە ئامادەکردنی ئەم نامەیەدا یارمەتییان داوم ئەگەر بە تەنیا وشەیەکیش بووبێ بە تایبەت :

- حکومەتی هەرێم و وەزارەتی خوێندنی باڵا و سەرۆکایەتی هەر دوو زانکۆی دهۆك و سەلاحەددین و ڕاگرا یەتی و بە شی کوردی هەر دوو کۆلێژی پەروەردەی بنیات و زمان کە هەڵی خوێندنم بۆ ڕەخساندن .
- سەرپەرشتیاری هێژا و بەڕێزم پ.د. محەمەد مەعرووف فەتاح کە لە گەڵمدا زۆر ماندی بووە .
- هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی کە لە ماوەی کۆرسات وانەیان پێ وتووم.
- هەڤژینم بۆ پشوودرێژی و ماندیبوونی لە گەڵدا .

# لیستی زاراوەكان

**ئـ :**

| | |
|---|---|
| ئارگیومێنت | Argument |
| ئاراستە | Direction |
| ئاخاوتن | Parole ,Discourse |
| ئاستەكانی نواندن | Levels of Representation |
| ئاستی سەرەوە | Surface Structure |
| ئاستی ژێرەوە | Deep Structure |
| ئالفا بجوڵێنە | move α |
| ئامانج | Goal |
| ئامراز | Instrument |
| ئاوێتە بكە و بجوڵێنە | Merge and Move |
| ئەسپێكت | Aspect |
| ئەنافۆر (جێناوی خۆیی و هاوبەشی) | Anaphora |
| ئێرگەتیڤی سینتاكسی | Syntactic ergativity |
| ئێرگەتیڤی قلیشاو | Split ergativity |
| ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی | Morphological ergativity |

**بـ :**

| | |
|---|---|
| بازنەی سیتا | θ Grid |
| با شینە رێگا | Optimal |
| بە ئارەزوویی | Optionality |

| | |
|---|---|
| Succession | بەدوایەکدا هاتن |
| Barrier | بەربەست |
| Accusative | بەرکاری |
| PO(Primary object) | بەرکاری راستەوخۆ |
| Indirect Object ,SO(Scondary object) | بەرکاری ناراستەوخۆ |
| Minimalist Program (MP) | بەرنامەی کەمینە |
| Binding | بە ستنەوە |
| Bound | بەند |
| Nominative | بکەری |
| Canonical subject | بکەری کانونی |
| Parameter | بگۆر (پارامێتەر) |
| Antecedent | بۆگەڕاوە |
| Principle and Parameter | بنەما و بگۆر |
| Empty Category Principle | ب نەمای کەرە سە بەتا ڵەکان |
| Projection Pirinciple | بنەمای دەرکردن |
| Headedness | بێ سەرە |

**پ :**

| | |
|---|---|
| Case Filter | پارزێنەری دۆخ |
| Thematic relation | پەیوەندی واتایی |
| Governing Category | پۆلی دەسەڵاتدار |
| Lexical Category | پۆلی فەرهەنگی |
| Sub categorization | پۆلێنکردن |

| | |
|---|---|
| پێ (کلك) | Tail |
| پێکهێ نەر | Component |
| پێکهاتی سینتاکسی | Syntactic Structure |
| پێوەری سیتا (θ) | Theta Criterion |

**ت :**

| | |
|---|---|
| تاکە یاسایەکی جوولە،ئالفا بجوولێنە | Single Movement Rule, Move-α |
| تایبەتمەندییە واتاییەکان | Semantic Properties |
| تەرخانکراوەیی | Exclusivity |
| تەواوکار | Complement |
| توانای زمانی | Linguistic Competence |
| تێپەڕ | Transitive |
| تێنەپەڕ | Intransitive |
| تیۆری بە ستنەوە | Binding Theory |
| تیۆری بنەما و بگۆڕەکان | Principles and Parameters Theory |
| تیۆری بینین | Visibility Thesis |
| تیۆری دۆخی واتایی | Thematic Case Thesis |
| تیۆری سین بار (س') | X- bar Theory |
| تیۆری سیتا(θ) | Theta (θ)Theory |
| تیۆری ستاندەرد | Standard Theory |
| تیۆری ستاندەردی فراوانکراو | Extended Standard Theory |

| | |
|---|---|
| تیۆری ستاندەردی فراوانکراوی راستکراو | Revised Extended Standard Theory |
| تیۆری دۆخ | Case Theory |
| تیۆری کەرەسە بەتاڵەکان | Empty category Theory |
| تیۆری نەخشەکێشانی فەرهەنگی | Lexical mapping theory |

**جـ :**

| | |
|---|---|
| جوولانەوە (گواستنەوە) | Movement |
| جێکەوتەی بچووك | Minimal projection |
| جێکەوتەی مەزن | Maximal projection |
| جێکەوتەی ناوەند | Intermediate projection |
| جێناوی کەسی (پرۆی بچووك) | Pronominal |

**چـ :**

| | |
|---|---|
| چالاکی زمانی | Linguistic Performance |
| چوارچێوەی داخراو | Context Sensitive |
| چوارچێوەی کراوە | Context Free |

**خـ :**

| | |
|---|---|
| خوشك | Sister |

د :

| | |
|---|---|
| دابەشکردنی تەواوکەری | Complementary distribution |

| | |
|---|---|
| Mother | دایك |
| Referential Expression | دەربڕینە هاونیشانەییەکان |
| Government | دەسەڵات |
| C - Command | دەسەڵاتی پۆلی |
| C- Command antecedent | دەسەڵاتی پۆلی بۆگەڕاوە |
| Spell- out | درکاندن |
| Default Case | دۆخی بێ بایەخ |
| Case assignment | دۆخ پێدان (نیشانەکردنی دۆخ) |
| Exceptional Case Marking | دۆخ پێدانی نائاسایی |
| Genitive Case | دۆخی خاوەنیەتی |
| Structural Case | دۆخی ڕۆنانی |
| Abstract = Inherent Case | دۆخی نابەرجەستە |
| Nominative Case | دۆخی ناوی |
| Binary | دووانەیی |
| IP- Spec | دیارخەری گرێی گەردانی |

ر:

| | |
|---|---|
| Underlying Structure | ڕۆنانی ژێرەوە |
| Thematic role | ڕۆلی واتایی |
| Lexical – Functional Grammar | ڕێزمانی ئەرکی فەرهەنگی |
| Generative Grammar | ڕێزمانی بەرهەمهێنان |
| Relational Grammar | ڕێزمانی پەیوەندی |

| | |
|---|---|
| Categorical grammar | ڕێزمانی پۆلی |
| Grammar Generalized Phrase Grammar | ڕێزمانی گشتی ڕۆنانی گرێ |
| Head - Driven Phrase Structure Grammar | ڕێزمانی سەرەی گرێ |

**ز:**

| | |
|---|---|
| Immediate Dominatation | زاڵبوونی ڕاستەوخۆ |
| Knowledge of Language | زانیاری زمانی |
| Descriptive Linguistics | زمانەوانی وەسفی |
| Dominatation | زاڵبوون |
| Categorical information | زانیاری پۆلی |
| Subcategorization information | زانیاری پۆلینکراوەیی |
| Thematic information | زانیاری واتایی |

**س :**

| | |
|---|---|
| Head - first | سەرە – سەرەتا |
| Head- last | سەرە – کۆتا |
| Adjunct | سەربار |
| Source | سەرچاوە |
| Specifier = Spec | سپێسیفایەر ، سپێك |
| Theta (θ) | سیتا(θ ) |
| Semantic Features | سیما واتاییەکان |

| | |
|---|---|
| System of Constraint | سیستەمی سنووردارکەرەکان |
| Idiosyncratic properties | سیما بنیاتییەکان |
| Generative Semantics | سیمانتیکی بەرهەم هێنان |
| Cognitive Semantics | سیمانتیکی تێگەیشتن |
| Conceptual Semantic | سیمانتیکی چەمکی |

**ش :**

| | |
|---|---|
| Canonical Subject Position | شوێنی بکەری کانونی |
| Trace | شوێنپێ |
| Immediate Analysis | شیکردنەوەی بنجی |

**ف :**

| | |
|---|---|
| Lexicon | فەرهەنگ |
| Logicality | فەرهەنگییەتی |

**ك :**

| | |
|---|---|
| Agent | کارا |
| Patient | کارتێکراو (بابەت) |
| Factor | کۆڵکە |
| Operator | کارپێکەر |
| Selection restrictions | کۆتە هەڵبژاردنییەکان |

**گ :**

| | |
|---|---|
| Macro roles | گەورە رۆل |
| Node | گرێ |
| Root Node | گرێی بنج |
| Vp = verb phrase | گرێی کاری |
| CP = Complementizer phrase | گرێی گەیەنەری |
| IP = Inflectional phrase | گرێی گەردانی |
| Terminal Node | گرێی کۆتایی |
| No terminal Node | گرێی ناوەندیی (ناکۆتایی) |
| Utterance | گۆتن |
| Proposition | گۆتە (هەواڵ) |

م :

| | |
|---|---|
| Visibility Condition | مەرجی بینین |
| Maximality | مەزنی |
| Domain | مەودا |
| Biological endowment for language | مەوهیبەی بایۆلۆجی زمان |
| Zero Morph | مۆرفیمی سفر |
| Empty Morph | مۆرفیمی بۆش |
| Case checking | مۆڵەتدانی دۆخ وەرگرتن |

ن :

| | |
|---|---|
| Asolutive | ناراستەوخۆ |
| Endocentric | ناوەکی |

| | |
|---|---|
| ناوەندێتی | Centrality |
| نواندنی سیمانتیکی | Semantic Representation |
| نواندنی فۆنۆلۆجی | Phonological Representation |
| نیگاری دارئاسا | Tree Configuration |

**هـ :**

| | |
|---|---|
| هاوشێوەیی | Uniformity |
| هاونیشانەیی | Coreference |
| هەرەمی | Hierarchical |
| هەستپێکەر | Experiencer |
| هێمای ئاوێتە | Complex Symbols |

**ی :**

| | |
|---|---|
| یاساکانی پێکهێنانی گرێ | phrase Structure Rules |
| یاساکانی دانانی وشە | Lexical Insertion Rules |
| یاساکانی گوێزانەوە | Transformational Rules |
| یاساکانی لێکەوتن | Projection Rules |

# کورتکراوە و هێما بەکارهاتووەکان

| | |
|---|---|
| ئام | ئامراز |
| ئاوەل | ئاوەڵناو |
| ئاوەلك | ئاوەڵکار |
| به | بەتاڵ |
| پێشن | پێشناو |
| * | ناڕێزمانی |
| ج.لکاو. ڕێککەوتن | جێناوی لکاوی ڕێککەوتن |
| ج.ل.ر.کە | جێناوی لکاوی ڕێککەوتنی کەسی ... |
| د | دۆخ |
| د.ڕەها | دۆخی ڕەها |
| ڕێك | ڕێککەوتن |
| ر.لێك | ڕستەی لێکدراو |
| س | سەرە |
| شو | شوێنپێ |
| ك.بە | کەرەسەی بەتاڵ |
| گ | گرێ |
| گ.ن | گرێی ناوی |
| گ.ك | گرێی کاری |
| گ.ڕێك | گرێی ڕیککەوتنی |
| گ.گەیەنەری | گرێی گەیەنەری |

| | |
|---|---|
| گ.گەرد | گرێی گەردانی |
| گ.ت | گرێی تەواوکار |
| ن | نیشانە |
| ن.نف | نیشانەی نفش |
| نف.مێ | نیشانەی نفشی مێ |
| ن.د | نیشانەی دەم |
| ن. د. رابردوو | نیشانەی دەمی رابردوو |
| ن.کۆ | نیشانەی کۆ |
| نا | ناوچە |

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| بەشی یەکەم : پێشەکی | 1- 5 |
| 1 .1.ناونیشانی نامەکە و زارلوەکانی | 1 |
| 1 .2. ئامانج و هۆی هەڵبژاردن | 3 |
| 1 .3. کەرەسە و سنووری باسەکە | 4 |
| بەشی دووەم: قۆناغە مێژووییەکانی گەشەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە | 5-35 |
| 2 .1. سەرەتا | 5 |
| 2 .2. قۆناغەکانی گەشەی گریمانەی چۆمسکی | 10 |
| 2. 2. 1. ڕێزمانی بەرهەمهێنان | 10 |
| 2. 2. 2.ڕێزمانی گوێزانەوە | 13 |
| 2. 2. 3. تیۆری ستاندەردی فراوانکراو | 21 |
| 2 .2. 4. شێوە گەنجەکەی تیۆری ستاندەرد | 25 |
| 2. 2. 5.تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە | 29 |
| 2. 2. 6. بەرنامەی کەمینە | 33 |
| بەشی سێیەم : تیۆری دەسەڵات وبەستنەوە | 36-75 |
| بەندی یەکەم :پێکهاتەی زمان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە | 36 |
| 3. 0 سەرەتا | 36 |
| بەندی یەکەم: پێکهاتەی زمان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بە ستنەوە | 36 |
| 3. 1. 1. پێکهاتەی زمان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە | 36 |
| بەندی دووەم: پەیوەندییە ڕۆنانییەکان لە هێڵکاری دارئاسادا | 41 |
| 3. 2 .1. سەرەتا | 41 |

3 . 2. 2. پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نیگاری هێڵکاری دارئاسا ------- 43
3. 2. 2. 1.نیگاری دارئاسا ------------------------------------- 43
3. 2. 2. 2.پەیوەندییەکانی نیوان پێکهێنەرەکانی دارئاساکە ------ 44
بەندی سێیەم : تیۆری س' ------------------------------------ 47
3. 3. 1.سەرەتا -------------------------------------------- 47
3. 3. 2. چەمك و ئامانجی تیۆری سین- بار (س') -------------- 49
3. 3. 3. ڕۆنانی تیۆری سین- بار(س') و بنەماکانی پێکهێنانی ---- 51
3 .3 . 3. 1. بنەمای فەرهەنگییەتی ---------------------------- 52
3. 3. 3 .2.بنەمای بە دوا یەکدا هاتوویی ------------------------- 53
3. 3. 3 .3.بنەمای هاوشێوەیی --------------------------------- 53
3. 3. 3 .4.بنەمای مەزنی ------------------------------------- 53
3. 3. 3 .5.بنەمای ناوەندێتی ---------------------------------- 54
3. 3. 3 .6.بنەمای بەئارەزوویی -------------------------------- 55
3. 3. 4. جۆرەکانی گرێ بەپێی تیۆری سین- بار(س') -------------- 62
3. 3. 4. 1.گرێ لێکسیکی یا خود فەرهەنگییەکان. ----------------- 62
3. 3. 4. 2.گرێی پۆلە ئەرکییەکان ------------------------------ 67
3. 3. 4. 3.شیکردنەوەی ڕستە وجۆرەکانی بەپێی تیۆری س'----------- 67
بەشی چوارەم تیۆری سیتا □□□□□ --------------------------- (θ)
4. 1. سەرەتا ---------------------------------------------- 76
4. 2.تیۆری سیتا : پێناسە وئەرك ----------------------------- 78
بەشی پێنجەم تیۆری دۆخ ------------------------------------ 125-94
5. 1.سەرەتا ----------------------------------------------- 94

5. 2.تیۆری دۆخ ........................................... 96
5. 2. 1. پەیوەندی دەسەڵاتداری و دۆخ .............................. 99
5 . 2. 2.سیتارۆل و تیۆری دۆخ .................................. 108
5. 3.جۆرەکانی دۆخ .......................................... 110
5. 3. 1.دۆخی نابەرجەستە ...................................... 110
5. 3. 2. دۆخی بێ بایەخ ........................................ 111
5. 3. 3.دۆخی رۆنانی .......................................... 112
5. 4.چۆنیەتی دۆخ وەرگرتنەوە ................................ 118
5. 5. دیاردەی دۆخ لەزمانی کوردیدا .......................... 119
بەشی شەشەم:کەرەسە بەتاڵەکان .......................... 163-126
6. 1.سەرەتا ............................................... 126
6. 2. کەرەسە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە .... 129
6. 2. 1. تیۆری بەستنەوە ..................................... 130
6. 2. 1. 1. شوێنپێی گرێی ناوی [+ ئەنافۆر،-جێناو] .............. 135
6. 2. 1. 2. لارستەی بکەرنەدیار ............................... 139
6. 2. 1. 3 .لارستەی بکەرنەدیاری هۆیی .......................... 143
6. 2. 2. جێناوی کەسی [– ئەنافۆر ،+ جێناو] ................... 144
6. 2. 3. پرۆ [+ ئەنافۆر، + جێناو ] ............................ 147
6. 2. 4.شوێنپێی وشەی پرس[– ئەنافۆر , – جێناو ] ............... 149
6. 3. چۆنیەتی دەرکەوتنی کەرەسەی بەتاڵ لە شێوەزاری (ك.س)دا .... 152
6. 3. 1. لە رستەی سادەدا ..................................... 153
6. 3. 2. لە رستەی ناسادە دا ................................... 155

6. 3. 2. 1.کەرەسە بەتاڵەکان لە رستەی لێکدراو ---------------------------- 155
6. 3. 2. 2. کەرەسە بەتاڵەکان لە رستەی ئاڵۆزدا ---------------------------- 162
بەشی حەوتەم: ئەنجام و پێشنیاز ---------------------------- 175-164
7:1کورتە و ئەنجام ---------------------------- 164
7. 1. 1. تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ---------------------------- 164
7. 1. 2. تیۆری س ---------------------------- 166
7. 1. 3. تیۆری سیتا ---------------------------- 167
7. 1. 4. تیۆری دۆخ ---------------------------- 169
7. 1. 5. کەرەسە بەتاڵەکان ---------------------------- 173
7. 2. پێشنیاز بۆ کارەکانی داهاتوو ---------------------------- 175
سەرچاوەکان ---------------------------- 176
کورتەی باس بە عەرەبی(ملخص البحث) ---------------------------- 186
کورتەی باس بە ئینگلیزی(Abstract) ---------------------------- 189

# بەشی یەکەم
# پێشەکی

## 1. 1. ناونیشانی نامەکە و زاراوەکانی:

**ئەم نامە یە بۆ لێکۆڵینەوە لە "کەرە سە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە لە شێوەزاری کرمانجی سەرووی زمانی کوردی" تەرخان کراوە ، یەکە یەکەی زاراوەکان بەم شێوەیە بەکار هاتوون:**

**أ. کەرەسە بەتاڵەکان:**

ئەو جۆرە کەرەسانەن کە بەهۆی بارێکی تایبەتییەوە لە رستەدا خاوەن شێوەی گۆکراوەیی نین یا خود بە واتایەکی تر لە رستەدا نابینرێن ، تەنیا لە رووی واتا و رێزمانەوە هەست بە بوونیان دەکرێ ، لە هەر سەردەمێکدا زمانەوانان ئەم دیاردەیان بە شێوەیەك لێك داوەتەوە . ئەوەی کە ئەم نامەیە مەبەستیەتی ، تێروانینی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە لەم بارەیەدا کە پێی وایە ئەم کەرەسانە بە هۆی هەبوونی پەیوەندی هاوپێرستی و یەکسانی لەگەڵ کەرەسەیەکی تری رستە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵ و دەسەڵاتی پۆلی ئەو کەرەسەیە و لە ئەنجامدا سیمای گۆکراوەیی یاخود سیما کۆنکرێتەکەیان لە دەست دەدەن ؛ واتە دەرکەوتنی کەرەسەی بەتاڵ بۆ دەسەڵات و زاڵبوونی کەرەسە بۆگەڕاوەکە بە سەر کەرەسە هاوپێرستەکەی دەگەڕێتەوە .

**ب.تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە:**

ئەم تیۆرە بەرهەمێکی تری هەوڵە بەردەوامەکانی چۆمسکی بۆ دارشتنی رێزمانی گشتییە بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی سالآنی (1981،a

1986b،1986). ئەو وای بۆ دە چێت کە ڕێز مانی گ شتی لە ر ێی دوو پێکهێنەری سەرەکییەوە دەردەکەوێ :

1.ئاستەکانی نواندن : بۆ هەر ر ستەیەکی ز مان چوار ئا ستی ج یاوازی نواندن دەستنیشان کراوە : ئاستی ناوەوە، ئا ستی دەرەوە، فۆرمی فۆ نەتیکی و فۆرمی لۆجیکی کە ئەمانە بەهۆی تاکە یاسای ئال فا بجوولێ نە بە یە کەوە بە ند دەکرێن.

2.سیستەمە سنووردارکەرەکان : لە چوار چێوەی چەندین ل قەتیۆری وەك لقەتیۆری س' ، سیتا ، دۆخ ، بەستنەوە و ..تاد. بەرجەستە دەبن کە هەر یە کەیان خاوەن ب نەما و یا سا و یە کەی پێوا نەیی تای بەتن بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی لایەنێکی رۆ نان و پەیوەندی یە جۆراوجۆرە کانی ن ێوان کەرە سەکانی زمان لە ئاستە جیاوازەکانی نواندندا.

**پ. شێوەزاری کرمانجی سەروو:** ئەم شێوەزارە ناو چەکانی باکوور و باکووری رۆژئاوای کوردستان دەگرێتەوە و لە شێوەکانی ( بایەزیدی ، هەکاری ، بۆتانی ، شەمدینانی ، بادینانی و شێوەی خۆرئاوا ) پ ێك دێت(خور شید 1985 : 58-61)[1]. لەبەر ئەوەی بابەتەکەمان بابەتێکی سینتاکسییە ، هەروەها ئەم شێوانە لەم رووەوە یەك دەگرن و جیاوازیی نێوانیان تەنیا لە ئاستی فۆنۆلۆجی و هە ندێ جار لە فەرهەنگی وشەیی دایە ؛ بۆیە شێوەزارەکە بە گ شتی وەر گیراوە نەك شێوەیەکی تای بەت لە شێوەکانی . هۆی هەڵ بژاردنی ئەم شێوەزارەش وەك کەرەسەی بابەتی لیکۆڵینەوەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆر لە بنەماکانی تیۆری

---

(1) شایەنی باسە کە شێوەی زازا لەم ناوچەیەدا ناچێتە خانەی شێوەکانی کرمانجی سەروو و بە شێوەزارێکی تری سەربەخۆی زمانی کوردی دەژمێردرێت .

دە سەلاّت وبە ستنەوە لە گەڵی دە گونجێن ، هەروەها روو بەرێکی گەورەی کوردستان دادەپۆشێت و لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەیەوە کەمە .

## 1. 2. ئامانج و هۆی هەڵبژاردن:

**لە** هەڵبژاردنی تیۆر و بابەتەکە دوو مەبەست و ئامانجی سەرەکی رە چاو کراوە :

یەکەم : تیۆری دە سەلاّت و بە ستنەوە یەکێکە لە تیۆرە نوێ و باوە کان کە گۆرەپانی لێکۆڵینەوە زمانییەکان لە ئەمریکا و زۆرینەی ولاّتە ئەوروپاییەکان داگیر کردووە . هەلبژاردنی هەولێکە بۆ زیاتر ئاشناکردن و پێ نا ساندنی بە لێکۆڵەری زمانی کوردی بۆ ئەوەی لەلایەکەوە لێکۆڵینەوەکانمان بەرە بەرە لەو چوار چێوە وەسفە تەقلیدییەی کە چەند دەیەیەکە گۆرە پانی توێژینەوە زمانیەکانی کوردی داگیر کردووە دەربچوێنرێت و لەلایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی زمانی کوردی لەو دیراساتانە بێبەش نەبێ ، هەروەها سیما و تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەکەی لە روانگەی هەموو ئەو تیۆرانە بخرێتە روو . بەم پێیە پێگە و شوێنی لە خانەی زمانەکانی جیهان دیار و روون بێ .

دووەم : کەرەسەی بەتاڵ دیاردەیەکی گرنگی زمانەکانە کە بە زۆر شێوە لێك دراوەتەوە و لەم تیۆرە شدا شوێنێکی گرنگی دا گیر کردووە بەوەی کە لە لایە کەوە شیکردن و لێکدانەوەی، چۆنیەتی پەیوەندی و پێکەوە کارکردن و کارلێکی نێوان بنەما و پرنسیپەکانی تیۆری دە سەلاّت و بە ستنەوە بە جوانی دەردە خا ، و لەلا یەکی تریشەوە ئەگەر ئامانجەکەمان دۆزینەوەی سرو شتی توانای زمانی مرۆڤ لە رێی بیرۆکەی ئەزموونکردنەوە بێ ،ئەم کەرەسانە چەندین پێزانینی تایبەت و گرانبەها لەم بارەدا دەردەخەن(Chomsky,1981:55) . بەم

شێوەیە لە ر ێی لێکۆڵی نەوە لە سرو شت و جۆر و چۆنیەتی دەر کەوتنی ئەم کەرەسانە ، لایەنە گرنگ و سەرەکییەکانی ئەم تیۆرەش دەخرێنە روو .

## 1 .3. کەرەسە و سنووری باسەکە:

کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە گرێ و رستەکانی شێوەزاری کرمانجی سەروون کە لە ژ یانی رۆژا نەی ڤ سەپێکەرانی بەکار د یێت . بۆ نموو نەکانیش پ شت بە قسەکردنی خەلك بەستراوە .

سنووری باسەکە ئەو لقەتیۆری و لایەنانەی ت یۆری دە سەلات وبە ستنەوە دەگرێتەوە کە بۆ لێکدانەوەی چۆنیەتی دەرکەوتن و جۆرە جیاوازە کانی کەرە سە بەتاڵەکان لە گرێ و رستەدا پێویستن .

# بەشی دووەم

# قۆناغە مێژووییەکانی گەشەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

## 2. 1. سەرەتا:

لەو رۆژەوە کە مرۆڤ خۆی نا سییەوە. هەوڵی تێگـــەیشتنی نهێنیەکانی جیهانی دەورو بەر و زا تی خۆی داوە . ز مانیش بە پێک هات و سرو شت و جۆراوجۆریەکەیەوە یەکێکە لەو نهێنییانەی کە بە درێژایی مێژوو کەوتۆتە بەر لێکۆڵینەوە زمانییەکانی فەیلەسوف و زانایان . بەتایبەتی پرسیاری وەك سرو شت وپێکهاتی زمان چۆنە ؟ ز مان چۆن پەیدا بووە ؟ ئا یا هەموو زما نەکان یەك سەرچاوەیان هەیە یان نە ؟ چ پەیوەندیەك لە نێوان (زمان، بیر، ڕاستی جیهانی دەرەوە ) دا هەیە ؟ چۆن فێری زمان دە بین ؟ سیما هاو بەش و دژە کانی زما نە جۆراو جۆرەکان چین ؟

فەیلەسوف و زانایانی هەر سەردەمێك بەپێی کاریگەر بوونیان بە پێشینان و هەروەها بیر و باوەر و ئا ستی زاذ ستی و ڕۆ شنبیری سەردەمەکە و شارستانیەتەکەیان هەر یەکە جۆرە وەلامێکیان بۆ ئەم پرسیارانەی سەرەوە هەبووە و گرنگیان بە لایەنێك یان چەند لایەنێك داوە . ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لقێکی زانستی یا رۆشنبیری بێجگە لە کاریگەربوونی بە پێشینەی خۆی و گریمانە و بیروباوەرە باوەکانی سەردەمەکەی جێگە کۆمەڵایەتییەکەشی کاری تێ دەکەن ، واتە ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرێت و ئەو ئامانجا نەی کە بۆی بەکار دێت . ئەمانە هەموویان هۆکاری گرنگن لە دەستنیشانکردنی ئەو ڕێرەوەی کە زانست دەیگرێتە بەر و تیایدا گەشە دەکات .

زمانەوانیش لەمە بەدەر نەبووە . بەم شێوەیە کۆمەڵە زانیارییەکی یەکجار زۆر سەبارەت بە لایە نە جیاجیا کانی ز مان بەتایبەتی (ڕێز مان ، فیلۆلۆجیا ،

فیلۆلۆجیای بەراورد) تا سەدەی بیستەم کۆ بوونەوە کە ڕە نگ و بۆنی سەردەم و شارستانیەتە جیاوازەکان پێوە دیارە[1].

ڕێرەوەی زمانەوانی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە هەر دوو کیشوەری ( ئەوروپا و ئەمریکا ) گۆڕانێکی جۆری بە خۆ یەوە بینی و بەرەو ئاما نجە سەرەکییەکەی خۆی هەنگاوی نا ، لەمەدا قەرزاری بۆچوونەکانی هەر دوو زانای گەورە فردینا ند دیسو سێر (1857-1913 ) ولیو ناردۆ بلۆمفیلد(1887-1949 )ە.

نموونە زمانییە دووانەکەی دیسو سێر کە تێیدا دوو زاراوە بە شێوەیەکی ئۆتۆ ماتیکی دژ بە یەکتر دەوە ستن : ز مان × ئا خاوتن ، سینتاگماتیك ×پرادیاگماتیك ، دایکرۆ نی× سایکرۆنی .جگە لەوەی کاریگەر یەکی فراوا نی لە سەر زما نەوانی هەبووە بەتایبەتی لە گە شەی زما نەوانی ڕۆنانکاریدا ، دیسانەوە هەندێ بواریتری زانستی خستە ژێر کاریگەریە کەی وەك ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتییەکان (Finch,2000:7).

لە کارە گرنگەکانی دیسو سێر، لێك جیاکرد نەوەی دوو چەمکی ز مان (Langue) و ئاخاوتن (parol) بوو. بە بۆ چوونی ئەو ، لێرەدا چەمکییەکەی زمان سیستەمێکی یا سایی نابەرجستەیە کە بە ز مان ناوی دە بات و لایە نە کۆنکرێت و بەرچاوەکەی نواندنی ئەم یاسایانە ، لە شێوەی ڕستە و گۆتن دا یە کە بە ئاخاوتن ( parol ) ناوی دەبات (Ibid:7) . هەروەها دیسوسێر ز مان بە یاری شەترەنج دەچوێنێت، چۆن یاری شەترەنج خاوەن یا سا و ڕێ سای تایبەت بەخۆیە و هەر پارچەیەکی بە هۆی خانەکەی و پەیوەندی بە پارچە و خا نەکانی

[1] بۆ زیاتر زانیاری بروانە : أفیتش ،میلکا (1996) ، اتجاهات البحث اللسانی ، ترجمة سعد عبدالعزیزمصلوح و وفاء فاید، المطابع الامیریه ؛ هەروەها رۆبینز. ار. اج(1370) ، تاریخ مختصر زبانشناسی ، ترجمة محمدعلی حق شناس ، کتاب ماد ، نشر مرکز،تهران .

تری یارییەکە دەناسریێت وبە پ یێی یا ساکانی یارییە کە دە ستکاری و کاری پیێ دەکریێت . زمانیش خاوەن ریێ سا و یا سای تای بەت بەخۆی هە یە و یە کەکانی بەهۆی شوێنەکەیان لە رستەدا و پەیوەندییەکەیان بە و شەکانی تری ناو ر ستە دەناسریێن (دی سوسیێر 1985 : 106-107). ئەم پەیوەندیا نەش دەب نە دوو جۆر: پەیوەندی ئاسۆیی (سینتاگماتیکی) و پەیوەندی ستوونی (پارادیاگ ماتیکی) (هەمان سەرچاوە: 142- 146).

لیۆ ناردۆ بلۆمفیلد بە دا نانی کتیێ بی (ز مان)[1] لە ساڵی 1933ز دا ریێبازیێکی نویێ بۆ وەسفکردنی زمان داهیێ نا کە بە زما نەوانی وە سفی[2] یاخود هە ندیێجار بە رۆناز کاری ناو دەبر یێت کە تیێ یدا هەوڵ دەدات کارڕایی یەکلاکەرەوەی وا دابنیێت کە بۆ وەسفی هەموو زمانەکان دەست بدات .

بەلای بلۆمفیلدەوە ئەرکی زمانەوان کۆکردنەوەی دیێتاکانی زما نە لە زاری قسەپیێکەرانی و پاشان شیکردنەوەیان لەژیێر رۆشنایی قالبی فۆنەتیکی و سینتاکسی زمانەکە . کە ئەم شیێوازەی شیکردنەوە بە شیکردنەوەی بنجی[3] نا سرا کە بریتییە لە دابەشکردنی رستە بۆ یەکەی ورد تر تا ئەو رادە یەی کە یە کەی وا دەست دەکەویێت کە نە واتای هەبیێت و نە ئەرکی ریێز مانی . ئیێ جا بەهۆی پەیوەندی جیێگرییەوە پۆلە ریێزمانییەکەی ئەو یەکانە دەستنیشان دەکریێن ، بەوەی کە لە چوارچیێوەیەکی دیاریکراودا جیێگۆڕکیێیان پیێ دەکەن ,ئەگەر ئەو جیێگۆڕکیێیە نەبیێتە هۆی گۆڕانیێکی ب نەرەتی لەو چوار چیێوەیەدا. ئەو یەکا نە لە یەك پۆلی ریێزمانی دادەنریێن لە بەر ئەوەی تایبەتی یە سینتاک سییەکانیان وەك یە کە . بەم شیێوەیە گرنگیەکی زۆر بە ئاستی سینتاکسی زمان درا و بە بڕبڕەی شیکردنەوەی

---

(1) Languge
(2) Discriptive Linguistics
(3) Imadeite Constituent Analysis

زمان دانرا (باتینی1993 : 97). زمانەوانی وەسفی توانی پەردە لەسەر هە ندێ لایەنی رۆنان(ستراکچەر )ی زمان لا بدات[1] ، بەڵام دوو لایەنی گرنگی ز مانی پشتگوێ خست، یەکەمیان لایەنی سیمانتیکی یاخود واتا ؛ چونکە لە لایە کەوە لەو باوەرەدا بوون کە شیکردنەوەی واتای رۆنا نە زمانی یەکان، بە هەمان رێگەی وەسفی زۆر قورسە و لەلایەکی تریشەوە وا بۆ دە چوون کە وا تا بۆ لێکدا نەوەی رۆنانی سینتاک سی گو نجاو نی یە . دووەم یان: باوبوونی ئەو بیرە هەڵە یە کە دەبێ گۆت وە سف بە تەنیا بە سە بۆ گەیشتن بە یاسـاکانی ز مان . (Finch,2000:9)

بەم پێیە چۆمسکی لە سفرەوە دەستی پێ نەکرد و ئەو میرا تەی کە لە پێشینەکان بۆی بەجێ مابوو وەك ئاراستە فەلسەفییەکەی سەدەی 17 و 18 ، هەندێ بۆچوونی ئاراستەی تەقلیدی و کارە کانی فەیلە سووف و زمانەوا نەکانی ئەورۆپی بەتایبەتی دیکارت , همبۆلت و هیۆم هەروەها دەستکەوتە زانستییەکانی ناوەراستی سەدەی بیستەم و .. تاد لە چوارچێوە و مۆدیلێکی تازە بۆ جێ بەجێ کردنی ئامانجەکەی بەکار هێنا (چۆمسکی 2005: 48) .

بە باوەری چۆمسکی مەسەلە و ئامانجی سەرەکی تیۆری ز مانی لەوەدا یە کە منالێ چۆن زانیاری زمانی وەردەگرێت و فێری دەبێت . ئەمە کرۆکی رێز مانی بەرهەمهێنانە(Chomsky, 1973 :12). کاتێ لەم پرسە ورد دەبینەوە ، دەبینین دوو پرسیاریتر دەورووژێنێت: یە کەمیان: زانیاری ز مان[2] چیە ؟ دووەم یان: گرامەر چۆنە و دەبێ چی بکات؟

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بروانە رۆبینز (1370: 437- 443) .

(2) Knowledge of Language

مەبەست لە زانیاری زمانی ئەو زانیارییە دیارونا سیاوە نییە کە لە قوتابخانە و دیراسە کلاسیکییەکان باس دەکرێت ، بەڵکو مەبەست ئەو زانیارییە شاراوە و نادیارەیە کە دەمانکاتە قسەکەری زمانێکی تایبەت . ئەو زانیارییە کە بۆ جیاکردنەوەی رستەی رێزمانی و نارێزمانی بەکار دێت (Cowper,1992:1).

بەم شێوەیە ئەرکی زمانەوان وەسفکردنی قسەی خەڵک نییە بەڵکو دەستنیشانکردنی ئەو زانیارییەیە کە رێگایان دەداتێ قسە بکەن یا خود رەفتارە زمانییە کەیان بنوێنن . ئەم زانیارییە بە توانای[1] زمانی قسەکەران ناوزەد دەکرێت و رفتارە بینراوەکەی قسەکەران بە چالاکی[2]زمان ناو دەبرێت(Ibid:2).

گرامەر بەپێی بۆچوونی چۆمسکی دەبێ لە شیکردنەوەکەیدا وەسفێکی روون و ئاشکرا بۆ هەموو رستە رێزمانییەکانی زمان دابین بکات . بەواتایەکی تر هەر رستەیەکی رێزمانی دەبێ هەموو مەرجە رێزمانییەکان جێبەجێ بکات و هەر رستەیەکی نارێزمانیش دەبێ هەندێ مەرجی رێزمانی ببەزێنێت، لەمەدا رێزمانی بەرهەمهێنان لە رێزمانی کۆن و رۆنانکاری جیا دەبێتەوە (Ibid:3).

بەشێوەیەکی گشتی زانیاری زمان هەمان توانایە و هەموو مرۆڤەکان لە خاوەنیەتی ئەم سیمایەدا هاوبەشن، بۆیە هەموو مرۆڤە (ئاسایی )ەکان لە توانای فێربوونی زماندا یەکسانن کە لە قۆناغە سەرەتاییەکەیدا بە مەوهیبەی بایۆلۆجی زمان[3] دەناسرێت و لە زمانەوانی دا بە توانا گوزارشتی لێ دەکرێت(Ibid:5).

بەم پێیە ئامانجی سەرەکی چۆمسکی دیاریکردنی ئەو یاسا گشتییانەیە کە لە هەموو زمانەکاندا هاوبەشن و قسەکەری هەر زمانێك بەپێی رێزمانی تایبەت بە خۆی بۆ دارشتنی رستە سوودی لێ وەردەگرێ . ئەمەش بوو بە خاڵی دەسپێکی

---

(1) Linguistic Competence

(2) Linguistic Performance

(3) Biological endownment for language

ڕێبازیکی پڕ لق و پۆپ و تا ڕادەیەك بێکۆتایی کە تا ئەم ساتە کە پ ێنج دە یە بەسەری تێپەڕ دەبێت ، هێ شتا نەیتوانیوە بۆ چوون و وەڵامێ کی یەکلا کەرەوە و پە سند لەلا یەن زۆری نەی زما مەوانان بەدە ستەوە بدات . وا لە خوارەوە ئەو قۆناغانەی کە ڕێزمانەکەی پێدا تێپەڕیوە دیاری دەکەین .

## 2 .2. قۆناغەکانی گەشەی ڕێزمانی گوێزانەوە:

### 2. 2. 1. ڕێزمانی بەرهەمهێنان[1]:

بە لە دایک بوونی کتێ بی" پێک هاتی سینتاک سی[2]" لە ساڵی 1957ز ، مژدەی کرد نەوەی دەروازە یەکی نوێ بۆ لێکۆڵی نەوە زمانی یەکان درا . بە بۆچوونی چۆمسکی زمان کۆمەڵەی ئەو هەموو ڕستانەیە کە سینتاکسی زمانێکی تایبەت بەرهەمی دێنێت (لاینز 2001 :60 ). چۆمسکی لەم کتێ بەی دا لە ڕێگەی پێشکەشکردن و پاشان تێکەڵکێش کرد نی سێ ( مۆدەل ) بۆ وە سف و شیکردنەوەی زمان ،چەندین بیری تازە بوژاند نەوە کە وا یە کە یە کە با سی دەکەین .

یە کەم مۆدەل : سینتاک سی هەڵ بژاردنی سنووردار : سادەترین سی ستەمی سینتاکسییە کە لە ڕێگەی یاســا دووبارە کردنــەوەییەکان توانای بەرهەمهێنانی ژمارە یەکی بێ سنوور لە ڕ ستەی هە یە لە ژ مارە کەرەســـەیەکی کەم و سنــووردار. ئەم سیستەمە پشت بەو بۆچوونە دەبەستێ کە دەڵێ:"ڕ ستەکان بە هۆی زنجیرە هەڵبژاردنێك کە بەئاراستەی لە چەپەوە بۆ ڕا ست(بە نی سبەت ئینگلیزییەوە) بەرهەم د ێن وتێ یدا هەر کەرە سەیەك، کەرە سەی دوای خۆی

---

(1) Generative Grammar

(2) Syntactic Structures

لەزنجیرەکەدا هەلدە بژێرێت" ( هەمان سەر چاوە: 64 ). ئەم نموونە یە تەنیا دەتوانی ژمارەیەکی زۆر کەم رستە بەرهەم بێنێت .

دووەم مۆدەل: سینتاکسی رۆنانی گرێ : لە یە کەم بە هێز ترە و لە را ستیدا هەمان شیکردنەوەی بلۆمفیلدیەکانە بۆ رستە کە بە دابەشکردنی بنجی یا خود شیکردنەوە بۆ پێکهێنەرە راستەوخۆکان[1] نا سرا بوو ( عز یز1987 : 11 ).

ئەوەی کە لێرە چۆم سکی خ ستۆتە سەری بیری دا نانی کەوانی بیر کاری و لوجێکی هێمایی یە (لاینز2001: 73،72 ) . بە واتا یەکی تر، بە شداری چۆم سکی لەم مۆدە لەدا بریتی یە لە روونکرد نەوەی چۆنیەتی خستنە سەری سیمای بابەتیا نە بەهۆی سی ستەمێك لە رێ سا بەرهەمهێ نەرەکان و پا شان دیاریکردنی هەبوونی هەندێ هەڵسەنگاندنی تایبەت لە سینتاکسی رۆنانی گرێ سەرەرای کاریگەرتر و پە سندتربوونی لە وە سفی زما نە سرو شتیەکان تا وەك سینتاکسی هەڵبژاردنی سنووردار(هەمان سەرچاوە: 45).

سێیەم مۆدەل : سینتاک سی گوێزا نەوە : لە دووەم بەهێزترە . هەنگاوە شۆرەشگێرییەکەی چۆمسکی لەم مۆدەلەدا، پشتبەستنی بە بیردۆزی بیر کاری بوو (هەمان سەرچاوە: 83) . لێرەدا یا ساکانی رۆ نانی گرێ ئا ستی ژ ێرەوەی رستە پێك دێنن کە دەشێ بەهۆی یا ساکانی گوێزا نەوە چەندین ر ستەیتر لێ بەر هەم بهێ نرێ وەك ر ستەی بکەر ناد یار، پر سیار، نەرێ و .. تاد . لە کوتاییدا هە ندێ یا سای مۆرفۆ فۆنیمیکی ز نجیرە و شە و مۆرفیمەکان دەکە نە زنجیرە یەکەیەکی فۆنەتیکی (هەمان سەچاوە :99 ) .

بەم پێیە چۆمسکی بە تێکەڵکێ شکردنی ئەم سێ مۆدە لە توانی هە ندێ جۆری رستەی سادە وە سف بکات بەڵام لە گەڵ ئەوە شدا زۆر لا یەنی تری

---

(1) Componential analysis

پێویست بە دیراسە مانەوە کە قۆناغەکانی تری خولقاند لەبەر کەموکورتیەکانی ئەم نموونانە، لەوانە:

أ. گرنگی نەدان بە لایەنی واتا .

ب. گرنگی نەدان و پشتگوێ خستنی لێ لێی سینتاکسی و لێ لێی فەرهەنگی.

ت. پراکتیزەکردنی بە شێوەیەکی یەکسان و بێ جیاوازی لە سەر هەموو رستەکان . بۆ نموونە هەندێ رستە بکەرنادیاری لێ دروست ناکرێ.

پ. پشتگوێ خستنی رۆلی پێکهێنەری سینتاکسی لە بەر هەمهێنانی رستەکاندا .

دەتوانین سێ مۆدەلەکەی چۆمسکی لەم وێنەیەی خوارەوەدا پێشان بدەین .



وێنەی ژمارە (1)

### 2. 2. 2.ڕێزمانی گوێزانەوە:

لە ساڵی 1965ز چۆمسکی لە چوار چێوەی کتێ بی" هە ندێ لا یەنی تـ یۆری سینتاک سی[1]" هەوڵی دا ئاور لەو لایەنا نە بدا تەوە کە لە نموو نەی یەکەمـ یدا پـ شتگوێ خرا بوون بەتایـ بەتی لا یەنی وا تایی ر ستە و چۆنیەتی پەیوەندییەکەی بە سینتاکسەوە . بۆ پێ کانی ئەم ئاما نجە گۆڕانێکی بـ نەڕەتی بەسەر ڕۆنانی تیۆرەکەی دا هێـ نا کەوا لە خوارەوە بە دە ستکارییەوە پێ شان دراوە(Cowper,1992:6).

(1) Aspects of the Theory of syntax




1

(1) Base
(2) phrase Structure Rules
(3) Lexical Insertion Rules
(4) Deep Structure
(5) Semantic Component
(6) Projection Rules
(7) Semantic Representation
(8)Transformational Component
(9) Transformational Rules
(10) Surface Structure
(11)Phonological Representation

وێنەی ژمارە (2) ؛(Ibid:6)؛ بە دەستکارییەوە.

چۆم سکی لەم ت یۆرەدا وا بۆ چووە کە ر ستەی نموو نەیی دە بێ سێ پێکهێنەری هەبێ: پێکهێنەری سینتاکسی، پێکهێنەری فۆنۆلۆجی و پێکهێ نەری واتایی. پێکهێنەری سینتاکسی دابەش دەبێ تە سەر دوو لقی سەرەکی : بنج و یاساکانی گوێزانەوە، بنج لە کۆمەڵە یا سایەکی پێکهێ نانی گرێ و فەر هەنگێکی و شەیی پ ێك د ێت . بەهۆێ یا ساکانی گرێ پێکهێ نان و هێڵ کاری دارئا ساوە پەیوەندییە ڕێزمانییەکان دەستنیشان دەکرێن .پا شان و شەی فەر هەنگی گو نجاو بەپێ ـی یا ساکانی دا نانی وشـ ـە لە گرێ کۆتاي یەکانی هێڵکارییە کە دادەنرێن(Thomas&Kintaen,1974:75).

بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا یاساکانی پێکهێنانی گرێ ئەمانەن .

1. رستە ⟵ گرێی ناوی + گرێی کاری

2. گرێی ناوی ⟵ (دیارخەر )+ ناو + نیشانەی خستنە سەر+ (نیشانەی نفش )+ دیارخراو

3. گرێی کار ⟵ (گرێی ناوی) + کار

4 . گرێی بەند ⟵ ئامراز + گرێی ناوی

هێڵکاری دار ئاسای ئەم یاسایانە بەم شێوەی خوارەوەیە .



ئام ناو ن.د

ج.ل.ر.که

بۆ رستەیەکی وەك : 1. ئەو کچا جوان بلەز چوو.

وشەکان لە فەرهەنگەوە هەڵدەبژێرین و لە گرێ کۆتاییەکان دادەنرێن.

ئەو کچا جوان بلەز چوو .




ئینجا ئاستی ژێرەوەی رستە ئامادەیە، تا یا ساکانی گوێزا نەوە و یا سا لێکەوتنیەکان بتوانن ئەرکیان ئەنجام بدەن .

چۆمسکی بۆ خزاندنی وا تا بە ناو پێکهاتی پێکهێنەری سینتاکسی کۆمەڵی هێمای هۆشەکی (صوری ) تایبەت لە ژێر چەمکی یا ساکانی پۆلێنکردن

بەکار هێنا،کە تێیدا پۆلە فەرهەنگییەکان دەکرێنە کۆمەڵی هێمای ئاوێتە[1] و بە هۆی دەستنیشانکردنی دوو جۆر چوارچێوە پێشان دەدەرێن:

أ. چوارچێوەی کراوە[2] : بەندە بە پۆلێنکردنی ناو وەك: زیندو تایبەتی.

ب.چوارچێوەی داخراو[1]: بەندە بە پۆلێنکردنی کار وەك: (کار ـــــ ، زیندوو) (باقر 1985 : 108-110 و117-124) .

پێکهێنەری وا تایی کە ئەرکی لێکدا نەوەی وا تا جیاوازە کانی و شە فەرهەنگییەکا نە لە رێگەی یا سا لێکەوتنی یەکان لێکدانەوە یەکی گو نجاو بۆ ر ستەکە دا بین دە کات کە بەخوێ ندنی سیمانتیکی ناو دەبر ێت (Thomas&Kintaen,1974: 77).لە بەر ئەوەی کە یا ساکانی لێکەو تە لە ئاستی ژێرەوە کاردەکەن واتای رستە لە ئاستی ژ ێرەوە بەدە ست د ێت ، وا تە یا ساکانی گـوێزانـ ـەوە ناتوانن گۆڕانکـ ـاری لە وا تای ر ستە بکـ ـەن (میرعمادی 1376 : 22). یاساکانی گوێزانەوە کە ئەرکیان تەنیا گواستنەوەی پێکهاتێك بۆ پێکهاتێکی ترە ، چەندین یاسا دەگرنە خۆ یان کە ئە گەر ب یاڤ و مەرجی گونجاو بەرهەڤ بێت ,ئەنجام دەدرێن. هەبوونی ئەم مەرجا نە پێوی ستە و نەبوونی دەبێتە ئەگەری جێبەجێ نەبوونی یاساکە ( هەمان سە چاوە: 19). ئەم یاسایانە بە شێوەی بازنەیی کار دەکەن کە سەرەتا لە خوارووترین گرێ دەست پێ دەکات و بەرەو گرێیەکانی سەرووتر دێت تا دەگاتە ئاستی رسـتـەی سەرەکی. بەر هەمهاتووی بە شی گوێزا نەوە ئا ستی سەرەوەی ر ستەیە ( Cowper,1992:11). بۆ نموونە لە رستەی سەرەوە ، دەبێ بکەر و کار لە رووی کەس و ژ مارە لە گەڵ یە کدا ر ێك ب کەون . هەروەها دە بێ یا سای

---

(1) Complex Symbols

(2) Context Free

(1) Context Sensitive

گواستنەوەی پاشگری دەمی بۆ شوێنی درو ستی خۆی رە چاو بکرێ کە بەم شێوەیە:

ئەو کچا جوان بلەز چوو .




یاسا گوێزانەییەکان لەم نموونەیەدا جیاوازیەکی ئەوتویان لە گەل یا سا گوێزانەییەکانی نموونەی یەکەمدا نیە ،تەنیا ئەوە نەبێ کە جیاوازی نیوان یا سا تاك[1] و گەشتگیرەکان[2] لا دراوە و بەدوا یە کدا هاتنەوەی بێکۆ تایی ر ستەکان بۆیتە یەك لە ئەر کەکانی یا ساکانی پێکهێنانی گرێ( باقر1985: 12و13)،

(1) یاسا (تاك)ەكان: ئەو یاسا گوێزانەییانەن كە لەسەر تاكە زنجیرەیەك كار دەكەن(باقر1985: 12).

(2) یاسا( گشتگیر)ەكان : ئەو یاسا گوێزانەییانەن كە لەسەر دوو زنجیرە كار دەكەن بۆخستنە ناویەك و بەیەكتر بەستنیان(هەمان سەرچاوە: 13)

نەك یاسا گوێزانەییەکان . هەروەها جیاوازی نیوان یاسا گوێزانەی یە بەخورتی و بەئارەزوویی لا براوە ، هەموو گوێزانەوەکان بەخورتین ئەگەر رۆنانی زنجیرەکە و رونانی یا سا گوێزانەییە کە یەك بگر نەوە ( هەمان سەر چاوە: 13)، یاخود بە واتایەکی تر مەبەست لە بەخورتی ئەوەیە کە دەبێ لە سەر هەموو ئەو رۆنا نە لێکچووانەی کە دەکەونە ژێر یا سا گوێزانەی یەکی تای بەت وەك یەك پەیرەوەی بکرێت (الخولی 1977 : 203 ) .بەم پێیە هەر دوو پێکهێ نەری فۆنۆ لۆجی و وا تایی تەنیا ئەرکیان لێکدا نەوە دە بێ و هەر یەکێکیان ئەو زانیاری یەی کە پێکهێنەری سینتاکسی دەیان داتێ بەکار دێنن .ئەم کۆمە ڵە زانیاری یەش بریتی یە لە سیما تایبەتییەکانی کەرەسەکان و چۆنیەتی پەیوەندی نێوانیان لە ر ستەیەکی دیاریکراودا ، بۆیە دەبێ پێکهێنەری سینتاکسی بۆ هەر رستەیەك لە دوو ئا ستدا بێت: ئاستی ژێرەوە بۆ لێکدانەوەی واتای رستە و ئاستی سەرەوە بۆ د یارکردنی چۆنیەتی گۆکردنی رستەکە . یەکەمیان لە رێگەی پێکهێنەری واتایی دەنوێنر ێت و دوومیان لە رێگەی پێکهێنەری فۆنۆلۆجییەوە (باقر1985 : 39 ).

ئەم نموونەیەی چۆم سکی کە پا شان بە ت یۆری ستاندەرد ناو بانگی دەر کرد ، بە شێوەیەکی باوەر نەکراو گۆڕە پانی لێکۆڵی نەوە زمانەوانی یەکانی خ ستە ژ ێر رکێ فی خۆی . زۆر هەوڵ تەرخان کرا بۆ ز یاتر پەرەپ ێدان و چارە سەرکردنی کەموکورت یەکانی بە تای بەتی لە بارەی چۆنیەتی بەدەستهاتنەوەی واتای رستە بەوەی کە نابێ تەنیا بەند بێ بە ئاستی ژێرەوەی رستەوە یاخود دۆزینەوەی جێگرەوەیەکی گو نجاو بۆی . بەم شێوەیە کۆمە ڵە تیۆری و رێبازی جۆراوجۆر کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پێی کاریگەر بوون، هاتنـــــە ئ ـــاراوە وەك لـــ ــەم هێڵ کـاریەی خـ ـــوارەوەدا پێ شان دراوە .(Kathol, 2003:130)

وێنەی ژمارە(3)




(1) Generative Semantics : Lakoff (1971), Jackendoff (1972)
(2) Extended Standard Model
(3) Relational Grammar : Pelmutter and Postal (1977)
(4) Cognitive Semantics Lakoff (1987)
(5) Revised Extended Standard Model Chomsky (1975)
(6) Categorial grammar Adjukiewicz (1935) , Montague (1974)
(7) Prinsiples- and – Parametes Theory
(8) Government – Binding Theory
(9) Lexical – Functional Grammar : Bresnan (1978, 1982, 2000)
(10) Generalized Phrase Structure Grammar Gazdar, Klein, Pullum, and Sag (1985)
(11) Minimalist Program Chomsky (1995)
(12) Head - Driven Phrase Structure Grammar : Pollard and Sag (1987, 1994)

بەرنامەی کەمینە[11]

ڕێزمانی ڕۆنانی

سەرەی گرێ[12]

ئێمە چونکە لێرە مەبەستمان تیۆری دە سەڵات و بە ستنەوەیە بۆ یە تەنیا بە شی ناوەند لە هێلکارییەکەدا وەردەگرین.

## 2. 2. 3. تیۆری ستاندەردی فراوانکراو:

هەوڵێك بوو بۆ لێکدانەوە و چارە سەری ئەو کێما سیانەی کە تیۆری ستاندەرد و گریمانەی کاتز- پۆ ستال هەیبوو ؛ بەتایبەتی ئەو گۆڕانکاریيە واتاییانەی کە لە ئەنجامی کارکردنی یا ساکانی گوێزانەوە و فۆنیمە ناکەرتییەکانی وەك ئاوازە و سترێس روو دەدان . بەواتایەکی تر ئەم نموونە یە هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی پەیوەندی نێوان سیمانتیك و سینتاکس لە تیۆری ستاندەرد، وەك لەم هێڵکاری یەی خوارەوەدا کە لە جاك ندۆف (1972) وەرگیراوە پێشان دەدرێت (Cowper,1992:10) .




وێنەی ژمارە(4)

وه كو جاك ندۆف(1972) با سی ده كات نوا ندنی وا تایی ر سته پێكهاتێكی تاقانەی یەك خا نەیی نی یه ؛ بەڵكو له چەندین چینی ج یاواز پێكهاتووه كه هەر كا مەیان هەڵگری هه ندێ وا تای تای بەت و خاوەن شوێن

کاریگەری تایبەت بە خۆن لە پێکهاتەی دارێژراوی سینتاکسی لە ئاستی ژێرەوەدا کە واتای ئەرکی لێی هەڵدەهێنجرێ . ئەم واتایە هەڵگری ناوە نابەرجەستەییەکان و دەربڕینە واتا ئەرکییەکانی وەك: کێ ، چی ، بۆ ، کێ و ئەسپێکتەکانی واتای رستەیە(Ibid:11)؛ بۆ نموونە لە رستەکانی :

2. أ. هەر قوتابییەکێ دوو کتێب خواندن. (هەر قوتابییەك دوو کتێبی خوێند.)

ب. دوو کتێب ژ لایێ هەر قوتابییەکێ ڤە هاتنە خواندن.

(دوو کتێب لە لایەن هەر قوتابییەکەوە خوێندرا.)

واتای (قوتابی ، دوو، کتێب ، خواندن) یەکە و ناگۆڕدرێت . قوتابی ئەو کەسەیە کە کتێبەکان دەخوێنێت و (کتێب)یش ئەو شتەیە کە دەبێ بخوێندرێت . بەم شێوەیە لە بەشی واتای ئەرکی هەموو ئارگیومێنتەکانی پۆلی کار ، دەربڕینەکان واتای ئەرکی خۆیان هەیە .

بەشی دووەم و سێیەمی نواندنی واتایی لە گوێزانەوە بازنەییەکانی یەك لە دوای یەك بە دەست دێت , بازنە کۆتاییەکان بەشێکن لە پێکهێنەری سینتاکسی . ئەو کاتەی کە هەموو گوێزانەییە بازنەییەکان جێبەجێ کران ، دەرئەنجامی ئاخرین بازنە هەموو بەندەکانی ژێر لقی لە خۆ دەگرێت . لێرە رێژە ( مۆد) رۆل دەبینێت و مەودای کارکردنی هەندێ کەرەسە وەك نەرێکردن، وشــەکانی رادە و زۆر کەرەسەی‌تر کە بۆ گریمانەی کاتز ــ پۆستال ئاریشە بوون دەستنیشان دەکرێن . لە راستیدا ئەم لایەنەی واتا کار لە ئاخرین بازنەی گوێزانەوە دەکات و هیچ لێڵیەك بەجێ ناهێڵێت. خشتەی کەرەسە هاوپێرستییەکانیش دەستنیشانی ئەوە دەکات کە کام جووتە ناو بۆ یەك نیشانکراو دەگەڕێنەوە و کامەیان بۆ دوو نیشانکراو، خشتەی

هاونيشانەييەكانيش وەك ريژە لە سەر بنەماى باز نە يەك لە دوا يە كەكان بنيات نراون(Ibid:11)؛ وەك لەم نموونانەدا:

3. أ– ئەویَ خۆ د قوديكیَ را ديت .

ب– ئەویَ ئەو د قوديكیَ را ديت.

لە 3.أ دا "ئەو " و "خۆ " ئاماژە بۆ هەمان كەس دەكەن كەچى لە 3.ب دا ئاماژە بۆ دوو كەسى جياواز دەكەن بۆ ئەوەى رستەكە ريَزمانى بیَ .

بەشى كۆتايى نواندنى واتايى لەسەر بنەماى ئاستى سەرەوەى پيَكهاتى سينتاكسى بنيات نراوە كە داكوكى كردن و پيَشبينييەكان لە خۆ دەگريَت . زانيارييەكانى گويَگر سەبارەت با بەتى با سكراو و ئا گاداربوونى قسەكەر لە رادەى زانيارييەكانى گويَگر و رادەى پشترا ستبوونى لەو زانياريا نە دە شیَ كاريگەر بیَ لەسەر جۆرى رستە و دەربرينە كە . شويَنى هيَز لە رستەدا ، ئاوازەى رستە و لە هەندیَ جيَگا دوو بارەكردنى فۆنيميَك يا دريَژكردنەوەى لەوانەيە كار لە واتاى رستە بكات . قسەكەر بەپيَى ئەو چاوەروانييەى كە لە گويَگر هەيەتى رستەكان دەرازيَنيَت و زۆر لە جيَى خۆى دا يە ئە گەر وا بير بكەين كە هۆى هەبوونى گويَزانەوەكان و ئەركيان لە هيَنانەدى رستەى هاوواتا بەلاَم جياواز لە روالەتدا هەر ئەمە بوويە واتە جۆرى ئەو زانيارييە هاو بەشەى كە لە نيَوانيا ندا هە يە (ميرعمادى1376 : 27) ؛ رستەكانى خوارەوە نموونەيەكى ئەم دياردەن .

4. ***من*** نەگوتييە كو ئازاد دیَ هيَت . (يەكيَكى تر وتوويەتى نەك من.)

5. من ***نەگوتييە*** كو ئازاد دیَ هيَت . (ئەم قسەيەم نەوتووە.)

6. من نەگوتييە كو ***ئازاد*** دیَ هيَت . (لەوانەيە رزگار بيَت.)

7. من نەگوتييە كو ئازاد ***دیَ هيَت*** . ( لەوانەيە ئازاد نەهيَت.)

بەم شیوەیە گەیشتینە ئەو ئامانجە کە پێکهێ نەری وا تایی دە شێ لە ئا ستی سەرەوە شدا ب نوێنرێ هەروەك چۆن لە ئا ستی ژ ێرەوەدا دەنوێنرێ(لوشن1994 : 119). گرنگ ئەوە نییە کە چ جۆرە واتایەك لە چ چینێکی سینتاکسی دێت ، بەڵکو گرنگ ئەو بیرەیە کە چینە جیاوازە کانی سینتاکس هەڵگـــــ ــری هە ندێ زانی یارییین کە بە نـدن بە وا تاوە(Cowper,1992:13). ئە مە یە کەم گۆڕان کاری گەورە بوو . گۆڕانکاریی یە گەورە کەیتر دا کوکی کردن لە سەربەخۆیی پێکهێ نەری سینتاکسی بوو کە ئەمەش لە راستیدا هەمان بیری رۆنانکارە کلا سیکەکانی ئە مەریکا سەبارەت بە ئا ستەکانی ز مان بوو. لەلا یەکی ترەوە زۆر لە گویزانەوەکان کاتێ جێبەجێ دەبن کە لە نێوان هەردوو کەرەسەی جێگۆڕکێ پێکراو جۆرە پەیوەندیەکی تایبەت هەبێ، بۆ نموونە کاتێ یەک سانبوونی دوو گر ێی ناوی لە ر ستەیەکی سادەدا، جێ بەجێ کرد نی گوێزا نەوەی " بۆ گەڕانەوە" خۆی فەرز دەکا ؛ پەیوە ندی ن ێوان ئەم دوو گرێ یە دە بێ چۆن دەربېڕێت . (جاکندۆف) لەو باوەرەدا بوو کە ئەم پەیوەندیـ یە جۆرێ لە بەرچاوگرتنی واتایە ؛ بۆیە دە بێ مەر جەکانی جێ بەجێ کرد نی یا سایەکی سینتاکسی لە ئا ستی ژ ێرەوەدا هەبێ. لەوە بترازێ چۆن دە توانین وا بیر بکەینەوە کە لە شوێنێکی بەتاڵ ، کەرەسەیەك هەبووبێ کە بەهۆی یەکسانی لا دراوە. بەم شێوەیە لەم قۆنا غەی گە شەی ت یۆری گوێزا نەوە شوێنی ( بەتاڵ)یش بووە خاوەن بەها (میرعە مادی1376 : 28). هاتنەکا یەی کەرەسەی بەتاڵ و بەهاکەی خاڵی سۆڕانەوەی تیۆری زمانەوانی بوو کە رێگا خۆشکەر بوو بۆ هاتنە کایەی شێوە گەنجەکەی تیۆری ستاندەرد کە هە ندێ

جار به شێوەیەکی نه شیاو به ناوی "تیۆری ستاندەردی فراوانکراوی هەموارکراو"دەناسێنرێت (Cowper1992: 13).

## 2 .2 .4. شێوە گەنجەکەی تیۆری ستاندەرد:

ناسینەوە و پەسند کردنی کەرەسە بەتاڵەکان وەك یەکەی سەربەخۆ لە نواندنی سینتاکسی دا ئاسانکارییەکی زۆری خستە ناو چۆنیەتی شیکردنەوە و لێکدانی نموونە ڕێزمانییەکان . هەروەها لە جیاتی ئەوەی کە هەر یەك لە چینە جیاوازەکانی سیننتاکسی واتایەك بە پێکهێنەری وا تایی بدات ؛ یەك ئاستی سینتاکسی بۆ ئەم مەبەستە دیاری کرا . ئەو گۆڕانکاریانە لە خوارەوە خراوەتەوە ڕوو(Ibid:14).

وێنەی ژمارە(5)                    پێکهێنەری سینتاکسی



یاساکانی واتایی فۆنۆلۆجی

نواندنی واتایی نواندنی فۆنەتیکی

وەك دیارە، نواندنی واتایی لەم نموونە یەدا وەك تـیۆری ستاندەرد لـه سەر یەك بەشی سینتاکسی بنیات نراوە بەو جیاوازییەی کە ئەو بەشە ئاستی سەرەوەی سینتاکسە نەك ئا ستی ژ یرەوە(Ibid : 14). یا ساکانی دەر برِین ، یاساکانی واتایی ، فۆرمی لۆجیکی و نواندنی واتایی هەموو لـه سەر بـنەمای ئاستی سەرەوە بە دە ست د ێن کە خۆیـشی دەرە نجامی جێبەجیێ کرد نی گوێزانەوەکانە بەسەر ئاستی ژێرەوەدا .

ئاستی ژێرەووەی ئەم نموونەیە لـە ئا ستی ژ یرەوەی تـیۆری ستاندەرد جیاواز و هەڵگری چەمکی جیاوازیشە . لێرە هەر کەرەسەیەکی زمانی بە پێی پێکهاتەکەی شوێنێکی هەیە . دۆخی گرێی ناوی و ئەرکەکانی روون و دیارە. ئاستی سەرەوە لە باری نابەرجەستەدایە و هێشتا کـیانی بەرجە ستەی خۆی وەر نەگرتووە ،جێگەی هەر یەك لـە کەرە سەی فەر هەنگی و رێز مانی و کەرەسەی بەتاڵ و شوێن پێی تێدا دیارە . ئەم بارە زۆر جـیاوازە لەوەی بە ناوی نواندنی فۆنۆلۆجی دێت . لەلا یەکی ترەوە تەتابوقی ئا ستی ژ یرەوە و ئاستی سەرەوە بە جۆرێکە دەشێ ئاستی ژێرەوە دووبارە لە ئاستی سەرەوە بە دەست بهێنرێت .

بەم شێوەیە دەربڕینی واتایی لە سەر بنەمای ئاستی سەرەوە ئاسانترە تا لە تیۆری ستاندەرد(میرعمادی1376 : 30). یا ساکانی پێکهێنانی ( گریێ)ش بە هۆی تیۆری س′ لە چوارچێوە دراون بە پێچەوانەی تیۆری ستاندەرد کە تێیدا هیچ سنوور و چوار چێوەیەك بۆ کەرە سە پێکهێنەرەکانی گریێ دا نەنرا بوو . هەروەها گوێزانەوەکان لە یەکەمیاندا تا رادەیەك لە ژمارەیەکی زۆر یاسای تایبەت پێکهات بوون وەك بکەر ناد یاری ، پرس، گریێی بە ندی خۆیەتی ، دۆخی بەرکاری ، جێگیرکردنەوەی بکەر و بەرکار و جێگۆرکێ بکەر و کار .. تد . بەڵام لێرەدا پێکهێنەری گوێزانەوە تەنیا ژمارەیەکی کەم لە گوێزانەوە گشتییەکانی وەك جوولانی گریێی ناوی و جوولانی گریێی پرس لە خۆدەگرێت(Cowper,1992:15). هەروەها ئەم نموونەیە خاون چەند مەرجێکی نواندنی باشە کە تیۆری ستاندەرد نەیبوو. تیۆری ستاندەرد تەنیا مەرجەکانی کۆنترۆلکردنی چۆنیەتی جێبەجێ کردنی یا ساکانی هەیبوو؛ نەك خودی مەرجەکانی نواندن(Ibid:15).

لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکاری و ڕوو لە نواندن کردن لە جیاتی یاساکان، ئەم تیۆرەش وەك تیۆرەکانی تر لە زۆر کەموکورتی بێبەش نەبوو. یەکێ لەو گرفتانە ئەوەیە کە هەندێ جار هەندێ کەرەسە کە شوێنپێی نیە و یا خود هەر لە ئاستی ژێرەوەدا نیە، لە قۆناغ و بازنە جیاوازەکانی جێبەجێ کردنی گوێزانەوەکان دەردەکەون، پاشگرەکان یا زیاد دەکرێن یاخود لا دەبرێن، گریێ ناوییەکان دەبنە گریێی بەند یاخود هەندێ گوێزانەوە بە مەرجی تایبەت جێبەجێ دەکرێن و ئەم مەرجانە ناچار لە سەر ڕێزمان بار دەکرێن. ڕێکخستنی یاسا و ئەرکەکانیان بە شێوەی بازنەیی پێویستی بەوەیە کە یەکێ لە یاساکان دەبێ جێبەجێ بکرێ تا بیاقی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی یاسایتر ئامادە بێت. کەواتە ئەم ڕێزمانە

هەڵگری مەرجی زۆر و قورسە . ئەگەر ئامانجی کۆتایی ڕوونکردنەوەی چۆنیەتی فێربوونی زمانی یەکەم لەلایەن منداڵەوە بێت ؛ ئەوا فراوانی وقورسێتی ئەم ڕێزمانە لەگەڵ ئەو کاتەی منداڵ بۆ فێربوونی زمان دەمەزێخێت ، ناگونجێت(میر عیمادي 1376 :30) . لە لایەکی ترەوە چۆن مەرجی جێبەجێ کردنی گوێزانەوەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، سیستەمی وشەیی هەر زمانێکیش هەندێ کەرەسەی تایبەت بەخۆی دەخاتە سەری یاخود لای دەبات.

بەم پێیە دەبێ لە دوو خشتەی جیاواز دا یا ساکانی تایبەت بە زمانەکان بنووسرێن، ئەمەش لەگەڵ بنەرەتی یەکبوونی یاساکان و گوێزانەوەکان کە ئامانجی ڕێزمانی گشتییە یەك ناگرێتەوە(هەمان سەرچاوە: 30).

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە هەوڵێکی تر هاتەکایەوە کە بە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە ناسرا.

## 2 .2. 5. تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە:

پەسن وچۆنیەتی پێکهات و کارکردنی، زیاتر خۆی لە هەر سێ کتێبی چۆمسکی لە ساڵانی(1981, 1986a ,1986b) دەنوێنێت. هەرچەندە خودی چۆمسکی لە ساڵی (1991) پێی باشترە کە لە جیاتی ناوی "تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە" تیۆری "بنەما و بگۆڕەکان" بەکار بێت؛ چونکە ئەمەی دووەمیان گشتگیرترە و هەموو لێکۆڵینەوەکانی دەسەڵات و بەستنەوە و ئەوانەی کە لەگەشە کردندان یان ئەوانەی کە لە دایك دەبن وەك بەرنامەی کەمینە،هەموویان دەگرێتە خۆی. لەو کاتەوە ئیتر زیاتر تیۆری بنەما و بگۆڕەکان بەکار دێت (Cook & Newson,1997: 40)؛ بەڵام ئێمە بە مەبەستی جیاوازکردنی لە ڕێگاکانی تازەتر لە بەرنامەی کەمینە، هەر تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە بەکار دێنین. هەر دوو زاراوەی بنەما و بگۆڕ تێڕوانینە گشتییەکەی ئەم تیۆرە بۆ پێکهاتەی زمانی

مرۆڤ  روون دەکەنەوە کە بە لایەوە تا قە ریّز مانێکی جیهانی[1]  یا  خود گ شتی هەیە کە لە سەر چەند بنەمایەك بنیات نراوە کە لە ناو ئەم بنەمایانەدا  چەندین بگۆڕی جۆراوجۆر هەن لە ئەنجامی کارلێکی نێوانیان سیماکانی زمانێکی تای بەت دیاری دەکرێن( Chomsky,1981:6) بۆ نموونە لە هەموو زمانەکا ندا  گرێ  لە تاقە وشەیەکی سەرە و دیارخەر پێك د ێت ئە مە یەکێکە  لە بنەماکان ؛  بەڵام چۆنیەتی ریزبوونیان بگۆڕەکەیە کە لە زمانە جیاوازەکاندا بە دوو شێوە دێت  یان سەرە سەرەتایە  یان  سەرە کۆ تا . ئە مەش  لە خۆ یدا زۆر گۆڕانکاریتر دێنێ تە ئاراوە. بە شێوەیەکی گشتی چەندین سیما و تایبەتمەندی ئەم تیۆرە  لە تیۆری یە ریزمانییەکانی پێشووتر جیا دەکاتەوە:

یەکەمیان: هەبوونی چەندین ئاستی جیاوازی نواندن.

دووەمیان: هەبوونی سیمای هەموارکراوەیی کە بە هۆ یەوە وا  پێ  دە چێت  کە چەندین لقەتیۆری سەربەخۆی ناوخۆیی هەن کە لە ئەنجامی هاوبە شی و کارلێکی نێوانیان نواندن دادەرێژرێت.

سێیەمیان: دا کوکیکردن  لەو رۆ لە پارزێنەرا نەی  کە  سنووردارکەرەکان  بۆ جیاکرد نەوەی ر ستە مومکین ەکانی ز مانێکی سرۆ شتی لەنواند ندا دەی گ ێڕن. ئەمەش لە خۆیدا رەتکردنەوەی گرنگیدان بە رۆڵی ریّزمانی تایبەتی زمانەکانە. ئەم خاڵە چەندین ئەنجامی گرنگ سەبارەت بە تیۆری زمانەوانی و تیۆری فێر بوونی زمان بەدەستەوە دا (Clark,1990:4).

کاتێ دەڵێین کە ئەم تیۆرە چەندین ئا ستی جیاواز  بۆ نوا ندن دەستنیشان دەکات مەبەست ئەوەیە کە ریّزمان بۆ هەر زنجیرە کەرەسەیەکی باش رێکخراوی

---

(1) Universal Grammar

زمانێك، چەندین ئاستی نواندن دیاری دەكات كە بە لایەنی كەمەوە لەمانە پ ێك دێت :

أ. نواندنی ئاستی ناوەوە: كە هەمان ئاستی ژێرەوەی ریز مانی گوێزانەوە یە، كە یەكە لێكسیكیەكان تێیدا جێگیر دەكرێن.

ب. نوا ندنی ئا ستی دەرەوە: ئا ستی دەرەوە زۆر نابەرجە ستەترە لە ئا ستی سەرەوەی رێزمانی گوێزانەوە، فۆرمی فۆنەتیكی لە تیۆری دە سەلاَت و بە ستنەوە لەگەلَ ئاستی سەرەوەی رێزمانی گوێزانەوە یەك دەگرن.

پ. نواندنی شێوەی فۆنەتیكی: بەرامبەر بە ئاستی سەرەوەی رێزمانی گوێزا نەوە دەوە ستێت كە دەبێ تە كەرە سەی فۆنۆ لۆجی.

ت. نواندنی شێوەی لۆجیكی: لە ئا ستی دەرەوە بەدە ست د ێت وا تە ئا ستی دەرەوە دەبێتە كەرەسەی پرۆسەكانی لێكدا نەوەی سیمانتیكی ، بە پێ چەوانەی رێزماني گوێزانەوە، كە نوا ندنی سیمانتیكی ر ستە لە ئە ستوی ئا ستی ژ ێرەوە بوو(VanValinm,2001:193).

هێلَكارییە دابەشكراوەكان بە هۆی یاسا پێكهێ نەرە گ شتییەكان بە یە كەوە بەند دەكرێن. یاسای جوولانی سینتاكسی ئاسایی ئا ماژە بۆ جوو لەی ئالفا(α) دەكات (دەشێ یاسا پێكهێنەرەكەی هەندێ یا سای تای بەتی زمانێك هەلَبگرێت كەلەوانە یە بە لابرد نی هە ندێ كەرە سەی تای بەت ب سەپێنرێت) و جوو لەی شێوازی. دەسەلاَتی سنووردارەكان بە سەر هەموو ئا ستەكانی نواند ندا دەروات وكەرەسەكان پێرەویان دەكەن. چوارینە رێك خراوەی دار شتنی ر ستە دە شێ لە شێوەی دایگرامەك پێشان بدرێ.



ئاستی دەرەوە

جوولەی α فۆرمی لۆجیکی    گویزانەوە خۆجێییەکان

فۆرمی لۆجیکی    فۆرمی فۆنەتیکی

وێنەی ژمارە(6)

مەبە ست لە هەبوونی سیمای هەموارکراوەیی ئەوە یە کە ئەم تـ یۆرە ریزمانییە دابەش دەبێتە سەر چەند یەکە یەکی پێوا نەیی کە هەریە کەیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ لەوانی تر کار دە کات. چۆمـسکی ئەم یە کە پێوانەییا نەی دەستنیشان کردووە(Clark,1990:4-6).

1- تیۆری سین بار (س')[1].

2- تیۆري سیتا (θ)[2].

3- تیۆری دۆخ[3].

4- تیۆری بەستنەوە[4].

5- تیۆری بەندێتی[5].

6- تیۆري کۆنترۆل[6].

7- تیۆري دەسەلآت[7].

8- تیۆری کەرەسە بەتاڵەکان[8].

---

(1) X BAR Theory (X ')

(2) Theta (θ)Theory

(3) Case Theory

(4) Binding Theory

(5) Bounding Theory

(6) Control Theory

(7) Government Theory

دەشێ مەودای کارکردنی هەر یەك لەم لقەتیۆرییا نە لە زیاتر لە یەك ئاستی نواندندا بێت یا خود دەرکەوێت(Ibid:6).

لە بە شەکانی دا هاتووی نامە کە ئەو لقە تیۆرییا نە بە در یژی روون دەکرێنەوە کە بۆ لێکدانەوەی کەرەسە بەتاڵەکان پێویستن.

## 2. 2. 6. بەرنامەی کەمینە[1]:

لە ساڵی (1990)دا چۆمسکی جۆرێکی نویٚ لە خانەی بنەما وبگۆڕەکانی دارشت لەژێر ناوی بەرنامەی کەمینە (1992،1995،1998). بۆیە ناونرا کەمینە چونکە بۆ لێکدانەوەی رستە تەنیا دوو ئاستی نواندن دیاری دەکات: فۆرمی فۆنەتیکی و فۆرمی لۆجیکی و باوەری وایە کە تەنیا ئەم دوو ئاستە پێویستن . فۆرمی لۆجیکی بۆ ئەوەی بە هاوکاری چەمکی مەبەست لە سیستەمی مەعریفی، رستە لە رووی واتاییەوە لێك بداتەوە و فۆرمی فۆنەتیکی بۆ ئەوەی بە هۆی کۆئەندامی ئاخاوتن، قسەکردن بەرهەم بێنێت . وشە فەرهەنگییەکان لەگەڵ جێ بەجیٚ کردنی یاساکانی سینتاکسی لە شێوێنەکانیان دادەنرێن(VanValin,2001:203). واتە لەم بەرنامەیەدا ئاستی ناوەوە و دەرەوە و هەر شتێك کە بەهۆی ئەو دوو ئاستەوە شی دەکرا نامێنێت و بە هەڵە یەکی وەسفی دەژمێردرێت وەك بنەماکانی لێکەوتە، تیۆری بەستنەوە و تیۆری دۆخ و..تاد. هەروەها چۆمسکی هەوڵ دەدات پرۆسە کۆمپیوتەرییەکان بکاتە سیما هەرە دیارەکەی هەردوو ئاستی پێشوو و وای بۆ دەچیٚ کە هەندیٚ یەکەی وشەئاسا هەن کە دەبیٚ سیستەمی دەرەکی لێکیان بداتەوە، بۆ نموونە دوو یەکەی وەك ئازاد و درێژ، کە پاشان دەبیٚ لە دەربرینێکی گەورەتردا رێك بخرێن وەك :

(8) Empty category Theory

(1) Minimalist Program (MP)

8. ئازاد دریژە.

ئەمەی کۆتایی خاوەن سیمای شیاوی گۆکردن و واتاییە . واتە زمان دە بێ سێ جۆر کەرەسە بگرێتە خۆی:

أ- تایبەتمە ندی شیاوی گۆکردنی و وا تایی کە بە سیما دەنگی و واتاییەکان دەناسرێن.

ب- یەکە فەرهەنگییەکان کە لە سیماکانی سەرەوە پێك دێن.

ج- دەربڕینە ئاڵۆزە کان کە لە ئەنجامی لێکدان و ئاوێتەکردنی یە کە ئەتۆم یەکان پ ێك د ێن (المزيـ نی 2005: 95). چۆنیەتی کارکردنی لەم هێڵکاریەی خوارەوەدا پیشان دەدرێ.




وێنەی ژمارە(7)

---

(1) Lexicon

(2) Merge and Move

(3) Spell- out

باشینەرێگا[4] هیچ سیمایەکی نویٚ ناخاتە ناو سیستەمی کۆمپیۆتەری ؛ بۆیە دە بیٚ نە ئا ماژە بە پەیوە ندی نـ ێوان ناو و یە کە لیٚ کدراوەکان بـ کریٚ و نە تیۆری(س') . بەم پیٚ یە دە بیٚ هەولٚی روونکرد نەوەی ئەوەش بدریٚ کە هیچ پەیوەندییەك فەرز ناکریٚ ؛ بێجگە لەوا نەی کە مەر جەکانی خویٚ ندن یا خود هەندیٚ رێگای سروشتی کۆمپیوتەری داوای دە کەن وەك مەرجی هاو سێیەتی لـە ئاستی دەنگی و واتاییدا هەروەها پەیوەندیـ یە بنیاتیـ یە بابەتیـ یەکان و پەیوەندیـ یە رادەییەکان (سەرچاوەی پێشوو: 96).

هەولٚ و لێکۆلٚینەوەکان بۆ زیاتر پەرەپێدان و یا خود دۆزیـ نەوەی تیۆریـ یەك کە هەر دوو ئامانجی سەرەکی تیۆری زمانەوانی بپێکێت بەردەوامن.

(4) Optimal

# بەشی سێیەم

# تیۆری دەسەڵات وبەستنەوە

## 3. 0. سەرەتا:

ئامانج و مەبەستی زمانەوانی نویٚ ریٚزمانی گشتییە واتە دارشتنی ریٚزمانیٚك کە ئاماژە بەو تایبەتمەندیانە بکات کە لە هەموو زما نەکانی جیهاندا هاوبە شن یاخود بەواتایەکی تر دیارخەری پیٚکهاتی زمان بیٚ لە چەمکە گشتییەکەیدا نەك تایبەت بیٚ بە پیٚکهاتی زمانیٚکی تایبەت . تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە هەوڵیٚکە لە ریٚگای گەیشتن بەم ئامانجەدا.

# بەندی یەکەم

## پیٚکهاتەی زمان لە روانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

### 3. 1. 1. پیٚکهاتەی زمان لە روانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە:

بە پیٚی ئەم تیۆرە، ریٚزمانی گشتی تایبەتمەندیەکی زاتی میٚشکی مرۆڤە کە سیما شیاوەکانی ریٚزمان دەستنیشان دەکات و لە ریٚی ئەوەوە سیما شیاوەکانی زمان دەردەخات( Chomsky,1982:1) . بە پیٚی بۆچوونی تیۆری دە سەڵات و بەستنەوە دەشیٚ ریٚزمانی گشتی لە ریٚی دوو پیٚکهیٚنەری سەرەکییەوە دەر بخریٚ:

ئا ستەکانی نوا ندن[1] و سیستەمە سنووردارکەرەکان[2] (Black,1998:2) .
سیستەمە سنووردارکەرەکان لەناو خۆیا ندا هەڵگری چەندین یا سا و یە کەی پێوا نەیین بۆ دەر چواندنی پێکها تە سەرەکییەکەی ز مان کە دەبێ تە کەرە سە خاوەکەی قۆناغەکانی سەرووتر، وەك سنووردانان بۆ ئەو سیمایانەی کە دە شێن لە یەك یاسادا دەرکەون و بەم پێیە زانیارییە رێزمانییەکان رێژە و شوێنی تایبەت بە خۆیان وەردەگرن . بۆ نموونە بە پێی بنەمای دەرکردن[1]سیما فەرهەنگییەکانی کەرەسەیەك دەبێ لە هەموو چینەکانی نواندنی پێکهێنەری سینتاکسی دا بە یەك شێوە دەربکەون .

کردەی سنووردارکردن لەو وزەیەی کە بۆ فێربوونی رێز مان پێویستە کەم دەکاتەوە . سیما تایبەتییەکانی هەر زمانێك لە رێی ژمارەیەکی کەم لە بگۆڕە کان لە ناو چوارچێوەی رێزمانی گشتیدا دەستنیشان دەکرێن ( Chomsky,1982:1).
چۆنیەتی تێڕوانین و کارکردنی ئەم تیۆرە بۆ زمان و پێکهاتەکەی لەم دایاگرا مەی خوارەوەدا پیشان دراوە(Rabanus,2002: 2) .




(1) Levels of Representation
(2) System of Constraints
(1) Projection Principle

وێنەی ژمارە(8)

فەرهەنگی وشەیی کۆگای زانیاری یەکەکانە و سیما بنیاتیەکانی[1] و شە فەرهەگییەکان ریز دەکات کە دەبنە یەکە ئەتۆمیەکانی سینتاکس. ئەم سیمایانە لەو ئارگیومێنتانەدان کە یەکە بۆی ژێرپۆلین[2] دەکرێت. یەکە فەرهەنگییەکان لە ئاستی ناوەوە (رۆنانی ژێرەوە[3]) یەك دە گرن . ئا ستی ناوەوە ، ئا ستی دەرەوە بەرهەم دێنێت کە بریتیە لەو نواند نە سینتاکسییەی کە چۆنیەتی ریز بوونی دەرەکی کەرەسەکانی رستە تێیدا رەنگ دەدا تەوە بەوەی کە زۆر لێیەوە نزیکە. ئا ستی دەرەوەی ر ستە را ستەوخۆ ل ێك نادرێتەوە ، بەڵکو لە ر ێی هەر دوو کۆڵکەی[4] فۆرمی فۆنۆلۆجی و فۆرمی لۆجیکی لێك دەدرێتەوە . فۆرمی فۆنۆلۆجی واتە فۆنۆلۆجیا کە تێیدا یەکەکان راستەوخۆ بە شێوەی دەنگی دە نوێنرێن وا تە گۆکردنی یە کەکان . فۆرمی لۆجیکی دە چێتە ناو وا تاوە ، پەیوەندیە گوزارەیەکان، هەروەها بواری و شەکانی رادە و کارپێکەرە[5]جۆراوجۆرە کانی رۆنانی گرێ بە تەواوەتی لە فۆرمی لۆجیکی دا دە نوێنرێن (Black,1998:2 ). نوا ندنی ئەم دوو فۆر مە بەناویەکتردا چوون لە ن ێوان ز مان و سیـ ستەمە

(1) Idiosyncratic properties

(2) subcategoriese

(3) Underlying Structure

(4) Factor

(5) Oprator

تێگەیـ شتنییەکانی تر پـ یك دێن ێت کە ڕەهە ندە دەرەکییە کەی زمانە(Chomsky,1986a :68) .

ئاستەکان بە هۆی تاکە یاسایەکی جوولە( ئالفا– بجوولێنە) (6) بە یە کەوە بەند دەکرێن . ئەم یا سایە هەر دوو ئا ستی ناوەوە و ئا ستی دەرەوە بە یەکتر دەبەستێت و بەشێوەیەکی تری هەمان یا سا ئا ستی دەرەوە بە فۆرمی لۆجیکی دەبەسترێت . یاسای جوولەی ئالفا لە بنەڕەتدا یاسایەکی سادەیە کە ڕێگە بە جوو لەی هەر شتێك بۆ هەر شوێنێك دەدات ، بەم پێ یە سێ ستەمە سنووردارکەرەکان لە کۆتکردنی دور ستی ئەم جوولە یە بەرپرس دەبن،یا سا شێوازی و یاسا فۆنۆلۆجییەکانی تریش لە فۆرمی فۆنەتیکی دا جێ بەجێ دە کرێن . (Black,1998:2-3)

بەم شێوەیە هەر گۆتن(1) (مەبە ست ر ستەییێك) دەبێ تە خاوەن ڕۆ نانێکی پەسەند لە ڕووی ڕێزمانییەوە بە هۆی جێبەجێ کردنی بنەما پێویستەکانی ڕێزمان و چوار ڕەهە ندی جـ یاوازی نوا ندن: ئا ستی ناوەوە، ئا ستی دەرەوە ، فۆرمی فۆنەتیکی و فۆرمی لۆجیکی (Johnson,2002: 241).

بێجـ گە لە مە تـ یۆری دە سەڵات و بە ستنەوە بۆ شیکردنەوەی ڕۆ نان و ڕوونکردنەوەی جۆری پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نـ ێوان کەرە سەکانی ز مان لە سنووری گرێ و ڕستەدا ، هەروەها دیاردە ڕێزمانیـ یە جۆراجۆرە کانی وەك دۆخ و کەرەسە بەتاڵەکان چەندین لقە تیۆری ناوخۆیی دەستنیشان کردووە کە لە نیگاری خوارەوەدا لقەتیۆریـ یەکان و مەودای کارکردنی هەریە کەیان د یاری کراوە .(Culicover, 1997:387)

---

(6)Single Movment Rule, Move- α

(1) Utterance




وێنەی ژمارە (9)

لەم ت یۆرەدا کاریگەر بوونی چۆمسکی بە دی سو سێر د یارە سەبارەت بۆچوونەکانی لەبارەی شێوەی رۆنان و پێکهاتەی ر ستە بەتایبەتی هەبوونی دوو جۆرە پەیوە ندی ئا سۆیی و ستوونی لە ناو یە کە پێکهێنەرەکانی ر ستەدا و

بیرۆکەی چواندنی بە یاری شەترەنج کە چۆمسکی لە میانەی هەر دوو بیرۆکەی پەیوەندییە رۆنانییەکانی نیگاری دارئاسا و لقەتیۆرییە کارلێکەکانی بە باشترین شێوە دەربڕیوە .

هەر دوو بەندی داهاتوو تایبەتن بە پەیوەندییە رۆنانییەکان لە هێڵکاری دارئاسا و پێکهاتەی گرێ و رستە بەپێی تیۆری س' .

## بەندی دووەم

## پەیوەندییە رۆنانییەکان لە هێڵکاری دارئاسادا

### 3. 2. 1. سەرەتا:

لە رێزمانی دێریندا پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی رستە لە شێوەی زنجیرەییدا پێشان دەدرا ، هەروەها فۆرم و واتا یان تێکەڵاوی یەکتر دەکرد و پەیوەندییەکی یەك بە یەك لە نێوانیان دادەنا (سلێمان2001: 12) .

لە قۆناغەکانی تر ،لە رێبازی رۆنانکاری بلۆمفیلددا لایەنی واتا دوور خرا و شێوە شیکردنەوەیەکی نوێ بۆ رستە هاتە ئاراوە کە دابەشکردنی بنجی بوو کە تێیدا کەرەسەکانی رستە بەرە بەرە و بە شێوەی پلەیی ئەوەندە کەرت دەکران تا دەگەیشتنە ئاستی دەنگ . ئەم شیکردنەوەیە بە دوو شێوە بوو یان لە سەرەوە بەرەو خوار یا بە پێچەوانەوە . خاڵی گرنگ لێرەدا ئەوە بوو کە شیکردنەوەی رستە شێوەی هەرەمی وەرگرت و دواتر ئاستە جیاوازەکانی فۆنیم و مۆرفیم و..تاد. دەستنیشان کران[1] .

لە راستییدا خاڵی وەرچەرخان لە بیرۆکەکانی دی سۆسێر سەرچاوەی گرت: یەکەمیان دەستنیشانکردنی هەر دوو پەیوەندی ئاسۆیی و ستوونی لە نێوان

---

[1] بروانە : (بەشی دووەم: 7-8)؛ بۆ زیاتر زانیاری بروانە : یۆل (1384: 112- 116).

کەرەسە پێکهێنەرەکانی رستەدا بوو . ئە مە دانـ نان بوو بە هەبوونی دوو جۆرە پەیوەندی لەنێوان کەرەسەکانی رستە لە یەك ساتدا وا تە تێك چرژاوی و لـ ێك دانەبراوی پەیوەندی لەنێوان پێکهات و وا تا و ئەرکی رێز مانی دا . دووەمـ یان، بیرۆکەی چواندنی زمان بە یاری شەترەنج و شوێنی هەر کەرەسەیەکی زمانی لەو نیگارەدا و جۆری پەیوەندییەکەی بە کەرەسەکانی پێش و پاش خۆی ، دانـ نان بوو بە بەها شوێنییەکەی کەرەسەکان و پەیوەندی و کاریـگەریان لە سەر وا تا و رۆلی کەرەسەکە لە رستەدا[1] .

لە قۆنا غە جیاوازە کانی گوێزا نەوەدا[2] هەولْ درا وا تا بخزێنرێـ تەوە ناو شیکاری رستە ، هەروەها پەیوەندی نـ ێوان ئا ستەکان و چۆنیەتی بەر هەمهاتنی یەکیٚ لەویتر گەشەیەکی باشی بەخۆیەوە بینی ؛بەلاٚم نەیتوانی خۆی لە یەك راستا و فلاتبوونی شیکارییەکە رزگار بکات . مەبەست لە یەك را ستایی ئەوە یە کە هیچ بەهایەك بۆ شێوەی پلەداری هێلٚکاری دارئاسا دانەنرا و پەیوەندی نـ ێوان چینە جیاوازەکان و کارتێکردنی لە سەر چۆنیەتی ریز بوونی کەرە سەکان و وا تا پشتگویٚ خرابوو .

چۆمسکی بە بیرهێنانەوەی بیرۆکەکانی دی سۆسێر و هەموو ئەو زانیارییا نەی کە لە قۆناغە جیاوازەکانی گوێزانەوە کۆ ببوونەوە ، توانی هەموویان لە چوار چێوەی تیۆری دە سەلاٚت و بە ستنەوە بە شێوەیەکی تر دارێژرێـ تەوە. بەم پێـ یە گۆرانێکی بنەرەتی لە شێوەی شیکردنەوەی رستە و زمان هاتنە ئاراوە.

چەندین پەیوەندی لە نێوان لق و گرێـ یەکانی هێلـٚ کاری دارئا سای شیکردنەوەی گریٚ و رستە دەستنیشان کران کە خاوەن بەها و کاریـگەری تایـ بەتن لە سەر وا تا و

---

(1) بۆ زیاتر زانیاری بروانە (سلێمان 2001: 92-93 )

(2) بروانە :( بەشی دووەم: 10-29).

چۆنیەتی رۆڵ وەرگرتنی کەرە سەکان لە ڕ ستەدا وەك بیرۆ کەی زاڵ بوون و مەودای زاڵبوونەکە یا خود پەیوە ندی دە سەلاتداری و جۆرە کانی ، هەروەها پەیوە ندی لە پێشهاتن و ..تاد . لە گەڵ ئەمە شدا بە بەکارهێنانی بیری دووا نەیی و چەندین تێروانینی نوێ ، گۆرانێکی بنەڕەتی خستە چۆنیەتی شیکردنەوەی رۆ نانی گرێ و رستە .

## 3. 2. 2. پەیوەندییە رۆنانییەکانی نیگاری هێڵکاری دارئاسا:

هەروەك لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا چەندین پەیوەندیی رۆنانی لە نێوان لق و گرێ یەکانی نیگارە دارئا ساکەدا دەستنیشان کراون . لە بەر ئەوەی کە لە بەشەکانی داهاتوودا بەکاریان دەهێنین ؛بۆیە لێرە نیگاری هێڵکارییە دارئا ساکە و پەیوەندییەکانی لە خوارەوە دیاری دەکەین .

### 3. 2. 2. 1.نیگاری دارئاسا(1):

ڕ ستە لە یە کەکان پ ێك د ێت . دە شێ خودی یە کەکانیش لە چەند یەکەیەکی تر پێك بێن . بەشێوەیەکی گشتی هەر کۆمەڵە زانیارییەکی سینتاک سی پێوی ستی بە رۆ نانێکی هەرەمی(2) هە یە ، دور ستکردنی رۆ نانێکی هەرەمی پێویستی بە چەند کەرەسەیەکە کە دەبێ بەلایەنێ کەم دووان بن وا تە کەمترین ژمارە بۆ پێکهێ نانی سادەترین رۆ نان دووە و پا شان دە شێ رۆنا نە ئاڵۆزترە کان لەوەوە دابر ێژرێت . بەم پێ یە سی ستەمە سینتاک سییەی ناو مێ شکمان نیگاری دارئاسا دورست دەکات . بەم پێیە تەنیا ئەو نیگارە دارئاسایەی کە ئەم سیستەمە دورستی دەکات رێزمانییە(Syntax course,2002:10-11) . نیگارە دارئا ساکە شێوەیەکی نابەرجەستەی وەك شێوەکەی خوارەوە هەیە(Ibid:36):

---

(1) Tree Configeration

(2) Hierarchical Structure




خاڵی یەکتر برینی هێڵەکان ( گرێ)[1] ن . لە نیگارە کەی سەرەوەدا دوو گرێ هەیە: گرێی (ئا) و گرێی (پ)ێ .کە بە هۆی لق (هێڵ)ە کان بە یەکتر بەستراون. گرێی سەرەوەی نیگارەکە [گرێی (ئا)] گرێی بنج[2] یا خود روو تە . چونکە لە یەکتر برینی لقەکان پێك نەهاتووە . گرێ خوارووە کانی نیگارە کە کە هیچ لقێك لێیان دەر ناچێت ، گرێ کۆتاییەکانن[3]. لێرە گرێیەکانی (ب) ، (ت) و (جـ) گرێ کۆتاییەکانن.ئەو گرێیانەی کە دەکەونە ناوەندی ئەم دووانە واتە لە خوار خۆیا ندا خاوەن لـ قن، گرێ ناوەندی یەکانن[4] ، وەك گری یەکانی ( ئا) و(پ)ێ(Ibid:36-41).

## 3. 2. 2. 2. پەیوەندییەکانی نێوان پێکهێنەرەکانی دارئاساکە:

لە نێوان لق و پۆپەکانی هێڵکاری دارئاسا چەندین پەیوەندی پێ شبینی کراوە کە لە شێوەی چەند رێ سا و بـ نەمای نەگۆڕدا دار ێژراون . ئەم پەیوەندیا نە لە دەستنیشانکردنی جۆری پەیوەندی نێوان کەرەسەکانی گرێ و رستە لە لقەتیۆرییە جۆراوجۆرەکانی تیۆری دەسەڵات وبەستنەوەدا رۆلیکی بنەڕەتی دەبینن .

(1) پەیوەندی رۆنانی زاڵبوون واتە دەسەڵات:

---

(3) ئا ، ب ، ت ، ..تاد. چۆن لە بیرکار یدا وەك هێ مای بیر کاری بەکاردێن و خاوەن بەهای جەبرین ، لە زمانیشدا ئەم هێمایانە وەك هێما بۆ ئاماژەکردن بە یەکە زمانییەکان بەکار دێن و بە پێی ئاماژە بۆکراوەکەیان خاوەن بەهای زمانی تایبەتین.

(1) Node

(2) Root Node

(3) Terminal Node

(4) Nonterminal Node

لێرەدا گرێ یەك وەك (س) (زاڵ[5])ە بە سەر گرێ یەكانی خوار خۆی لە دارئاساكەدا . مەبەست ئەوە یە بۆ نموو نە ئە گەر گر ێی (س) راكێ شین ، ئەو گرێیانەی كە بە سەریاندا زاڵە لەگەڵ ئەو رادەكێ شرێن . لە نیگاری سەرەوەدا گرێی (پ)ێ زاڵە بەسەر گرێی(ت) و (جـ)ێدا . هەروەها هەر گۆرانێك بە سەر گرێی(پ)ێ دا بێت كار لە گرێیەكانی (ت) و (جـ)ێشدا دەكات .

(2) پەیوەندی دەسەڵاتی راستەوخۆ:

گرێ یەك وەك (س) زاڵبوون(دە سەڵات[1])ی را ستەوخۆی[2] بە سەر گرێیەكی وەك (ش) هەیە ئەگەر (س) زاڵ بێ بەسەر (ش) و بە هۆی لقەكا نەوە پێیەوە بەند بێت . بۆ نموونە ئا زاڵبوونی راستەوخۆی بەسەر ب و پ دا هەیە .

(3) پەیوەندییە خێزانییەكان:

هەروەها هەندێ جار دەوترێ كە ئا (دایك[3])ی ب و پ ێیە. گرێیەكی تر وەك س كە هەمان دایكە گرێی (ئا ) ی هەبێ (خوشك[4])ی گرێ یەكانی ب و پ ێیە ، لێرە :




گرێی (ب )ێ خوشكی گرێی (پ )ێیە .

گرێی (پ )ێ خوشكی گرێی (ب )ێیە .

---

(5) Dominate

(1) ئێمە زۆر جار ئەم دوو زاراوەیە بە پێی گونجاوییەكەی بۆ شوێنی بەكارهێنانی لە جیاتی یەكتر بە كار دێنین

(2) Immediately Dominate

(3) Mother

(4) Sister

(5) C - Command

گرێی (ت )یٚ خوشكی گرێی (جـ )یٚیە .

(4) پەیوەندی دەسەلاٚتی پۆلی:

گرێ یەك وەك (س) خاوەن (دە سەلاٚتی پۆلی[5]) یە بە سەر خو شكەكانی و ئەو گرێیانەی كە دەكەونە ژێر دەسەلاٚتی خوشكەكانی ، لێرەدا :

ب دەسەلاٚتی پۆلی هەیە بەسەر پ و ت و جـ .

ت دەسەلاٚتی پۆلی هەیە بەسەر جـ .

جـ دەسەلاٚتی پۆلی هەیە بەسەر ت.

پ دەسەلاٚتی پۆلی هەیە بەسەر ب .

(5) پەیوەندی تەرخانكراوەیی:

تەرخانكراوەیی[1]: هەموو ئەو گرێیا نەی كە لە پەیوە ندی زاڵبوو ندا نین ، لە پەیوەندی پێشهاتوویی[2] دان ، بۆ نموونە لە سەرەوە ب پێش پ و هەموو ئەو گرێیانەدا كە پ بەسەریاندا زاڵە كەوتووە (Syntax course,401,2002 :3).

ئەم پەیوەندییا نە لە چوار چێوەی لقە تیۆری یەكانی ت یۆری دە سەلاٚت و بەستنەوە رۆلێكی مەزن دەبینن بۆ نموونە لە شیكردنەوەی رۆ نانی گریٚ و ر ستە (تیۆری س') لە هەر دوو پەیوەندی سپێك  سەرە و پەیوەندی سەرە– تەواوكەر بەرجەستە دەبن (میرعمادی1376 : 276)،هەروەها لە روونكردنەوەی هە ندیٚ گرفتی تایبەت وەك چۆنیەتی پەیوەندی نێوان ئەنافۆر و كەرە سە بۆ گەڕاوەكانی (تیۆری بەستنەوە)، پەیوەندی نێوان وشەی سەرەی رۆنانێك و كەرەسەكانی تری رۆنانە كە (ت یۆری دە سەلاٚت)، دەستنیـ شانكردنی چۆنیەتی وەرگرت نی رۆ لە واتاییەكان (تیۆری سیتا )، چۆنیەتی دۆخ بەخشین و.تاد(Black, 1998:2 ).

---

(1) Excluitivity

(2) Antecedent

له بەندی داهاتوودا لە چوارچێوەی لقەتیۆری تایبەت بە چۆنیەتی رۆنانی گریٚ و رستە ،تیٚروانینی تیۆری دەسەلاٚت و بەستنەوە بۆ پێکهاتەی گریٚ و رستە و رۆلی ئەم پەیوەندییانە لە چۆنیەتی پێکەوە گرێدان و دەستنیشانکردنی جۆری پەیوەندی لە نێوان یەکەکانی گریٚ روون دەکەینەوە .

## بەندی سێیەم

## تیۆری س'

### 3. 3. 1.سەرەتا:

کاتیٚ بیرۆکەی گریٚ و سەرەی گریٚ لە رێزمانی گوێزانەوەدا هاتە ئاراوە بەوەی کە گریٚ بریتییە لە کۆمەلٚەیەکی یەك وشەیی یا زیاتر بەدەوری و شەیەکی ناوك کە بە سەرە دەنا سرێت . و شەی کۆمە لٚە ئاماژە یە بۆ شێوەی کۆبوو نەوەی هێشوویی وشە جۆراوجۆرە کان بەدەوری و شەی سەرە ؛ ئیدجا چ پێش سەرە بکەون یا بە دوایدا بێن (Finch,1998:187) . سەرە کەرە سە بەخورتییە کەی گرێیە(Cowper,1992:20) .

جۆرەکانی گریٚ بە پێی جۆری سەرە دابەش دەکرێن ؛ سەرەش یەکێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن .دەشیٚ لە زۆرینەی بەشەکانی ئاخاوتن گریٚ پێك بهێنرێت وەك گرێی ناوی ، گرێی کاری ، گرێی ئاوەلٚناوی ، گرێی بەند و .. تاد . بەم پێیە پێکهاتەی گریٚ سیستەمێکە و لە سەر بنەمای سەرە دارێژراوە و چەند بگۆرێك لە خۆ دەگرێت . لە رێزمانی گوێزانەوەدا بۆ زیاتر روونکردنەوە و پێشاندانی چۆنیەتی پێکهاتەی گریٚ و پەیوەندی نێوان کەرەسە پێکهێنەرەکانی هێلٚکاری دارئاسا بەکار هاتووە ؛ وەك لەم گرێیەی خوارەوەدا :

1. ئەو کچا جوان




ئەو پۆلە ڕێزمانییانەی کە لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بوونیان سەلمێنراوە تەنیا (ناو و کار )ن (O'grady,1997: 266) ؛ بۆ یە لە ڕێز مانی گوێزا نەوەدا گەورەترین یەکەی سینتاکسی ڕستەیە کە لە دوو گرێ پێك دێت : گرێی ناوی و گر ێی کاری کە بە هۆی یا سا سینتاک سییەکانەوە بە یەکترەوە بە ند دەکرێن(Trask,1993: 250)، وەك لەم نموونەیەدا پێشانی دەدەین.

2. ئازاد بلەز هات .



ئامراز ئاوەڵناو ن.د.رابردوو

ج.لکاو.رێك

کار

ئازاد ب لەز هات

لە شیکردنەوەی گوێزانەوەدا نزیکی و دووری کەرەسەکان لە سەرەی گرێ و پەیوەندی نێوانیان ، هەروەها پەیوە ندە نێوان گرێ یەکانی ر ستە و چۆنیەتی کارکردنی ئەم لەسەر واتا و پێکهاتەی رستە پشتگوێ خرا بوو ، بەواتا یەکی تر شیکردنەوەکە لەسەر یەك را ستا بوو و هیچ رێکخ ستنێکی پ لەداری زنجیرە یی هەرەمی تێیدا بەدی نەدەکرا(میرعمادی1376 : 49) ، کە چۆنیەتی پێ کەوە گرێدان و جۆری پەیوەندی یە وا تایی و سینتاک سییەکانی کەرە سەکان لە گر ێی سەرەوە تا دەگا تە و شەی سەرە د یاری ب کات کە ئا یا پەیوەندییە کەیان راستەوخۆیە یا خود لە ر ێی هە ندێ کەرە سەی ئەل تەرناتیڤی ترەوە یە. بۆ یە یاساکانی دووبارە نووسینەوە لە بەردەوام یەکی بێکۆ تایی لە چێوەی بازنەکا ندا چەندبارە دەبوونەوە،جگە لە مە جۆراو جۆری گرێ یەکان و ج یاوازی چۆنیەتی ریز بوونی کەرە سەکان لە زما نە جیاوازەکا ندا ئەوە ندەیتر ئەم رێزما نەی لە ئاما نجە سەرەکییەکەی وا تە دا نانی رێز مانی گ شتی دوور دەخ ستەوە . هەر دەبوایە گرێ بەشێوەیەکی تر پێناسە و پێکهاتەکەی دەستنیشان بکرێت . تیۆری سین– بار (س') لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەستنەوە هەوڵێ کە بۆ پێ کانی ئەم مەبەستە.

## 3. 3. 2. چەمك و ئامانجی تیۆری سین– بار (س') :

چۆمسكی لە ساڵی 1970دا لە لێكۆڵینەوەی" چەند سەرنجێك لە بارەی بەناو كردن[1]" ئەلترناتیڤێك بۆ ڕۆنانی هەموو جۆرەكانی گرێ پێشنیاز دەكات.

دا پێناسەكردنی سەرەی گرێ لە ڕووی ' یەكەم ئامانجی چۆمسكی لە س ڕۆنانەوە و ئاسانتركردنی گ شتاندنی پۆلە ئاخاوتنی یەكان لە ڕێگای یەكتربڕین ، بە سنووردارکردنی یا ساكانی (Akmajian,1995: 201)وهاوبەشی كردنیا نە پێكهێنانی گرێ بەوەی كە لە هەموو جۆرەكانی گرێ( گ.ن ، گ.ك ،گ.ئاوەڵناوی و . تاد)دا پۆلی سەرەی گرێ هەمان پۆلی گرێیەكە بێت . هەروەها كەمكرد نەوەی ژ مارەی هەڵبژارد نەكان لەو زنجیرە یەدا تا ئەو رادە یە كە ب توانرێ دە ستە (Kornai &). یاسایەكی جیهانی بۆ شیكردنەوە مومكی نەكان دە ستەبەر بكر ێت كە ببنە بنەما و یاساكانی ڕێزمانی گشتی بەم شێوەیە (Pullum, 1990: 26 خوارەوە:

(6) گ.س ← (ت1) (ت2) ...(ت)ن × (ت) ن+1 ...(ت)ك

كە، س= ناو ،كار , ئاوەڵناو , ئاوەڵكار یا پێشپرتك

ت1= یەكەی بێ سەرە دەنوێنێت. (Cowper,1992: 21)

دووەم ئامانجی دەستنیشانكردنی سیستەمی زنجیرەیی پلەدار (هەرەمی) بۆ ڕۆنانی گرێیە كە تێ یدا نزیـكی و دووری یا خود پەیوە ندی زۆر تر و كەمتری كەرەسە بەئارەزووییەكان لە وشەی سەرە دیاری بكرێت كە خاوەن كاریگەری و بەهای تایبەتین لە لێكدانەوەی گرێ دا(میرعمادی1376 : 49) ،بەواتایەكی تر ڕوونكرد نەوەی پەیوەندی یە ناوخۆی یەكانی ڕۆ نانی گرێ كە ئەو پێكهاتا نە دەگرێتەوە كە دەكەو نە ناوەرا ستی هەر دوو ئا ستی تەواوی گرێیە كە و ئا ستی كۆتایی كە سەرە تێیدا شوێن دەگرێت (Cowper,1992:24). چۆمسكی زاراوەی

(1) Remarks on Nominalization

(بار[1])ی بۆ بەکار هێنا کە بریتین لەو پێکهاتا نەی لە گریٚ بچووکترن و لە وشەی سەرە بە تەنیا مەزنتر . بەم شێوەیە یە کەی(ن'،ك'، ئا'،.. تاد) هاتنە ئاراوە و لە جیاتی رۆ نانی فلا تی پەیرەوکراو لە ریز مانی گویٚزا نەوەدا ، هەموو گرێ یەك رۆ نانێکی دووا نەیی[1]وەردەگر یٚت. ئەم بۆ چوونە لەلا یەن جاك ندۆف[2](1977) و نیو مایێر[3](1980) ز یاتر تیا شکی خرا یە سەر(Akmajian,1995: 201) . زۆر زما نەوانی تریش باس و لیکۆلیٚنەوەیان لەسەر ئەم بۆچوونەیان کرد و هەندیٚ گۆرانکاریان خستە ناوی.

## 3 .3 .3. رۆنانی تیۆری سین– بار(س') و بنەماکانی پێکهێنانی:

تیۆری (س') بە تیۆرییەکی بنەرەتی بۆ دیاریکردنی سیماکانی رۆنانی گریٚ لە زما نە سرۆ شتییەکاندا دەژمیٚردر یٚت(Kornai & Pullum,1990: 25). مەودای کارکردنی ئەم تیۆرە ئاستی ناوەوەی رستەیە[4]. کۆمەلیٚ کۆت (بنەما) کە پێکەوە لە پێکهێنانی تیۆرەکەدا بنەرەتین ، سیما و تایبەتی یەکانی پێکهاتە کەی دیار دەکەنەوە، هەرچەندە لە کاتی گەرانەوە بۆ ئەو کارا نەی کە ئەنجا مدراون دەبینین کە ناتوانین هیچ نموونە یەك بدۆزی نەوە کە هەموو ئەو بنەمایا نە بە

(1) بار Bar : بۆ ئاماژە کردن بە چەمکی بار زۆر هێما بەکار هاتووە وەك راستە هێلێکی بچووك □ یان کو ما □ یان ژمارە کە لەلای راستی سەرەوەی (س) دادەنریٚ . سەبارەت ژمارەی ئەو بارانەی کە س وەردەگریٚت زمانەوانان لە ناو خۆیاندا لە سەری ریٚك نەکەوتوونە (Jackendoff,1977:255) لە لیٚکۆلینەوە سەرەتاییەکاندا تاکو سیٚ باریش دانراوە بە پێی هێماکە بەم شێوەیە بووە: س□ ، س□، س□ یان س ، س'، س''، یا س ، س ، س ؛ بەلاٚم لەلیٚکۆلٚینە ئیٚستاییەکاندا هەر یەك بار بە کار دیٚت: س'

(1)Binary

(2) Jackendoff,R. (1977). X` Syntax : A Study of pharse Structure . Cambridge Mass MIT Press .

(3) Newmeyer, F. (1980). Linguistic Theory in America : The first quarter – century of transformatinol generative grammar . NewYork. Academic press

(4) بروانە وێنەی ژمارە(9): 40

تەواوەتی تێدا پەیرەو کرابن ، هەروەها ئەم تیۆرە هەندێ رەخنەی لێ دەگیرێ بەوەی کە ناتوانێ وەلامدەری هەندێ گرفت بێ[5](Ibid:25-26). ئێمە لێرە ئەوە لەبەر چاو ناگرین ، چونکە مەبەستمان روونکردنەوەی پێکهاتەکەیە لە روانگەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە نەك رادەی شیاوی و گونجاوییە کەی بۆ شیکردنەوەی پێکهاتە جۆراجۆرەکانی گرێی زمانەکان .

## 3 .3 . 3 .1. بنەمای فەرهەنگییەتی[1]:

سادەترین سیمای پیناسەکردنی سیستەمی تیۆری س' ئەوە یە کە ئێمە بە فەرهەنگییەتی ناوی دەبەین . ئەم بنەما یە رۆنا نە مومکینەکانی زمانێك دیاری دەکات بەوەی کە ئەو رۆنانە دیاریکراوا نەن کە جێکەوتەی را ستەوخۆی یە کە فەرهەنگی یەکانن(Chomsky,1981:48) وا تە دە بێ هەموو پۆ لە گرێ یەکان جێکەوتەی پۆلە فەرهەنگیەکان بن.

مەبەست لە جێکەوتە ئەوەیە کە هەر یەکەیەکی فەرهەنگی بۆ دەرکەوتنی لە چوارچێوەیەکی سینتاکسیدا پێویستی بە پۆل(گرێ) سینتاکسییەکی تایبەت هەیە بۆ رووتکردنەوەی لەو هەلئاوسانییەی کە لە فەرهەنگدا لەگەلیەتی . ئەمەش لە ر یی بەکارهێنانی لە جۆرە جیاوازە کانی گر یدا دەبێت(Culicover,1997:139-140)، وەك:

| | |
|---|---|
| گرێی کاری : | گرێی ناوی : |
| 3. ئەز دێ هێم . | 5. دیمەنێ جوان |

---

(5)بۆ ئەم مەبەستە بروانە:
Kornai.A & Pullum.G (1990). The X-Bar Theory of Phrase Structure.L .Language 66(1), 24-50

(1) Lexicality

4. باوەر کرنا بێگونەهیا هاواری

6. دیمەنەك ژ کوردستانێ

گرێی ئاوەڵناوی :

گرێی بەند :

7. زۆر ماندی

8. ماندی ژ کاری

9. بەری گازیکرنا ئێزادی

10. ژدەرڤەی دارستانێ

### 3. 3. 3 .2.بنەمای بە دوا یەکدا هاتن[1]:

(7) هەر سن+١ زاڵە بەسەر سن بۆ هەموو ن ≤ .

مەبەست لێرە لە سن+١ گرێی دایك یاخود جێکەوتەی مەزنە کە زاڵە بە سەر کچی(سن) ، ئەگەر ژمارەی ن =0 ( سفر) بێ ،س و شەی سەرەیە و ئەگەر ژمارەی ن>0 ئەوە

ژمارەی گرێ بارەکانە. بەواتا یەکی تر بۆ بەدەستخستنی چەمکی ئاستی بار پێویستە زنجیرە جێکەوتەیەکی لێکنەپچراومان هەبێ . ژمارەی ئاستەکانی بار لەگەڵ ژمارەی ئەو توێژانەی کە لە سەرەی پێش کۆتایی دێن ریێك دەکەوێت . ئەم مەرجە بە بەدوایەکداهاتن ناو دەبرێت کە بەهۆی سنووردارکردنی یا ساکانی سیستەمەکە وسیستەمی پۆلەکە بە شێوەیەکی زۆر ورد گرەنتی رێککەوتنی ژمارەی بارەکان و ژمارەی چینەکان دەدات .Hellan(1980:67) وای بۆ دەچێت کە ئەم کچە تاقانەیە و بە کرۆك ناوی دەبات کە پاشان گۆڕا بۆ ناوك یاخود سەرەی گرێ(Kornai & Pullum, 1990: 28-30).

### 3. 3. 3 .3.بنەمای هاوشێوەیی[2]:

---

(1) Succession

(2) Uniformity

زۆرینەی زمانەوانەکان وای بۆ دە چن کە وەرگرتنی زۆرترین ئاستە بارە مومکینەکان بۆ هەموو گرێ پێش کۆتاییەکان وەك یەکە ، بە واتایەکی تر هەموو جێکەوتە مەزنەکان ئاستی بارەکەیان یەکسانە(Ibid:25,31).

### 3. 3. 3 .4.بنەمای مەزنی[3]:

(8) هەموو کچە ناسەرەکان جێکەوتەی مەزنن.

لە ژێر ئەم مەرجە ، هیچ یاسایەکی سینتاکسی ناتوانێ دوو پۆلی فەرهەنگی پێکەوە ببەستێت ؛ هەندێ یا ساپۆل( سەرە)یێکی فەرهەنگی بەگرێی جێکەوتەیەکی مەزنی تەواوکار دەبەستێت ، لە کاتێکدا هەندێ یا سای‌تر گرێی سەرە بەگرێی جێکەوتەیەکی مەزن دەبەستێت. هەروەها جاك ندۆف (1977:36) ریگە دەدات هەندێ پێکهێنەری ریزمانی تایبەت وەك نیشانەی کاری تەواوhave ،مۆرفیمە ژمارەییەکان ، دۆخ پێدەر ، نیشانەکانی دەمکات لە شوێنی ناسەرەکان دا بن . ئەمە بۆ جیاوازکردنی لەوەی سەرەوە بە جێکەوتەی لاواز ناو دەبرێت (Ibid:30-31).

### 3. 3. 3 .5.بنەمای ناوەکی[1]:

پێناسەیەکی ئاسایی ریزمان دەخوازێت کە دەبێ تاکە هێمایەکی دیاریکراو وەکو هێما(کەرەسە)ی دەستپێکەر لە زنجیرە داریژراوێك دا دەستنیشان بکرێ . بنەمای مەزنی یەکەکانی لای راستی یاساکە( بەنیسبەت ئینگلیزی) دادەپۆشێ . بەم پێیە هیچ شتێك لەبارەی کەرەسەی دەستپێکەر بەدەستەوە نادات. بە پێی ناوەندێتی کەرەسەی دەستپێکەر دەبێ جێکەوتەی مەزنی هەندێ گرێی پێش کۆتایی بێ (Kornai & Pullum, 1990: 33-34) ، لە تیۆری دەسەڵات و

(3) Maximality

(1) Centrality

به ستنه‌وه هه‌موو گرێ یه‌كان به رۆ نانێكی ناوه‌كی دەنا سرێن به‌وه‌ی كه هه‌ر وشه‌یه‌كی سه‌ره(س) ده بێ گرێ یه‌كی گ.س به‌ده ستەوه بدات و هه‌ر گرێ یه‌كی گ.س ده بێ سه‌ره‌یه‌كی هه‌بێ س كه ده بێ له هه‌مان پۆلی گرێیه كه بێ (Finch,2000:138)، هه‌روه‌ها له شیكردنه‌وه‌ی مه‌ز نه گیره‌ك و مه‌ز نه گه‌یه‌نه‌ریشدا به‌دی ده‌كرێ .

## 3 .3. 3. 6.بنه‌مای به‌ئاره‌زوویی[1] :

به پ یێی ئه‌م مه‌ر جه ته‌نیا گرێ نا سه‌ره‌كان ده‌ر كه‌وتنیان به ئاره‌زوویی یه(Kornai & Pullum, 1990:34) . گرێ نا سه‌ره‌كانیش ئه‌و گرێیانه‌ن كه نائارگیومێنتن . به‌ڵام به پێی بۆ چوونی Falk (2001: 34) هه‌موو رۆنا نه سینتاك سییه‌كان گر یێی به‌ئاره‌زوویین و به‌كار ناهێن تا له‌لا یه‌ن ب نه‌ما ناسه‌ربه‌خۆكانی وه‌ك ته‌واوكاره‌كان ، یه‌كسه‌رچاوه‌یی و ده‌ربڕینه واتای یه‌كان داوا نه‌كرێن .

Stowell (1981:70) كۆمه‌ڵێ كۆتی په‌سه‌ند و خاوه‌ن هێزی شاراوه‌یێكی زۆر بۆ نیگاری گرێ مومكینه‌كان له ئاستی ناوه‌وه به‌ده‌سته‌وه ده‌دات كه ئه‌مانه‌ن:

أ.هه‌مووگرێیه‌ك خاوه‌ن پێكهاته‌یه‌كی ناوه‌كییه[2] .

ب.سپێسیفایه‌ر له دووه‌م ئاستی بار(س) دا ده‌رده كه‌ون ؛ ته‌واوكاره‌كان له یه‌كه‌م ئاستی بار(س) ده‌رده‌كه‌ون .

پ. سه‌ره هه‌میشه له گه‌ڵ یه‌كێ له هاوسێیه‌كانی(س) ده‌رده‌كه‌وێ .

ت.وشه‌ی سه‌ره یه‌ك ئاست له خوار ئه‌و گرێ یه كه ده سه‌ڵاتی را سته‌وخۆی به‌سه‌ردا هه‌یه.

---

(1) Optionality

(2) Endocentric

جـ.  تەنیا جێكەوتەی مەزن دەشێ وەك و شەی بێ سەرە لە گەڵ گرێیە كدا دەركەوێ .

لە ژێر رووناكی مەرجەكانی سەرەوە لە چوارچێوەی تیۆری س' دا پێناسە و چۆنیەتی دەركەوتنی هەر یەك لە كەرەسە پێكهێنەرەكانی رۆنانی گرێ لە هێڵكاری دارئاسا دا دەخەینە روو .

وێنەی ژمارە(10)




لێرەدا :

هەر گرێیەك بە تەنیا یەك :

- سەرە (یەكەیەكی فەرهەنگی)
- تەواوكار (گرێیەكی تر)
- سپێسیفایەر (گرێیەكی تر)

---

(1) Maximal projection

(2) Intermediate projection

(3) Minimal projection

بۆ هەر س( ناو ،کار ، ئاوەڵناو، پێشناو ، گیرەك)ی هەیە .

لە هێڵکاری سەرەوەدا:

**أ. گ.س** : بەرامبەر بە گریٚ رادەوە ستیٚ . دەستنیشانکردنی رۆناذیٚك بە گریٚ رادەوە ستێتە سەر هەبوونی و شەیەکی خاوەن ئەرکی ریٚز مانی لەو رۆنا نەدا . (Kimball,1973: 15)

**ب. هێمای س:** بەرامبەر بە هەر یەك لە ناو، ئاوەڵناو ،ئاوەڵکار ، کار ، ئامراز..تاد دەوەستیٚ کە دەبنە سەرەی گرێیەکە ، وا تە و شەی خاوەن ئەرکی رێزمانین لەم رۆنانەدا . بەم شێوە پێکها تەی هەموو گریٚ یەك خاوەن سیمای ناوەکییە . لە دەستنیشانکردنی سەرەدا پێوەری سینتاکسی و مۆرفۆلۆجی پێویستە کە بەپێی پێوەرەکان دەشیٚ سەرە ئەم سیمایانەی خوارەوەی هەبێت:

1.سەرە خاوەن پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی و هەڵگری نیشانەییٚکی رێز مانی بێت کە بۆ هەموو گرێیەکە بگەرێتەوە .

2.دەسەڵاتی بەسەر کەرەسە شوێنکەوتووەکانی خۆی هەبیٚ .

3. لەرووی کەس و ژمارەوە لە گەڵ کەرە سە شوێنکەوتووەکانی ریٚك بکەوێت . (Haspelmath,2002:90)

**پ. سپێسیفایەر**[1] **(سپێك):** لە هێڵکارییەکەدا ئەو گرێیەیە کە خوشکی ئا ستی س' و کچی (گ.س) ە (Carnie,2002:127). بەواتایەکی تر سپێك ئەو گرێیەیە کە راستەوخۆ دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی جێکەوتەی مەزن .

سپێسیفایەر زاراوەیەکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جۆرە کەرەسانە بەکار دێت لەگەڵ ئەوەی لە گرێی ناوی دا دەرخەری لایەنێکی سەرەن ، دە توانن رۆلی بکەری لە گرێی کاری دا وەربگرن و بەم شێوەیە پێکهاتی رستەکە تەواو بکەن ،

(1) Spesifier = Spec

ئه مه دەبێ تە خاڵی جیاواز یان لە تەواوکار بێج گە لەوەی کە سپێکەکان بەپێچەوانەی تەواوکارەکان لە رووی شوێنی دەرکەوتنیان پێش پۆلە فەرهەنگییەکە دە کەون. لە گر ێی ناوی ز مانی کورد یدا دە کرێ سێ جۆرە سپێك پێ کەوە بێن(Fattah,1997:195) ، وەك لەم نموونەیەدا :

11. ***هـــەرئەو ســـێ کچـــە*** نەهاتن.




**ت. تەواوکار**[1]: لە هێڵکارییەکەدا ئەو گرێیەیە کە خوشکی و شەی سەرەیە(بە دوای ئەو دادێت) و کچی ئاستی یەك بار (س')ە ، واتە دەکەوێتە ژێر دە سەڵاتی جێکەو تەی ناوە ند . تەواوکار بەرامبەر چەمکی بەرکاری رێز مانی د ێرین رادەوەستێ(Carnie,2002:127). تەواوکار یەکێکە لە ئارگیومێند تەکانی هە ندێ کارەوە . وا تە وەر گرتن یان وەر نەگرتنی تەواوکار دەگەرێ تەوە بۆ سیما ژێرپۆلێنکراوەکانی کارێك کە لە فەرهەنگدا دەستنیشان دەکر ێت. هە ندێ کاری وەك کەنی ،نڤست ناتوانێ تەواوکار وەربگرێ کە چی هە ندێ کاریتر وەك خواند، نڤێسی گرێیەکی ناوی وەك تەواوکار وەردەگرن ، وەك لە خوارەوە پێشان دەدەین: 12. ئەو کەنی.




(1) Complement

ك'

كەنین ( )

13. ئەوی رۆژنامە **خواند** .




**جـ .سەربار**[1]: هەر شتێكی تر ، بەشێوەیەكی سەرەكی خوشكی س' كە نابێتە كچە راستەوخۆیەكەی گ.س ، یاخود ئەو گرێیە كە خوشكی ئاستی یەك باری(ن'،ك'،ئا'.. تاد) یا كچی ئاستی یەك باری (ن'،ك'، ئا'،.. تاد) یە كە بریتییە لە زانیاری بەئارەزوویی و زیاتر لە بارەی وشەی سەرە(Ibid:117) . واتە سەربار دەشێ لە دوو شوێندا بێت پێش س' و پاش س' وەك لە خوارەوە پێشان دەدەین :




(1) Adjunect

سەربار                    س'

سەربار                    س'   جێکەوتەی ناوەند

س                    تەواوکار

سەرە

بەم شێوەیە تیۆری س' بۆ وەسفکردنی یا ساکانی پێکهێنانی گریٚ هەموویان لە چوارچێوەی هێمایەك س کۆ دەکاتەوە و بە سیٚ یا سای کورت دەری دەبڕێت . ئەمە ئابووریکردنێکی زۆر بەدەستەوە دەدات. یا ساکان ئەمانەن(Finch,2000:138) :

1. گ.س ← سپێك ، س'

2. س' ← (سەربار )، س' ، (سەربار)

3. س' ← س ، تەواوکەر

زمانەکان بە پێی سیستەمی ریزکردنی کەرەسەکانی بکەر و کار و بەرکاردا لە چوار چێوەی ڕ ستەدا ج یاوازی دە نوێنن[1] بەو پێ یە لە ریزکرد نی ئەم کەرەسانەشدا جیاوازی دە نوێنن بەوەی کە سەرە یەك شوێن ناگرێت بەڵکو بەنیسبەت شوێنی تەواوکارەکەی یان سەرە □ سەرەتا[2]یە یان سەرە □ کۆتا[3]؛

---

[1] چوار جۆر سیستەمی ریزبوونی سەرەکی بۆ کەرەسەکانی بکەر وکار و بەرکار دەستنیشان کراوە کە ئەمانەن :

أ. بکەر– بەرکار □ کار (SOV) . وەکو لە زمانی کوردیدا .

ب. بکەر □ کار □ بەرکار (SVO) . وەکو لە زمانی ئینگلیزیدا.

پ. کار □ بکەر □ بەرکار (VSO) . وەکو لە زمانی عەرەبی دا .

ت. بەرکار □ کار– بکەر(OVS). هەرچەندە لەم دواییەدا کاین (1994) لەو باوەرەدایە کە لەبنەرەتدا یەك سیستەمی ریزبوون هەیە کە بەم شێوەیە: بکەر □ کار □ بەرکار ،جیاواز دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە سەر ئەو کردەیانەی کە لە میانەی پرۆسەکانی کۆمپیۆتەریدا روو دەدەن(المزینی 2005: 293).

(2) Head _ first

(3)Head_ last

واته له هەندێ زماندا سەرە پێش تەواوکارەکەی دێت و  لە هە ندێ زما ندا  پاش تەواوکارە کەی ،  هەروەها ( سپێك)یش  لە هە ندێ ز مان  پێش س' د ێت و  لە هەندێکی تر لە دوای س' . بەم شێوەیە دەشێ چوار جۆر لێی دەستنیشان بکرێ لێرە سەربار بە لاوە دادەنێین .

1)




2)




3)



4)




شایەنی باسە وا فەرز دەکرێ کە ئەو زما نەی کە سەرە– سەرەتا بێ ، دەبێ هەموو گرێیەکانی پێرەوی ئەم ریزبوونە بکەن ، هەر چەندە زۆر زمان پێرەوی ئەم خاڵە دەکەن بەلآم زۆر زمانیش هەیە ئەم بنەما یە دە بەزێنن بۆ نموو نە گر ێی کاری لە زمانی ئەڵمانی دا سەرە– کۆتایە بەلآم لە جۆرە کانی تری گرێ سەر– سەرەتایە (Barwari,2004:47 cf Bach,1962:265) . بەم پێیە پەیرەوکردنیان رێژەییە . لە شیوەزاری کر مانجی سەرووی ز مانی کورد یدا چۆنیەتی ریز بوونی کەرەسەکانی گرێ وەك دەستەی یەکەمە واتە سەرە – سەرەتایە . وەك :

14. ئەو کچ




هەموو رستەیەکی شێوەزاری کرمانجی سەروو سەرە کۆتا یە ؛ لە بەر ئەوەی کە لارستە لەم شێوەزارەدا گرێیەکی رێککەوتنییە .

## 3 .3. 4. جۆرەکانی گرێ بەپێی تیۆری سین– بار(س') :

بەپێی جۆری وشەی سەرە لە رووی پۆلە فەرهەنگی یا رێزمانییەوە و بە پشتبەستن بە پەیوەندی شوێن لە نێوان سەرە و تەواوکاردا ئەم جۆرانەی گریٚ کە لە خوارەوە پێشان دراوە لە زمانەکاندا روون دەبنەوە . ئێمە لێرەدا تەنیا بە نیسبەت زمانی کوردی وەردەگرین.

## 3. 3. 4. 1.گریٚ لێکسیکی یا خود فەرهەنگییەکان.

أ. گرێی ناوی : لە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی تیۆری س'دا هەر وەك لە رێزمانی گوێزانەوەدا گرێی ناوی لە سەرەیەکی ناو و چەند دەرخەرێك پێك دەهات. دەرخەر یەکێك بوو لەمانە: وشەی رادە و ژمارە ، ئامرازی نیشانە ، ناوێکی تر ، ئاوەڵناو ، جێناو(کەسی و خۆیی).




بەڵام پاشان تێبینی ئەوە کرا ئەمە بە نیسبەت ئامرازی نیشانە و هەندیٚ کەرەسەی تر گرفتی بیٚ سەرەبوون[1] دێنێتە ئاراوە ؛ چونکە ئەو کەرەسە سینتاکسییەی کە لەگەڵ سەرەیەکدا کۆ دەبێتەوە ، تەواوکارە ، نەك سپێك . هژماردنی نیشانە بە گرێیەکی تەواوکاری جێی گومانە. کەواتە لەم بارەدا کامەیان وشەی سەرەیە: نیشانکەرەکە یا ناوەکە. تیۆری س' وای بۆ دەچێت لەبەر ئەوەی کە نیشانکەر ناتوانیٚ بە هۆی کەرەسەیەکی ترەوە (دەرخەر)وەسف بکرێت و دەرخراویش سیمایەکی بە گریٚ بوونە ؛ هەروەها لە بەر ئەوەی ناو دە شیٚ وەك دەرخراو دەرکەویٚ ( کچا جوان ) کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نیشانکەر بەسەرەی گرێیەکە دابنێین(Carnie,2002:144) (Syntax,2002:21-30).

---

(1) Headedness

بەم شێوەیە لەم تیۆرەدا هەموو گرێیەکی ناوی و جێناوی بە گرێی دەرخەری[2] دەژمێردرێت(Radford,1997:258) ، تەنانەت ئەگەر دەرنەکەوتووش بێ وەك لە ناوە تایبەتییەکان بۆنموونە( شێروان) شوێنەکەی بە مۆرفیمی ϕ پڕ دەکرێتەوە(Syntax,2002:30-34).

15. شێروان




16. بازنێن نارینێ ( بازنەکانی نارین)




17. پەیڤا تە ( وتەی تۆ)




(1) DP= Determiner Phrase

ب. گر یێی ئاوەڵ ناوی: ئاوەڵ ناو دە توانێ دەرخەر(دیار خەر) وەربگر یێت کە بەزۆری وشەکانی رادە و نیشانەی پلەی بەراورد وبالاّ یە . هەروەها ژمارە یەکی کەم لێیان دەتوانن تەواوکار وەربگرن ؛لێرەشدا دیسان نیشانەی پلەی بەراورد بە سەرەی گرێ ژمێردرا؛ وەك :

18. درێژتر




19.درێژترین کەس




پ.گرێی بەند:

پێشناوەکە کە سەرەی گرێیەکەیە هەمیشە لە پێش تەواوکارەکەی د یێت واتە گرێی بەند لە زمانی کوردیدا سەرە □ سەرەتایە . ئەمەش لە راستیدا لادا نە لە بنەمای زما نەکانی SOV کە دە بێ گر یێی بە ندیان سەرە کۆتا و سپێك □ سەرەتا بێ .گر یێی بە ند دیار خەر وەر ناگرێ و تەواوکارە کەی پێویستییەکی پێ شناوەکەیە . گر یێی بە ند دە شێ گرێ یەکی رادە وە کو سەربار وەربگرێ ؛ پێشناوەکان دەشێن پاشپرتك وەرگرن و بەمە شێوەی لێکدراوی پێك دێنن ؛ وەك:

20. ژ        قه
بۆ    مال    دا
ل          را
د
ب




ت.گرێی ئاوەڵکاری : دیارخەری بریتییە لە گرێی رادە ؛ وەك :

21. گەلەك بلەز




جـ . گرێی کاری : کار ، بەرکار وەکو تەواوکار و گرێی بەند و گرێی ئاوەڵکاری وەکو سەربار وەردەگرێت . بەڵام نیسبەت سپێك (دیارخەر) تیۆری س' وا بۆدەچێت کە لە گرێی کاریدا شوێنەکەی بەتاڵە؛ بۆنموونە:

22. نانی لسەر مێزێ بخۆ .        ( نانەکە لەسەر مێز بخۆ.)



ك'                    گ.ن

ك'          گ.بەند          ن'

لسەرمێزێ          ن

ك                    نانی

بخۆ

### 3. 3. 4. 2.گرێی پۆلە ئەركییەكان:

ساغبوونی رۆل و سیمای پۆ لە ئەركی یەكان لە میا نەی لێكۆڵینەوەكا ندا بەهایەكی تری بەم جۆرە كەرە سانە بەخ شی . ئیتر ئەم جۆرە كەرە سانە بە دیارخەری گرێی ناوی نەدەژمێران ، بەڵكو وەكو سەرەی گرێ ما مەڵیان لە گەڵ دەكرا. لە شێوەزاری كرمانجی سەروودا سەرە ئەركی یەكان لە مەودای گرێ دا بریتین لە: جێناوی نیشانكەر و نیشانەكانی نفش و كۆ و نەنا سیاوی لە دۆ خی خستنەسەر . وەك لەم نموونەدا روونی دەكەینەوە:

23. كچا ئازادی




### 3. 3. 4. 3.شیكردنەوەی رستە وجۆرەكانی بەپێی تیۆری س':

بێگو مان دەبووا یە ت یۆری س' ئەوە ندە فراوان بكر ێت كە شیكردنەوەی رستەش بگرێتە خۆی ؛بەلاّم چ كەرە سەیەكی ر ستە دە بێ وە كو سەرەی ر ستە

دەستنیشان بکرێت . تیۆری س' وابۆ دە چێت کە پێوی ستە سەرە ، تەواوکار و سپێکی رستە دەستنیشان بکرێن . بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پێوەری ژێر پۆلێنکردن بەکار بهێنرێت ؛ چونکە هیچ کا مەیان یە کەی فەر هەنگی نین. بەم شێوەیە ر ستە وە کو گرێ یەکی ئەرکی دەژمێردر ێت (Black,1998:10-11). بۆ یەش کەرەسە گەردانییەکانی کار بە تای بەتی ئەوا نەی جۆرە بەندێتی یەك لە ن ێوان بەشەکانی رستەدا دادەمەزرێنن وەك سەرەی ئەرکی نوێنران ؛ بەم پێ یە هەر فۆرماتیڤێکی سینتاکسی لە زمانێکی دیاریکراودا ئەگەر هاوشانی پۆلە ئەرکی یەکان بێت ، ئەوە لەرووی سینتاکسەوە سەرەی جێکەوتە یەکی مەز نە . بەم شێوەیە نیشانەکانی رێککەوتن ، دەم(کات)، نادیاری ، نەرێ و ..تاد.هەموویان سەرەی ئەرکین(Fattah,1997:212- 221) .

هەرچەندە لە س'دا گرێ دەبێ یەك سەرەی هەبێ ئەمە لە لارستەدا پێرەوی ناکرێ بەوەی کە لە یەك لارستەدا دە شێ دوو تا سێ سەرەی ئەرکی ج یاواز هەبێ کە جێکەوتەکەشیان جیاواز بێ وەك سەرە ئەرك یەکانی رێك کەوتن ، دەم (ت ێنس) و کار . سەرەی رێك کەوتن هەمی شە شوێنێکی بەرزتر وەردەگر ێت (Radford,1997:226). لار ستەی شێوەزاری کر مانجی سەروو بە گر ێی رێککەوتنی دەژمێردرێت کە همیشە یەکێك لە ئارگیومێنتەکانی لە رووی کەس و ژمارەوە لە گەڵ کاردا رێك دەکەوێت کە لە هەموو دەمەکاندا بکەرە تەنیا لە کاتی را بردوودا نەبێت کە کار لە رووی کەس و ژ مارەوە لە گەڵ بەرکاردا ر ێك دە کەوێت . هەرەمی ئەم سەرە ئەرکیا نە لە ر ستەی شێوەزاری(ك.س) بەم شێوەیە :

( 8) گ.رێك  گ.دەم  گ.ك

ده بێ تبیـ نی ئەوە بـ کەین کە لە ز مانی کورد یدا بەگ شتی مۆرفیـ مە گەردانییەکانی ڕێککەوتن و دەم کلیتیکن و هەمیشە بە ڕەگی کارەوە دەنووسێن و ناشێ لە یەکتر جیابکرێنەوە چونکە دەبێـ تە هۆی تێکچوونی ڕۆ نانی کارە کە، تەنانەت هەندێ جار مۆرفیمی دەم لە ناو ڕە گی کاردا تواوە تەوە و ناتوانرێ دەستنیشان بکرێ .لەم نموونانەی خوارەوەدا تەنیا بۆ مەبە ستی ڕوونکرد نەوەی چەمکی هەر سێ جۆری گرێی سەرەوە لە شوێنی جیاواز ئاماژەمان پێدایە .

**أ. ڕستەی سادە:** 24.ئازاد نڤست.




25. جیهانێ هۆنیا نڤاند. (جیهان هۆنیای خەواند.)



ئازادی گ.دەم ڕێك

وەرگرتنی

دۆخی ئێرگەتیڤی گ.ن /ئازاد دەم' ϕ

هۆنیا/ϕ

گ.ك دەم

+ ڕابردوو

وەرگرتنی گ.ن ك'

دۆخی ڕەها (ڕێککەوتن) هۆنیا ك

نڤاند

**ب.ڕستەی ناسادە( لێکدراو و ئاڵۆز) :**

بەپێی ئەوەی کە سەرە دەبێ یەکە یەکی فەر هەنگی یا ئەرکی ب ێت ،و لارستەش نە یەکەیەکی فەرهەنگییە و نە وشە، هەروەها لارستە زیاتر لە تەواوکار دەچێت (Black,1998:5). تیۆری س' وا بۆدەچێت کە لە ر ستە نا سادەکاندا دەبێ ئامرازی( لێکدەر یا گەیەنەر) بە سەرەی ئەرکی دابنر ێت و لار ستەکە بە تەواوکار دور ست پێ چەوانەی ڕێز مانی گوێزا نەوە کە ئامرازی گەیە نەری بەدیاریکار(سپێك) و لارستەی بە سەرە دادەنا(Ibid:8).

لە ڕاستیدا بیرۆکەی بە سەرە کردنی ئامرازی( لێکدەر یا گەیەنەر) لە ڕۆ نانی ڕستەی ئالۆزدا بۆ لانگدۆن دەگەڕێتەوە (Langendoen,1975:540). بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا جارێکی تر هاتە ئاراوە.

هێڵکاری پێکهێنەرە سەرەکیەکانی ڕستەیەکی ئاڵۆز بەم شێوەی خوارەوەیە:

وێنەی ژمارە(11)






هەروەك لە وێنەی سەرەوەدا دیارە ، لە رستەی ئالۆزدا ئامرازی گەیە نەر سەرەی گرێیەکەیە و گرێ یەکی گەردانی وەك تەواوکار وەردەگر یت . مۆرفیمی گەردانی دەبێ تە سەرەی ر ستەی گەردانی و گرێ یەکی کاری وەك تەواوکار وەردەگرێت .

بەم پێیە لە چوارچێوەی ئەم تیۆرەدا توانرا هەرەمێکی زنجیرەیی پلەدار بۆ رستە دابین بکرێت و دووری و نزیکی کەرە سەکان لە سەرە لە سەر بنەمای ئارگیومێنت بوون و نائارگیومێنتی و چۆنیەتی کارکردنی ئە مە لە سەر وا تای رستە روون بکرێتەوە.

لە شیوەزاری کرمانجی سەروودا شیکردنەوەی رستە نسادەکان بەپێی تیۆری س' بەم شیوەی خوارەوەیە :

1. رستەی لێکدراو:

26. کاروان هات و چوو.



ر.لێك
ر2
لێك
ر1
گ.رێك
گ.رێك
رێك'
گ.ن
رێك'
گ.ن
ϕ/( كەرەسەی بەتاڵ) . ..
ϕ/كاروان
رێك'
گ.دەمی
رێك
گ.دەمی
ϕ
ϕ
دەم'
گ.ن
دەم'
گ.ن
كاروان
كۆنترۆڵ بە هۆی هاوپێرستی
كاروان
دەم
گ.ك
دەم
گ.ك
+رابردوو
+رابردوو
گ.ك
گ.ن
ك'
گ.ن
ك
ك
چوو
و
هات

27. ئەز دێ هێم بەڵێ نامینم. (من دێم بەڵام نامینم.)



2.رستەی ئاڵۆز :

28.دەمێ ئەو هاتی ئەز چووم.　　　　(ئەو کاتەی ئەو هات من ڕۆیشتم.)



26. ئەو گولدانیٚ کو تە کڕی من شکاند .     (ئەو گولدانەم شکاند کە تو کڕیت.)



گم.ك گەردان

ك [ڕێك]

كرێ

# بەشی چوارەم

# تیۆری سیتا (θ)

## 4. 1. سەرەتا :

چۆمسكی لە ڕێز مانی گوێزا نەوەدا وای بۆ دە چوو كە فەر هەنگ دە بێ بەلایەنی كەمەوە سێ جۆرە تایبەتمەندی یا خود زانیاری جـ یاواز سەبارەت بە یەكە فەرهەنگییەكان لە خۆ بگرێت كە دەشێ لە زانیاری پۆلی و ژێر پۆلی و كۆ تە هەڵبژاردنیەكاندا كورت بكرێنەوە . زانـ یاری پۆلی[1] (ڕێز مانی ) ئا ماژە بۆ پۆ لە ڕێزمانییە كەی و شەكە دە كات ، زانـ یاری ژێر پۆلكردن[2] ئەو چوار چێوەیە دەستنیـ شان دە كات كە و شەكە دە شێـ تـ یادا دەر كەوێت . زانـ یاری كۆ تە هەلبژاردنیەكان[3] ئەوە دەستنیشان دەكەن كە چ جۆرە كەرسەیەك خۆی بە سەر كەرە سەكانی تر دە سەپێنێت و چۆن هەڵیان دە بژێرێت[4] ؛ بۆ نموو نە لە فەرهەنگدا سەبارەت بە یەكەیەكی وەك **(چوو)** ئەم زانیاریانە دەبێ هەبێ :

(1) Categorial information
(2) Subcategorisation information
(3) Selection restrictions

(4) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە : (سلیمان2001: 91- 98).

أ- زانياری پۆلی :     (کار)ە

ب- زانیاری ژێرپۆلکردن : تەنیا پێوستی بە بکەر هەیە واتە : چوو : [+ بکەر ]

ج- کۆتی هەڵبژاردن : ( چوو) کەرە سەی هەڵبژێرە و بکەرە کەی دە بێ توا نای ڕویشتنی هەبی .

واتە  :     چوو  :  [ + بکەر < +زیندوو , +ڕۆیشتن > ]

بەم پێ یە : ڕ ستەی (1- **ئازاد چوو.**) ڕ ستەیەکی درو ستە لە ڕوی ڕێز مان و واتاوە.

لە ئەنجامی سەرنجدان و تێرامانی زما نەوانانی وەك گرو بەر[1] (1965) و فیلمۆر[2] (1968) و جاك ندۆف[3] (1972 )و هیتر لە جۆری پەیوە ندی نێوان کەرە سەکانی ڕ ستە و بەتایبەتی لە جۆری پەیوە ندی نێوان ڕ ستەی بکەردیار و بکەرنەدیاردا دەرکەوت کە واتا ڕۆلێکی گرنگ لە چۆنیەتی دار شتنی رستەکاندا دەبینێت ؛ بۆیە هەوڵ درا ئەوە بسەلمێنرێ کە فەرهەنگ جۆرێکی تری زانیاری سەبارەت بە یە کە فەرهەنگیەکان لە خۆدەگرێت کە بە زانیاری واتایی[4] یا خود سیمانتیکی نا سرا. (Radford,1995:372) . وەك لەم نموونەیەدا روونی دەکەینەوە :

( 2)   أ. ئازادی سێڤ خوار .

ب. سێڤ هاتە خوارن ژلایێ ئازادی ڤە.

---

(1) Gruber
(2) Filmore
(3) Jackendoff
(4) Thematic information

دیاره لە ڕستەی(أ) ئازاد بکەرە کەچی لە ڕ ستەی (ب)دا سیڤ شوێنی بکەری گرتووە کەواتە سیڤ بکەرە. لە ڕستەی (أ)دا سیڤ بەرکارە بەڵام لە ڕستەی (ب)دا بەرکار دیار نیە. بەپێی وەسفی پەیوەندییە ڕۆنانییەکان لەم دوو ڕستەیەدا خالێکی گرنك خۆی دەنوێنیٚ کە ئەم دوو ڕستەیە یەك ڕووداو دەگەیەنن. لە هەر دوو ڕستەدا ئازاد ڕۆلی ئەنجامدەری هەیە ، سیڤ ڕۆلی بەرکارکەوتوویی یاخود کارتێکراوی هەیە ، ئەم ڕۆلانە لە نێو ئەوانی تر زیاتر ئاماژە بە پەیوەندییە واتاییەکانی نێوان ئەم دوو گریٚ ناوییە و ڕووداوە کە دەدەن. هەستکردن بە هەبوونی ئەم جۆرە پەیوەندیانە و لێکۆڵینەوەیان چ کاریگەرییەکی لەسەر بۆچوونەکانی پێشتر و دوای خۆی هەبووە و چ نهێنییەکی تری ڕێزمانی گشتیمان بۆ ئاشکرا دەکات. تیۆری (سیتا) هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوەی سروشت و سیمای ئەم جۆرە پەیوەندییە واتاییانە و مەودای کارکردنیان لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا کە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین ڕوونی بکەینەوە.

## 4. 2.تیۆری سیتا : پێناسە وئەرك:

یەکیٚ لە دەستکەوتە گرنگەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان لەم چەند دەیەدا جیاکردنەوەی زانیارییە سینتاکسییەکان لە زانیارییە سیمانتیکییەکان یاخود تیۆری (سیتا)یە کە بریتییە لەو تیۆرییەی کە بە شێوەیەکی گشتی بەندە بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن ڕۆنانی سینتاکسی دەبێتە ناوەندی دیارکردنی چۆنیەتی پەیوەندی نێوانیە کە سینتاکسییەکانی ڕستەیەك لە لایەك وپێویستییە(ئارگیومێنتە)[1] واتاییەکانی ڕۆنانی سەرە لە لایەکی ترەوە (Culicover1997:21).

(1)Argument

سەبارەت ئەو زاراوانەی کە بۆی بەکار هاتوون . هێمای سیتا[2] (θ) کە لە بنەڕەتدا تیپێکی گریکییە وەکو زاراوە بۆ ئا ماژەکردن بەم تیۆرە بەکارهاتووە بەڵام سەبارەت بە ناولێنانی بە ڕۆلی واتایی[3] یاخود پەیوەندی واتایی[4] تێکەڵکردنێك دەبینرێت کە ئەمەش بۆ کاریگەربوونی زمانەوانەکانی وەك فیلمۆر بە ئامانجی پێکهاتەی ڕێزمانی دێرین دەگەڕێتەوە کە بریتییە لە وەسفکردنی ڕاستەوخۆی ڕێزمانی زمانێك لە ڕێگەی کۆمەڵە یەکەیەکی دووانەیی پێکهاتوو لە برگەیەکی سینتاکسی و واتا ڕۆنانییەکەی(Fillmore,1987:3). بێگومان ئەمە ڕێگایەکی ستاندەردە بۆ نوا ندنی زانیاری فەرهەنگی ؛ بەڵام فراوانکردنی بۆ لەخۆگرتنی پێکهاتەی بکەردیار و بکەرنەدیار و پێکهاتەی بکەر – بەرکار واتە زیاتر تەم ومژاوی کردنی ئەو پێکەوە گرێدانەیە کە لە نێوان فەرهەنگ و زانیاری سینتاکسی دێرین دا هەیە(Jurafsky,2002:278). ڕێزمانی دۆخی فیلمۆر کە ئەنجامی تێکۆشان و کارکردنێکی تایبەتە لە سەر رۆڵە واتاییەکان باشترین بەڵگەیە بۆ وتەکانی سەرەوە کە تێیدا جەخت دەخاتە سەر دانانی لیستێکی هەمیشەیی لە رۆڵە واتاییەکان بۆ شوێنە فەرهەنگییەکانی تایبەت . بەلای فیلمۆرەوە ڕۆڵە واتاییەکان بریتین لە کۆمەڵێ پەیوەندی ناسەربەخۆ و بەند کە بە دۆخ ناویان دەبات، بێ ئەوەی پێوەرێکی سینتاکسی بۆ چۆنیەتی دەرکەوتن و ناساندنیان دەستنیشان بکات(Kruijff,2002:28) ؛ هەر جەختکردن لە سەر ئەم خاڵەش واتە سیمای نەگۆڕ و سیستەماتیکی نێوان ڕۆڵە واتاییەکان بووە هۆی ئەوەی کە تیۆری رۆڵە واتاییەکان نەتوانێ بەرگە بگرێت و پەرە بسەنێت. هەرچەندە هەندێ ڕۆلی واتایی وەك کارا و کارتێکراو بەرگەی پێناسەی زۆر ورد

(2)Theta (θ)
(3)Thematic role
(4)Thematic relation

دەگرن (Grimm,2005:18)، بەلاَم لەگەلْ ئەمەش دا  پێوا نەی پێنا سەکان زۆر کالْن. جگە لەوەی کە لە نێوان رۆلەکان یا خود دۆخەکان پەیوەندییەکی یەك  بە یەك نابینر ێت (Cowper,1992:51) ، بە شێوەیەك  کە هە ندێ  جار  یەك کەرەسە دەشێ دوو تا سێ رۆل لە هەمان ر ستەدا وەربگر ێت ؛ بۆ یە جاک ندۆف رۆلە واتاییەکانی تاك و دە بلێ  لە  یەکتر ج یا دەکا تەوە . نموو نەکانی  خوارەوە مەبەستەکەمان زیاتر روون دەکەنەوە*.

کارا[1]: ئەو دۆخە زیندووەیە کە بە کار ێك هەلْدە ستێت  یان  دەبێ تە  هۆی رووداني رووداوێك یا خود بە ئەنجامی دەگەیەنێت(Fillmore,1968:5).

کارتێکراو[2]: ئەو دۆ خە زیندووە یە  کە  بە  هۆی بارێ کەوە  کاری تێ کراوە (Ibid:25)، یا خود ئەو شتەیە کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری پرۆسەیەك یا کارێك (Kathol,2003:17) وەك لە  :

(3) أ. ***جووتیاری*** زەڤی کێلا.

ب. ***جووتیاری*** زەڤی داکێلان.

لێرە جووت یار  کە  بە  کاری ( کێلان) هە ستاوە کارا یە ئینجا چ  خۆی  بە ئەنجامدانی کارەکە هە ستا بێت  یا  خود  بە کە سانێکی  تری را سپاردبێت  و (زەڤی) کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری  کاری ( کێلان)  کارتێکراو  یا  خود ( باس)ە. دۆخی کارتێکراو لە دوا بەرهەمەکانی فیلمۆردا  گۆرا  بۆ دۆ خی هە ستپێکەر[3] و بواری بەکارهێنانی شی وا  فراوان  کرا  کە  هەر دوو دۆخە کەی ( کارتێکراو و

---

* بە لایەنی  کەم دە شێ دە (10) رۆلی وا تایی  لە  تەواوی زمانەکا ندا دەستنیشان بکر ێت  لە  کۆی دوازدە رۆلی واتایی:( کارا ، کارتێکراو ،  شوێن ، ئامێر ، دەم ،  سوود وەر گر، هە ستپێکەر، ها ندەر،  هۆیی ،ئا مانج) . دووانەکەیتر ( سەرچاوە و خاوەن)ن (هادسن 1382: 316و 318).

(1) Agent
(2) Patient
(3)Experiencer

هەستپێکەر) بگرێتەوە .ئەم دۆخە بەوە دەستنیشان کراوە کە لەگەڵ ئەو کارا نەدا دێت کە شارەزایی و گۆڕان لە باری هۆشەکی و دەروو نی کە سێك پێ شان دەدەن (سعید14:1990) . هەستپێکەر وا تە ئەو تا کەی کە هە ست بە رووداوە کە دەکات یا لێی تێ دەگات(Cowper,1992:49) . وەك لە:

4. **ئازاد** ب نەخۆشیا کەفت.

5. **ئالان** حەز لە شیرینی دەکات.

ئامانج[4]: ئەو کەرەسەیەی کە ئاراستەکە بۆ لای ئەوە. ئیذ جا ئارا ستەکە چ کۆنکریت بێ وەك لە (6)أ یا نابەرجەستە وەك لە (6)ب،(Ibid:49).

(6) أ. ئەم چووینە **دهۆکێ**.

ب. مامۆستای ئامۆژگاری دانە **قوتابیان**.

سەرچاوە[1]: ئەو یەکە یە کە ئارا ستەکە(کۆنکریت بێ یا نابەرجە ستە) لێی دەردە چێت ، بە واتا یەکی تر خاڵی دە ستپێکردنی ئارا ستەکەیە (kathol,2003:18).

(7) أ.ئەو ژ **هەندەرانێ** هات.

ب.**مامۆستای** باشترین پلە دا ئازادی. (مامۆستا باشترین پلەی بە ئازاد دا. )

هەندێ جار لە رستەیەکدا یەکەیەك دەشێ دووتا سێ رۆڵ لە یەك کا تدا وەربگرێت.لە رستەی خوارەوەدا *ئازاد* هەم کارایە و هەم سەرچاوە.

8. **ئازادی** خانیێ خۆ فرۆتە شڤانی. (ئازاد خانووەکەی بە شڤان فرۆشت.)

---

(4) Goal
(1)Source

به  شێوەیەکی گ شتی دە توانین رۆ ڵە واتای یەکانی  سەرەوە و  هی  تر  لە چوارچێوەی دوو گەورەڕۆل کۆ بکەینەوە کە رۆلە واتاییەکان دەشێن لە یەك کاتدا وەریبگرن(Ibid:23) .




رۆلە واتاییەکان لە هەرەمی گەورەڕۆلەکان دا بەم شێوەیە ریزبەند دەکرێن.

هەرەمی ئەنجامدەر:

کارا  ئامێر  هەستپێکەر  بەشدار

هەرەمی بەرکارکەوتوویی:

کارتێکراو  باس  هاندەر  هەستپێکەر  بەشدار(Ibid:23) .

لە لێکۆڵینەوەکانی دوایی دا  هەوڵ درا  ئەو زانیارییا نەی  کە  لە دەروازە فەر هەنگی یەکەکا نەوە د ێن  لەو زانیارییا نەی  کە  لە رۆ نانی سینتاک سییەوە سەر چاوە وەردە گرێن جـ یا بکرێ نەوە وا تە دەستنیـ شانی  ئەوە بکر ێت  کە چ سیمایەکی رۆلێکی واتایی وەك (کارا) لە وا تای کارە کەوە  بە دە ست د ێت و چ  سیمایەکیش  بە  هۆی رۆ نانی گرێیە کەوە دەخرێ تە  سەری.  بەم پێ یە رۆ لە واتاییەکان هەوڵێکن بۆ سنووردارکردن یا خود کۆتکردنی پێوا نە واتای یەکانی  کار

(2)Macroroles

نەك هەر چییەك كە بە هۆی لێكدا نەوەی سەرتاپای ر ستەیەكەوە بە دە ست د یێت(Grimm,2005:18). بە واتا یەكی تر رۆ لە واتای یەكان بریتیین لەو پەیوەندییانەی نێوان رووداو و تاكەكاندا هەن؛ بۆ نموو نە پەیوە ندی كارایی لە نیوان رووداو وتاكێكە كە ئەو تا كە بە وی ست چالاكیەكە ئەنجام دەدات وەك بە شێك لە رووداوە كە و بە بیێ ئەو رووداوە كە جێ بەجێ ناب یێت، پەیوە ندی كارتێكراویی لەنێوان رووداو و ئەو تا كە دا یە كە كاری گەرە بە بە شێك لە كارەكە(Portner,2005:51). وە نەبێ زمانەوانان هەموویان لەسەر ئەم چەمكانە رێك كەوتبن؛ بەڵكو چەندین بیر وبۆ چوونی ج یاواز لە نێوانیا ندا تە شەنەی كردووە بۆ نموونە داوتی[1] لەو باوەرەدا بوو كە مەرج نییە بۆ وەرگرتنی رۆڵی كارا یا خود كارتێكراو ..تاد بگەرێینەوە سەر رووداوەكە بەڵكو هەر یەك لە خودی ئەم رۆڵانە خاوەنی كۆ مەڵێ سیمای بنەرەتی یە كە ئەو زاراوەی كارای ب نەرەت و كارتێكراوی بنەرەت یا سەرەتایی بۆ یان بەكار دێنێت.. تاد . بۆ نموو نە كارای بنەرەت خاوەنی ئەم سیمایانەیە: بە ویستی ، هە ستپێكەر ، هۆ كاری، توا نای جوولەكردن( بە نیسبەت بەشداربووانی تر) و هەبوونی سەربەخۆ .

كارتێكراوی بنەرەت خاوەنی ئەم سیمایانەیە:كاریگەر بوون بە گۆرانكار یەك ، گۆرانكاری پلە بە پلە، كاریگەربوون بە هۆكارێك ، خۆجێیی بوون ( بە نی سبەت بەشداربووانی تر) و ناسەربەخۆیی یا بەندبوون بە هەبوونی تر.

ئینجا هەر وشەییێك كام دەستە سیمای هەبێت دەشیێ لە رستەدا لە شوێنی ئەو دا بێت و ئەو رۆلە واتاییە وەربگرێت . بۆ نموو نە لە كارێكی وەك ***خوارن*** پێوی ست نا كات بۆ دەستنیـ شانكردنی ب كەر و بەركارە كەی بگەرێی نەوە سەر رووداوی خوارن لە رستەیەكی وەك :

---

(1) Dawty

9. ئازاد فێقی دخوت .                (ئازاد میوە دەخوات.)

ئازاد زیاتر لە فێقی (مـیوە) کارا ئاسایە ؛ بەواتا یەکی تر خاوەنی سیماکانی کارابوونە .بەم پێیە دەبێتە بکەری رستەکە. (فێقی)ش ئەو شتەیە کە دەخورێ ، دەبێتە بەرکاری رستەکە (Ibid: 53).

بەم شێوەیە چەندین چەمك و بیرۆکە و تیۆریتر لەم بوارەدا هاتنە ئاراوە وەك تیۆری سیمانتیکی چەمکی[1] و تیۆری نەخشەکێشانی فەرهەنگی[2] وتیۆری سیمانتیکی شێوە ئەتۆمی[1]. ئیمە لێرە تەنیا تێروانین و شوێنی ئەم رۆلانە لە چوارچێوەی تیۆری دەسەلأت و بەستنەوەدا دەخەینە روو.

لە یەکەم هەنگاودا ئەو هەڵە گەورەیەی جیاوازی نەکردن لە نێوان رۆلی سیتا و پەیوەندی واتایی چارەسەر کرا ؛ بەوەی کە پەیوەندییە واتاییەکان بە هۆی زاراوەکانی سیمانتیکی پێناسە دەکرێن و دەشێ زیاتر لە یەك پەیوەندی واتایی (سیمانتیکی) لە نێوان کارێکی دیاریکراو و گرێیێکی دیاریکراودا هەبێ کەچی رۆلە سیتاییەکان بە هۆی زاراوەکانی سینتاکسییەوە پێناسە دەکرێن . سیتارۆل بریتیە لە کۆمەڵێ پەیوەندی واتایی کە بەهۆی کەرەسەیەکی تایبەتییەوە

---

[1] تیۆری سیمانتیکی چەمکی Conceptual Semantic لە لایەن جاکندۆف لە سالأنی (1983)و (1987) دانرا.

[2] تیۆری نەخشەکێشانی فەرهەنگیLexical mapping theory لە چوارچێوەی LFG لە پەیوەندی نێوان رۆلە واتاییەکان و ئەرکە رێزمانییەکان دەکۆلێتەوە کە لە لایەن Levin 1987P; Bresnan &Kanerva 1989 دانرا.

[1] تیۆری سیمانتیکی شێوە ئەتۆمی لە سالی 1991 لە لایەن Dawty یەوە دانرا . کرۆکی بیرۆکەکەی لەوە دایە کە دەیەوێ جیاوازی نێوان ئەو کارا و کارتێکراوەی کە لە گرێ دا دەردەکەون و ئەو کارا و کارتێکراوەی کە لە فەرهەنگی گوزارەیەکدا هەن بگەرێنێتەوە بۆ پێویستیەکانی ئەو کارەی لە گەلی دێن بە ریگەی وردکردنیان بۆ سیما واتاییەکان و ناولێنانیان بە کارای بنەرەتی و کارتێکراوی بنەرەتی و..تاد.

دەستنیشان دەکرێن بۆ شوێنێکی تایبەت . سیتارۆل لەوانەیە لە لێکدانەوەی یەك یا زیاتر لە یەك پەیوەندی وا تایی پ ێك هاتبێ . ئەوەی کە هەموو پەیوەندی یە واتاییەکان یەکلای دەکەنەوە ئەوەیە کە یەك کەرە سە تەنیا دە توانێ ئا ماژە بۆ یەك رۆلی سیتا بکات و تەنیا بۆ یەك شوێن(Cowper,1992:55) . هەروەها تاقانەبوون راستییەکی نەگۆڕی رۆ لە واتاییەکا نە ؛ بەم پێ یە هەر لار ستەیەك بەلایەنی زۆر تەنیا یەك کارا ، یەك کارتێکراو..تاد هەیە. بەم شێوەیە دە توانین بنەماکانی زمان لە چەمکی رۆلە واتاییەکان هەڵێنجێنین ؛ وەك لە خوارەوە :

1 ئەگەر ڕستەیەك یەك کارای هەبێ ، ئەو کارایە بکەری ر ستەکەیە؛ وەك:

10. ***ئازاد*** هات. ئازاد : کارا

2- ئە گەر ڕ ستەیەك یەك کارتێکراوی هەبێ و هیچ کارای نەبێ ، ئەو کارتێکراوە دەبێتە بکەری رستەکە ؛ وەك:

11. ***پەنجەرە*** شکەست. پەنجەرە: بکەر

3- ئەگەر رستەیەك کارا و کارتێکراوی هەبێ ، کارتێکراوەکە دەب ێت بەرکاری رستەکە.وەك: 12) ***ئازادی پەنچەرە*** شکاند.

ئازاد: بکەر پەنجەرە: بەرکار

هەڵبەت دۆزی نەوە و روونکرد نەوەی نموو نەی وا یەکێ کە لەو شتانەی کە واتاسازی هەوڵی بۆ دەدات (Portner,2005:50-51).

بەم شێوەیە مەودای کارکردنی لقەتیۆری رۆلە واتاییەکان یا خود ت یۆری سیتا(θ) وەك لـ قەتیۆری س′ لە چوار چێوەی ت یۆری دە سەڵات و بە ستنەوەدا دەکەوێ تە ئا ستی ناوەوەی ر ستە ؛ وەك لە دا یاگرامی خوارەوە پێ شان دراوە(Johnson,2002:242).

وێنەی ژمارە(12)




ت یۆری دە سەلاَت و بە ستنەوە ژمارە یەك یا سا سەبارەت دە سەلاَتی راستەوخۆی[1]پۆلە سروشتییەکان بە سەر یەکتردا دەستنیشان کردووە کە بە شێوەیەکی گ شتی لە ب نەماکانی ت یۆری س′ رە نگ دەدە نەوە . ئەرکیان پێناسەکردنی جۆرە سەرەکیەکانی رۆنانی سینتاکسییە . تیۆری سیتا پەیوەندی بە رۆ نانی ئارگیومێنتی و رۆ لە واتاییەکا نەوە هە یە (Chomsky,1981: 5-6). رۆنانی ئارگیۆمێنتی گوزارە ئەو دە ستە کەرە سانە دەستنیشان دە کات کە لە گوزارەدا کۆ دەبنەوە و سیتارۆل بە هۆی پەیوەندییەکی واتایی بە گوزارەوە دەیان بەستێتەوە.(Berwari,2004: 29). بە دەوری هەر کارێك دا چەندین بازنە هەن کە ئارگیومێنتەکان واتە کەرەسە پێویستییەکانی ئەو کارە دەگرێتە خۆ . ژ مارەی بازنەکان بەندە بە واتای کارەکەیەوە . لە راستیدا بەشێك لە واتای کارەکە بە ندە بەوەی کە هەر ئارگیومێنتێك چ رۆلێکی هەیە و پەیوەندییەکەی لە گەڵ کار کە

(1) Immediate Dominace

ناوكی بازنەكا نە چۆنە . ئە مە ئەوە ناگە یەنێت كە ئە گەر دوو كار خاوەن ئارگیومێنتی هاوبەش بن واتاكانیان وەك یەك دەبن؛ بۆنموونە:

13. ئازادی كتێبا خۆ دا ئارازی . (ئازاد كتێبەكەی بە ئاراز دا.)

14. ئازادی كتێبا خۆ پێشكەشی ئارازی كر. ( ئازاد كتێبە كەی بە ئاراز بەخشی.)

15. ئازادی كتێبا خۆ نیشا ئارازی كر. (ئازاد كتێبە كەی بە ئاراز پێشان دا.)

16. ئازادی كتێبا خۆ فرۆتە ئارازی . (ئازاد كتێبەكەی بە ئاراز فرۆشت.)

لە تیۆری دەسەڵات وبەستنەوەدا ئەم جۆرە زانیارییە واتاییە بە جۆرێك لە زانیاری فەرهەنگی قسەكەری سرۆشتی زمان لە قەلەم دەدرێ كە بە هۆی بازنەی سیتا[1] دەنوێنرێت . بازنەی سیتا دوو جۆرە زانیاری سەبارەت بە كار لە خۆ دەگرێت : یەكەم زانیاری كۆتە هەڵبژاردنیەكان[2] كە دەستنیشانی ئەوە دە كەن كار توانای وەرگرتنی چەند ئارگیومێنتی هەیە؛ دووەم ئەو رۆلە واتاییا نەی[3] كە هەر ئارگیومێنتێك وەری دەگرێت. بۆ نموو نە باز نەی وا تایی ( سیتا)ی كارێكی وەك خواردن بەم شێوەیە .

خواردن :( كارا ، كارتێكراو)

واتە خوارن دوو ئارگیومێنت وەردەگرێ كە رۆلی كارایی بە یەكێكیان دەبەخشێت و بە ویتر رۆلی كارتێكراو . پرۆسەی رۆل بەخشین بە ئارگیومێنتەكان لە لا یەن كارەوە بە نیشانەكردنی سیتا ناوزەد دەكرێت(Chomsky,1981:37-38).

(1) θ Grid
(2) C- Selection
(3) S- Selection

هەر چەندە هەڵبژاردەکانی ژێر پۆلکردنی گوزارە سیماکانی تەواو کەری کارەکە دەستنیشان دەکەن بەلاّم سیتارۆل وای بۆدەچێت کە لێکدراو بێت.

ئەرکی سینتاک سی بریتیە یە لە کۆ مەلێ پەیوەندیە یەکی ئەرکی کە کەرە سەیەکی تای بەت بۆ شوێنێکی تای بەت دەستنی شان دە کات . ئەوەی بۆ سینتاکس گرن گە ئەوە یە کە هەر کەرە سەیەك لە چوار چێوەی پەیوەندیە یە سینتاکسییەکاندا خاوەن چ رۆلێکی واتاییە(میرعمادی 1376:92) .

لە ت یۆری دە سەلاّت وبە ستنەوەدا بە لەبەر چاوگرتنی رۆلی وا تایی گۆڕانکاری بە سەر شێوەی دەستنیشانکردنی زانیارییە فەرهەنگییەکانی و شەکاندا هات؛ بەوەی کە هەر دوو زانیاری کۆتە هەڵبژاردنییەکان و رۆلە واتاییەکان لێك دران. چۆمسکی بۆ چوار پۆلی: کار ، ناو، ئامراز و ئاوەڵناو ئەم سیمایانەی خوارەوە دەستنیشان دەکات (Chomsky,1970:184- 231):

| | حالەتی کاری | حالەتی ناوی |
|---|---|---|
| ناو | – | + |
| کار | + | – |
| ئاوەڵناو | + | + |
| ئامراز | – | – |

بەم شێوەیە هەر کەرەسەیەکی فەرهەنگی خاوەن سێ جۆرە زانیارییە؛وەك لە: 17.من ئازاد دیت .

زانیاری پۆلی: دیتن :[– حالەتی ناوی ، + حالەتی کاری]

زانیاری ژێرپۆلکردن: [ + گرێی ناوی ]

بازنەی سیتا : [کارتێکەر ،کارتێکراو]

لێرەدا دەبینین کە ژمارەی رۆڵەکان لە ژمارەی کەرەسە زمانییەکانی ژێرپۆلکراو زۆرترە ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوزارە جگە لە کەرەسە ناوخۆییەکانی خۆی بە کەرەسەکانی دەرەوەی خۆیشی رۆڵی بکەری دەبەخشێت؛ بۆیە هەر کارێکی تێپەڕ دوو دەستە کەرەسەی رۆڵ وەرگری هەیە کە بە هەر یەکەیان رۆڵێکی جیاواز دەبەخشێت : یەکەمیان رۆڵی ناوەوە وەردەگرێت کە دەبێتە بەرکار یا تەواوکەری کار و ئەویتریان رۆڵی دەرەوە کە دەبێتە بکەری رستەکە.

(کۆپر) لەو باوەڕەدایە کە لە ئەنجامی وردبوونەوە لە بازنەی سیتا و خشتەی زانیارییە ژێرپۆلکردنییەکان خاڵە هاوبەشەکان دیار دەبن کە هەبوونی یەکێکیان هەڵئاوسانی ئەویتر دەسەلمێنێت. واتە لەبەر ئەوەی کە کەرەسەکە خۆی لە بازنەی سیتای کارەکەدا پێشبینی کراوە ، ئیتر پێویست ناکات جارێکی تر ئەم سیمایانە لە ژێر پۆلکردنی گرێی ( ناوی ، بەند و وەسفی)دا بێن . بەواتا یەکی تر زانیاری بازنەی سیتا بەسە و پێویست ناکات زانیارییە ژێرپۆلکردنییەکان تۆمار بکرێن(Cowper,1992:64) .

بەم شێوەیە بازنە واتاییەکان بوونە هۆی ئەوەی کە ئاستی ناوەوەی رستە لە دوو جۆرە هەڵئاوسانی رێزمانی گوێزانەوە رزگار ببێت.

یەکەمیان زانیارییە ژێرپۆلکردنییەکان و دووەمیان ئەوەیە کە چیتر پێویست ناکات سیماکانی وەك بکەر ⟨زیندوو، عاقل⟩ تۆمار بکرێ ؛ چونکە سیمای بەئارەزوویی کارا بێگومان هەڵگری سیمای زیندوویە(میرعمادی1376:96) .

هەروەها لە لایەکی ترەوە چەند زانیاری پۆلە فەرهەنگییەکان و رۆنانی واتایی زیاتر بێ رۆڵی یاساکانی گرێ پێکهێن کەمتر و لاوازتر دەبێ. بەم شێوەیە بە

لادانی یا ساکانی گریَ پیَک ھیَن ئەرکی تیۆری س′دەگۆڕیَت . تیۆری س′ لە جیاتی ئەوەی لە ژێر ناوی مەرجەکانی باش دارشتن کار بکا تە سەر یا ساکانی گریَ پیَکھیَن ، دەبیَتە سنووردارکەری را ستەوخۆی هیَلْکاری دارِئا سا وا تە ئەو مەرجانەی کە کار دەکەنە سەر نیشانە رووکارییەکانی زمان . ئەمە بەرەوە پیَش چوونە ؛ چونکە تا ئەو کاتەی کە ئەرکی تیۆری س′ سنووردارکردنی یا ساکانی گریَ پیَکھیَن بیَت لە ناو چیَوەی ریَزما ندا خاوەن ئەرك نابیَت بەلْکو تەنیا یارمەتی مندالْ دەدات کە چۆن فیَری یاساکانی گریَ پیَکھیَن بیَت. بەم شیَوەیە منالْ ئاسانتر و بە مەزاختنی وزەیەکی کەمتر فیَردەبیَت. هەر ئەوەندەیە کە فیَری کۆ مەلیَ بگۆڕ( پارامیَتر) بیَت و پا شان بە هۆی زانیاری یە فەرهەنگی یەکانی پارامیَترەکان پڕ بکاتەوە و ئیتر پیَویست بە فیَر بوونی یا ساکانی گریَ پیَک ھیَن ناکات . پارامیَترەکان ئەمانەن:

أ. هەر س (ناو ، کار ،ئاوەلْناو و ئامراز) دەبیَ س$^{max}$ سەرە بیَ.

ب. هەر س$^{max}$ دەبیَ خاوەن سەرەیەکی پۆلی (س) بیَ .

پ.هەر س$^{n}$ کە( n یەکسانە بە ژمارە یەکی سرۆ شتی) دە بیَ دە سەلاَتیَکی گەورەتر لە خۆی وا تە س$^{n+1}$ بە سەریدا زالْ بیَت جگە لە س′ کە لەوانەیە دەسەلاَتی (س′ )تر بە سەریدا بڕوات.

ت.لە گریَی س′ (س) یا بە لای راستەوە دەبیَ یا بە لای چەپەوە.

ج. لە گریَی س″دا (س′ ) یا بە لای را ستەوە دە بیَ یا بە لای چەپەوە(Cowper,1992:64-65).

بەم پێ یە  کار رۆ لە واتای یەکانی ئارگیومێنتەکان د یاری دە کات .
ماراتنز(1984) لەو باوەڕە دایە کە لە بازنەی سیتادا دوو دەستە کەرەسە هەن :
– دەستەی یەکەم: ئەو کەرەسانەن کە دەبێ لە رۆل بەخشێك رۆل وەربگرن ، بە واتایەکی تر دەبێ رۆل بەخشێك هەبێ رۆڵیان بداتێ .
– دەستەی دووەم: ئەو کەرەسانەن کە خۆیان خاوەن رۆلی وا تایین . وەك لەم نموونەیەدا هاتووە:

چوون (کارا ، ( سەرچاوە) ، (ئامانج))

واتە چوون خاوەن سێ بازنەیە، رۆلی دەرەوە دەداتە کارا . رۆلەکانی سەرچاوە و ئامانج بەئارەزوویین(میرعمادی1376 : 108)؛ وەك لە:

18. ئـــازاد ژ (دهـــــــۆکێ) چوو (هـــــــەولێرێ) .

کارا سەرچاوە ئامانج

بەڵام پێوەری ئەم رۆل بەخشینە چییە؟ چۆمسکی دەڵێ : " هەر ئارگیومێنتێك دەشێ یەك و تەنیا یەك سیتارۆل وەربگرێت و هەر سیتارۆلیکیش بە یەك و تەنیا یەك ئارگیومێنت دەدرێت(Chomsky,1981:36)". ئەمەی سەرەوە بە پێوەری سیتا دەناسرێت . پاشان لە بەرهەمەکانی دوا تردا چۆمسکی دەستکاری ئەم پێوەرەی سیتا دەکات و بەم شێوەیەی خوارەوە دایدەرێژێتەوە بۆ ئەوەی توانای لێکدانەوە و روونکردنەوەی جێگۆرکی ئارگیومێنتەکانی لە ناو رستەدا هەبێت:

پێوەری سیتا: هەر ئارگیومێنتێك **ئا** لە زنجیرەکەیدا خاوەن (سیتا شوێن)ێکی بینراوە (**ش°**) و هەر سیتاشوێنێکیش(**ش°**) شیاوی بینینە لە زنجیرەیەکدا کە تاقە ئارگیومێنتێکی هەبێ (Chomsky 1986a:97)(Heageman1994:194)

بەم شێوەیە هەر رستەیەك کە کەرەسەکانی لەم پێوەرە لا بدەن یا خود سەرپێچی بکەن ؛ ناریزمانی بوونی ر ستەکەی لێ دەکەوێتەوە. بە واتا یەکی تر دە توانین پێوەری سیتا بەم شێوەیە شی بکەینەوە:

أ. لە ئاستی ناوەوەدا ، هەر گرێیەکی ناوی خاوەن سەرچاوە دە بێ هەڵگری رۆڵێکیش بێ ، و هەبوونی گرێیەکی ناوی بەبێ رۆل لە ئا ستی ناوەوەی رۆنانی رستەدا ، رستەکە ناریزمانی دەکات.وەك:

19. * ئازادی پە نجەرە هاتە شکاندن. (* ئازاد پەنجەرە کە شێکێنرا.)

20. * ئازاد ئاشکرایە کە ئاراس لە تاقیکردنەوەدا دەرچووە.

رستەی 19 ناریزمانییە چونکە کاری بکەر نەدیار خاوەن رۆڵی کارایی نی یە یاخود بە واتا یەکی تر کاری بکەر نەدیار بە کەرە سەی دەرەوە رۆڵ نابەخشێت. رستەی 20 ناریزمانییە چونکە گر ێی ناوی ***ئازاد*** کە خاوەن سەرچاوەیە ناتوانێ لە کاری هەبوون رۆل وەربگرێت.

ب.هەرگرێیەکی ناوی دەتوانێ تەنیا یەك جار رۆل وەربگرێت ،دوو جار رۆل وەرگرتن رستەکە ناریزمانی دەکات ؛ وەك:

21. باوەر کرن [ئازادی پارە برییە].

22. * ئازادی باوەر کرن[ ئازادی پارە برییە].

ناریزمانییە چونکە ***ئازاد*** پێشتر رۆڵی کارایی لە کاری ***( برن)***ی ر ستەی ناوەوە وەرگرتووە ؛ بۆیە کاتێ کە جێی دەگۆرێت و دێتە جێگەی بکەری ر ستەکەیتر واتە دەبێت رۆڵی بکەری وەربگرێت ؛ بەڵام لە بەر ئەوەی ناتوانێ دوو جار رۆل وەربگرێ ، رستەکە ناریزمانی دەردەچێ.

دەشێت ئەمە بەشێوەیەکی تریش دابڕێژرێت: هەر گرییەکی ناوی خاوەن سەرچاوە دەبێ تەنیا یەك رۆلی هەبێ . ئەمە جێگرتنی گرێی ناوی لە هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوە سنووردار دەکات بەوەی کە لە ئاستی ناوەوەدا هەرگرێیەکی ناوی خاوەن سەرچاوە دەبێ لە شوێنێکی خاوەن رۆل سەرچاوە بگرێت و لە ئاستی دەرەوەشدا دەبێ ئەو بنەمایە پەسند بکەین کە گرێی ناوی ناتوانێ بێتە شوێنێکی خاوەن رۆل (Cowper,1992:83,84).

بەم شێوەیە سیتارۆل لە چوار چێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا دیاردەیەکی گرنگی زمان ، کە بریتییە لە جێگۆرکی کەرەسەکان بەپێی بنەماکانی سەرەوە سنووردار دەکات و ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کە جێگۆرکی بۆی مومکینە(Borsley,1999:229). هەروەها بنەمایەکی تری گشتی دەربارەی سیتارۆل بریتییە لە رێسای بەرهەمدان .

**رێسای بەرهەمدان:** نواندنە سینتاکسییەکان دەبێ لە فەرهەنگەوە بەرهەم بهێنرێن یا خود دەربهێنرێن. لێرە دەبێ رەچاوی سیما فەرهەنگییەکانی یەکەکان بکرێت (Radford,1995:394). یا خود بە واتا یەکی تر زانیاریە فەرهەنگیەکان (سیتارۆل) لە هەموو ئاستەکانی سینتاکسیدا دەنوینرێن(Heageman,1999:55). بەم پێیە فەرهەنگ لیستی وشەکانی زمانە کە جۆری پۆل و سیما تایبەتیەکانی وشەکان لە چوارچێوە و سیاقە جیاوازەکاندا دەستنیشان دەکات(Radford,1995:394).

# بەشی پێنجەم

# تیۆری دۆخ

## 5. 1.سەرەتا:

زاراوەی دۆخ لە و شەی لاتی نی (Casus) ەوە هاتووە کە وەرگ یردراوی وشەی(Ptosis)ی گریکییە کە بە وا تای(Fall) ئینگلیزی د یت . ئەر ستۆ بۆ جیاکرد نەوەی ناو لە فر مان بەکاری هێ ناوە (Blake,1994:19cfSittig,1931:3) . دوا تر بەپێی قۆنا غە جیاوازە کان

بەکارهێنانەکەی گۆڕا[1]. لە ڕێزمانی دێریندا دۆخ بریتییە لەو گۆڕانکاری یەی بە هۆی ئەرکی ناو لە ڕستەدا لە کۆتاییەکە یدا ڕوو دەدات ( باتینی62:1993) و (سلێمان2001: 36) کە بریتییە لە خستنەسەری زیادە یەك . بەواتا یەکی تر دۆخ بۆ مەبە ستی لێکدا نەوەی گرێ و شەییەکانی ناو ڕ ستە بەکار د ێت بۆ ناسینەوەی پەیوەندی نێوان وشەکانی ڕستەیەك لە ڕێی کەرەسەکانی وەك بکەر و بەرکار و..تاد(Crystal, 1991:63).

لە ڕێزمانی گوێزانەوەدا دۆخ ئەو سیمایەیە، یا خود ئەو فۆرمە نیشانکراوە دیارەیە کە گرێیەکی ناوی وەری دەگرێت بۆ ئا ماژەکردن بە هە ندێ لە سیما پەیوەندییە ڕێزمانی یا واتاییەکانی تەواوی ڕستەکە کە گرێ ناوییەکە هەڵدەگرێت . (Trask,1993:35)

ژمارەیەکی زۆر لە زمانان سیستەمی دۆخیان هەیە کە تێیدا هەر گرێ یەکی ناوی لە ڕستەدا شێوەیەکی فۆ نەتیکی تای بەت وەردەگر ێت بۆ ئا ماژەکردن بە ئەرکی ڕێزمانی یا وا تایی ئەو گرێ یە لە ڕ ستەدا(Culicover1997:25) . لە هەندێ زماندا وەك زمانی ئینگلیزی دۆخی ئاشکرا بەندە بە ژمارە یەکی کەم لە جێناوەکان ؛ بەڵام لە هەندێ زمانی تر وەك ئەڵمانی ، ڕووسی ، لاتینی ، باسك و فینیجی، سیستەمی دۆخ ئاڵۆزە و سێ تا شەش شێوە سیما لە خۆ دەگرێت کە هەندێ جار دەگاتە هەشت دۆخ . لەیەك جـ یاکردن و نا سینەوەی دۆ خەکان لە ڕێبازی پێشوو بە هۆی ئەو گیرەکانەوە بوو کە دەخرێ نە سەر دۆخ وەرگرە کان. دۆخە دیارە ناسراوەکان ئەمانەن: دۆخی بکەری ، بەرکاری ، ڕەها، ئێرگەتیڤی، هاوبەشی یا خود کاریگەری،خستنەسەر ، ئامێری، هاورێیی،شوێن، بانگکردن و دۆ خی تەواوکاری (Palmer,1971:96)(Trask,1993:35). بە شێوەیەکی

---

[1] بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە ( ڕۆبینز 1370: 75- 77) .

گشتی دۆخ سیستەمی نیشانەکردنی ناوە دیارخەرەکانە بۆ ئاماژەکردن بە جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لە گەڵ وشە سەرەکاندا هەیانە یا بە شێوەیەکی وردتر نیشانەکردنی ئەو پەیوەندیە یە کە ناوێك بەرامبەر بە کارێك هەیەتی چ لە رستەیەکدا بێت یا لە گرێیەکی بەندا یا خود ناوێکی تر لە ئاستی گرێ دا (Blake,1994:1). بە پێی پێناسەکەی سەرەوە دەبێ چەمکی وشەی سەرە و وشەی دیارخەر دیار بکرێت . کار وەکو سەرەی رستە وەردەگرێت ئەوجا دەبێ ئەوە دیاربکرێت کە وشە دیارخەرەکان کام کەرەسانەی ناو رستە دەگرنە خۆ یان (Ibid:1 ).بۆ زیاتر روونکردنەوە نموونەی خوارەوە وەردەگرین:

1. **ئازادی *سێف*** دان*ە ئاوازێ* . (ئازاد سێوەکانی دا بە ئاواز.)

کاری (دان) کارێکی سێ شوێنییە واتە سێ ئارگیومێنت وەردەگرێت :

أ. ئەو کەسەی کە شتەکە دەدات (بدەر) .

ب.ئەو شتەی کە دەدرێ .

ت.ئەو کەسەی کە شتەکە وەردەگرێت(وەرگر).

لەم رستەیەدا بدەر خاوەن ئەرکی کارابیە و دۆخی ئێرگەتیڤی وەرگرتووە ، شتە دراوەکە خاوەن ئەرکی بەرکاریە و لە دۆخی رەهادایە و وەرگر خاوەن ئەرکی بەکاری ناراستەوخۆیە و لە دۆخی هاوبەشیدایە. ئەوەی بە لامانەوە گرنگە، تێروانین و چۆنیەتی شیکردنەوەی ئەم دیاردە رێزمانییەیە لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا.

## 5. 2.تیۆری دۆخ:

لقە تیۆرییەکی دەسەڵات وبەستنەوەیە کە مەودای کارکردنی لە چێوەی دەسەڵات و بەستنەوەدا دەکەوێتە ئاستی دەرەوەی رستە. چۆمسکی لە یەکەم تێروانینی بۆ دیاردەی دۆخ وای بۆ چووە کە دۆخ تایبەتمەندیەکی هەموو گرێ

ناوییەکانە کە بە شێوەیەکی وەك یەك نیشانە دەکرێن هەتا ئە گەر هەندێکی شیان شێوەی فۆنەتیکیشیان نەبێ یا خود بە واتایەکی تر هەر گرێ یەکی ناوی دۆ خی نابەرجەستە وەردەگرێ بێ گوێدانە ئەوەی کە خاوەن فۆرمی فۆنەتیکییە یان نە، (Chomsky1986a:74)،(Culicover,1997:24) . ئەم سیستەمەی دۆخ لە هەموو زمانەکانی جیهاندا بوونی هەیە واتە جیهانییە؛ بۆیە پێویستی بە فێربوون نییە ، ئەو شتەی کە فێر بوونی دەوێ نەخشەکێ شان و سنووردانان لە نێوان دۆخی نابەرجەستە و دۆخی خاوەن نیشانەی مۆرفۆلۆجییە کە ئێمە لە زمانە جیاوازەکاندا بە شێوەی جیاواز دەیبینین (Culicover,1997:25). بەم شێوەیە دۆخ بەندە بە نیشانەکردنی گرێ ناوییەکان و ئەو سیما مۆرفۆلۆجیانەی کە لە ئەنجامی ئەم نیشانەکردنە دێنە ئاراوە(Chomsky,1981:6).

لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەستنەوەدا پێکهاتەی هەر رستەیەك دە شێ دابەشی سێ چینی جیاواز بکرێ کە هەر کامەیان جۆرە پرۆسەیەك دەگرێتە خۆی و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەیە: چینی گرێی گەیەنەری[1]، گرێی گەردانی[2] و گرێی کاری[3] وەك لە خوارەوە پێشان دراوە(Hrafnbjargarson,2004:21). وێنە ژمارە(13)




(1)CP = Complementizer phrase
(2) IP = Inflectional phrase
(3) Vp = verb phrase
(4) Proposition

### گ. کاری

چینی گرێی کاریی زانیارییە واتاییەکان و ئارگیومینتە رۆنانیيەکانی دەگرێتە خۆی . لێرە کار رۆڵە سیتاییەکان بە ئارگیومێنتەکانی دەبەخشێت . چینی گرێی گەردانی چینی ئەرکە ڕێزمانییەکانە ، بۆ نموونە گیرەکە مۆرفۆلۆجیيەکان و پەیوەندییە ڕێککەوتنییەکان. چینی گرێی گەردانی شوێنی بکەری کانۆنی[5] لە خۆ دەگرێت ، سپێسیفایەری گرێی گەردانی[6]. چینی گرێی گەیەنەری چینی تێکستە کە رستەکە تێیدا بەکار هاتووە و زانیارییە گرنگ و بەرزکراوەکان لە خۆ دەگرێت ، هەروەها ئەو زانیاریانەی کە هەواڵ بە تێکستەکەوە گرێ دەدات.

دیاردەی دۆخ لە هەر یەك لەم چینانەدا ( چینی گرێی گەردانی و گرێی کاریی) چۆن لێك دەدرێتەوە ، رۆڵی پەیوەندییە رۆنانییەکانی تر و پەیوەندییە واتايیە ناوخۆییەکانی ئەم گرێیانە لەم بارەدا چییە . چ کەرەسەیەك دۆخ پێدەرە وا تە دۆخ دەدا تە کەرەسەکانی تر و چ کەرەسەیەك دۆخ وەردەگرێت (دۆخ وەرگر) و مەرجەکانی دۆخ پێدان یا خود دۆخ وەرگرتنەوە چین. بە شێوەیەکی گشتی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دیاردەی دۆخ وەرگرتن لە ڕێی لێکدانی هەردوو پەیوەندی دەسەڵاتداری(پەیوەندی رۆنانی) و رۆڵەکانی سیتا (پەیوەندی واتایی) شی دەکاتەوە.

لە راستیدا پەیوەندیيە ڕێزمانيیەکان پەیوەندی سینتاکسی پەتیین کە پەیوەندی نێوان یەکە پێکهێنەرەکانی گرێ بە پشتبەستن بە شوێنەکانیان دەستنیشان دەکەن(Katamba,1993:262). هەروەها گرنگيیەکی زۆریان هەیە بۆ روونکردنەوەی ئەو شتانەی کە زمانەکان کۆ دەکاتەوە.

ئامانجی سەرەکی پەیوەندییە ڕێزمانییەکان دیارکردنی چۆنیەتی بەخشینی سیتارۆڵ بۆ ئەرکە ڕێزمانییەکانە وەك بەخشینی ئەرکی ( کارایی بە بکەر ،

---

(5) Canonical subject
(6) IP- Spec

بەرکارکەوتوویی بە بەرکاری کار ێك و شوێنی بۆ گر ێی نارا ستەخۆ و ..تاد) یە و نیشانەکردنی ئەم ئەرکانە لە ئاستی سەرەوەی ر ستە لە ر ێگەی ر ێک خەری و شە و دۆخ و ر ێک کەوتن(Ibid:264). دۆخ بە گرنگترین یان دەژمێردر ێت کە چوارڕیانی پێککەی شتنی سینتاکس و مۆرفۆ لۆجی و سیمانتیك و هە ندێ جار پراگماتیکشیە(Grim,2005:3) . بۆ نموو نە ئینگلیزی زمانێکە کە بۆ پێ شاندانی پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی نێوان ئارگیومێنتەکانی (بکەر – کار – بەرکار) پ شت بە ڕێکخەری وشە دەبەستێت، بکەر ئەو گرێ ناوییە کە دەکەوێتە پێش کار و بەرکار ڕاستەوخۆ پاش کار دێت(O'Grady,2005:334). هەرچەندە لە هەندێ ز مانی تر وەك باسك، لاتین،گریك ، ئیرش، وێلش،روو سی، ژا پۆن و.. تاد ر ێک خەری و شە دەوری سەرەکی نابینێ و پەیوەندی یە ڕێزمانی یەکان بە هۆی شێوە جیاوازە کانی ناوەکان دەناسرێن کە دۆخی پێ دە ڵێن . ئەم پەیوەندیا نە لە زۆری نەی زما نەکانی جیهان هەر لە سەرەتای بیرۆکەی ڕێز مانی گ شتی نا سراونەتەوە (VanValin and Lapolla,1997:263). شێوەزاری کرمانجی سەرووی کوردیش یەکێکە لەو جۆرە زمانانەی کە پەیوەندییە ڕێزمانییەکانی بە هۆی دۆخەوە دیاری دەکرێ.

لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا پەیوەندییە ڕێزمانییەکان پەیوە ندی ن ێوان ئارگیومێنت و گوزارەن لە ئاستی ڕۆ نانی دا و ناکەو نە ژ ێر کاری گەری سیمانتیك و پراگماتیك(Payne,1997:129) .

## 5. 2. 1. پەیوەندی دەسەڵاتداری و دۆخ:

چۆم سکی وای بۆ چووە کە ڕێ سای پ ێدانی دۆخ پەیوەندی یەکی پ تەوی بە پەیوەندییە ڕۆنانییەکەی دە سەڵاتداری[1] یەوە هە یە(Chomsky1981:50-52) کە لەلایەن ئەو پۆلە ئاخاوتنییەوە دەبێت کە دەسەڵاتی بە سەر گرێ ناوییە کەدا

---

(1) Government

هەیە واتە پۆلە ئاخاوتنییەکە دەسەڵاتی هەیە بەسەر تەواوکارەکەی لەو ڕۆنا نەی کە ئەو وشەیە سەرەیەتی . ئەمەش ئەو پۆلە ئاخاوتنیا نە دەگرێتەوە کە خاوەن سیماکانی [± ناو ، ☐ کار]ن . بۆ نموونە کار لە گرێی کاری‌دا دەسەڵاتی بە سەر تەواوکارە کەی ( بەرکاری[2])دا هە یە و گیرە کی گەردانی دە سەڵاتی بە سەر ب کەری[3] ر ستەکەدا هە یە لەو کا تەی کە دەم وەردەگرێت(Chomsky,1981:50). گر ێی کاری مەزنترین جێکەوتە یە[4] کە دە سەڵاتی بە سەر کار و گر ێی ناوی دەڕوا لە پێکهاتە یەکی وەك :

گ.ك

ك' ....

گ.ن ك

(بەرکاری)

لێرەدا هیچ مەزنە جێکەوتەیەکی تر نی یە کە تەنیا دە سەڵاتەکەی بە سەر کاردا بروا و بەسەر گرێ ناوییەکەدا نەڕوا . بەم پێیە کار گەورەدە سەڵاتی[1] بە سەر گرێ ناوییەکەدا هەیە ،و دۆخی بەرکاری دەداتە ئەو گرێ ناوی یەی کە لە ژێر دەسەڵاتی دایە و هەر بەو شێوەیەش گرێی گەردانی مەزنترین جێکەوتەیە کە دەسەڵاتی بەسەر گیرەکی گەردانی و گرێ ناوییە کەدا هە یە لە پێکهاتە یەکی وەك :

(2)Accusative
(3)Nominative
(4) Maximal Projection
(1) M - Command




هیچ مەزنەجێکەوتەیەکی تر نییە کە دە سەڵاتی بە سەر گیرە کی گەرداذ یدا هەبێ و بە سەر گرێ ناوییە کەدا نەبێ . بەم پێ یە گیرە کی گەردانی گەورەدەسەڵاتی بەسەر گرێ ناوییەکەدا هەیە، و دۆخی بکەری دەبەخشێتە گرێ ناوییە ژێر دەسەڵاتەکەی . بەم شێوەیە گیرەکی گەردانی گەورەدە سەڵاتی بە سەر بکەر و کار گەورەدەسەڵاتی بەسەر بەرکاری راستەوخۆدا هەیە . وردترین پێنا سە بۆ دەسەڵات کە دۆخ لە خۆ بگرێت ئەمەی خوارەوەیە :

دەسەڵات : (ئا) دەسەڵاتی بەسەر (بێ)دا هەیە ئەگەر و تەنیا ئەگەر :

أ.(ئا) سەرە بێ.

ب.(ئا) گەورەدەسەڵاتی بەسەر(بێ)دا هەبێ(Culicover,1997:25-27).

کاتێ کە پارستەیەك دەم وەردەگرێت . دۆخی را ستەوخۆ (بکەری) نیشانە دەکرێت. بەڵام کاتێ پار ستەکە دە می نەبێ ( لە ز مانی ئینگلیز یدا) دۆ خی بەرکاری دەردەکەوێت؛ وەك لەم رستانەی خوارەوەدا :

2) a. I believe( that she speaks French well).
b. I believe( her to speak French well).

لە کوردیدا دەبێتە :

(2) أ. ئەز باوەر دکم کو ئەو ب فرەنسییەکا باش دئاخڤیت. ( من بروا دەکەم کە ئەو بە فەرەنسییەکی باش قسە دەکات .)

ب. ئەز باوەر دکم فرەنسییەکا باش دئاخڤیت. ( من  بڕوا دە کەم فەرەنسییەکی باش قسە دەکات .)

پ. ئەز ژ ویٚ باوەر د کم ( فرەنسییەکا  باش دئاخڤیت). ( من  بڕوام پێ یە  کە فەرەنسییەکی باش قسە دەکات.)

لە شیوەزاری کرمانجی سەروودا دەشیٚ ئامرازی گەیەنەر و بکەر هەر دووک یان لا ببریٚن و رستەکە دورستی خۆی لە دەست نادات.  وەك لە  رستەی ب دا .

لە ر ستەی پ دا بکەری لار ستەی دووەم گویٚزراوە تەوە  بۆ  شویٚنی  بەرکاری ناراستەوخۆی لارستەی یەکەم ؛ بۆیە یەکسەر پیٚشپرتکی (ژ) بە پیٚشی کەوتووە و دۆخی ناراستەوخۆی وەرگرتووە کە بە گۆڕینی فۆرمی نیشانە کراوە.

ئەو (دۆخی رەها) ⟵ ویٚ (دۆخی ناراستەوخۆ)

رستەی أ و پ لە شیٚوەی هیٚلکاری دارئاسا پیٚشانی دەدەین.

أ.



ئەو گ.ك گەردان

گ.ئاوەڵناوی ك' [–رابردوو،ك3ت]

باش گ.ن كار

فرەنسی ئاخفتن

پ. ئەز ژ وێ باوەر دكم فرەنسییەكا باش دئاخڤیت.



گ.ك گەردان

ك'[– ناوی گ.ئاوەڵ

رابردوو،ك3ت]

باش گ.ن كار

ئاخفتن فرەنسی

لە سەرەوە باسمان كرد كە كار بە مەرجی دەسەڵاتداریی دۆخی بەركاری دەداتە ئەو گریَ ناوییەی كە لەژێر دە سەڵاتیەتی . ئە مە ئەوە دەردە خات كە كاری believe دۆخی بەركاری دەداتە her لە ( 2ب) بەڵام دۆخ نادا تە she لە (2أ). واتە دەبیَ believe دەسەڵاتی بەسەر گریَ ناوی یە بكەرییە كەدا هەبیَ لە(2ب)دا. بەڵام لە (2أ)دا نییەتی . بێگومان believe دەبیَ دەسەڵاتی لە ر یَی مەزنەجێكەو تەی گر یَی گەیە نەری و گر یَی گەردانی هەبیَ. ئەم دیاردە یە دەگەرێتەوە بۆ دۆخدانی نائاسایی(1).بە بەراورد كردنی رۆ نانی هەردوو ر ستەكە دەردەكەوێت كە هەبوونی جیاوازی لە دەسەڵاتداری دەشیَ چەندین بۆ چوون لە خۆ بگرێت . یەكەم ئەوەیە كە دەشیَ لە (2ب)دا ئامرازە گەیەنەرەكە بەتاڵ بیَ, بەڵام لە(2أ)دا دەركەوتوو دەبیَ. ئەم جیاوازی یە بەس نی یە بۆ روونكرد نەوەی ج یاوازی لە دە سەڵاتداریدا , چونكە دە شیَ ئامرازە گەیەنەرە كە لە (2أ)دا لا ب بەین, بەڵام بكەرە كە هەر دۆ خی را ستەوخۆ وەردەگر یَت . كەوا تە ئامرازە گەیەنەرەكە پەیوەندی بە بابەتەوە نییە یا خود هەبووە بەڵام لە دوای پێدانی دۆخ

(1) Exceptional Case Marking

لا براوه . چونكه له هەر دوو باردا بكەره كه دۆ خی را ستەوخۆی وەرگر تووه. ئەمەش دەمان گەیەنێته ئەو راستییەی كه هەبوونی دەسەلاّتدارێكی تر كه توانای دۆخ پێدان بە گرێیەكی ناوی هەبێ رێگە لە دۆخ پێدان لە لایەن دە سەلاّتدارێكی ترەوە دەگرێ. بە بەراورد كردنی رۆ نانی هەردوو ر ستەكە دەبینین كه گەردان نزیكترین دەسەلاّتدارە بۆ گرێ ناوییە بكەرییەكە و لەهەمان كاتیشدا هەر دووكیان لە هەمان مەزنەجێكەوتەدان (گرێی گەردانی). لە كاتێكدا هەموو دە سەلاّتدارە شاراوەكانی تر لە دەرەوەی گرێ گەردانییەكەدانن . لە سەر ئەم بنەما یە دە شێ گریمانەی خوارەوە دارێژین:

دۆخ بە هۆی نزیكترین دەسەلاّتدارەوە دەدرێت . ئەگەر (ئا) دە سەلاّتی بە سەر (ب)ێدا هەبێ و (ج) دەسەلاّتی بەسەر (ب)ێدا، (ج) نزیكترین دەسەلاّتدارە بۆ (ب)ێ. ئەگەر هەر گرێیەك كه دە سەلاّتی بە سەر ئا هە یە دە سەلاّتی بە سەر (ج)ێ هەبێ ؛ بەلاّم لێرە تەنیا گرێیەك هەیە (ك)ێ كه دەسەلاّتی بە سەر (ج)ێ دا هەیە بەلاّم ئا ناكەوێتە ژێر دەسەلاّتی.

بەم پێیە دەبێ پێناسە پێشووەكەی دەسەلاّت بگۆڕین بە:

دەسەلاّت: ئا دەسەلاّتی بەسەر بێ دا هەیە ئەگەر و تەنیا ئەگەر:

أ.ئا سەرە بێ .

ب.ئا گەورەدەسەلاّتی بەسەر بێ دا هەبێ.

پ.هیچ كۆسپێك (ك) لە نێوان (ئا) و (ب) نەبێ(Culicover,1997:31-33).

بۆنموونە لە ڕستەی :

3. زارۆكی بەر د وی وەركر. (منداڵەكە بەردەكەی تێ هەڵدا.)

بۆچوونێکی تازەتر لەم بارەدا سپێکی گرێی گەردانی وەکو شوێنی بکەری کانۆنی[1] دەناسرێنێت. ئەو شوێنە شوێنە بنەڕەتییە کەی بکەر نییە واتە بکەر لەوێ دورست نەبووە ، بەڵکو ئەو شوێنەیە کە بکەر بۆ مەبەستی وەرگرتنی دۆخ بۆی دەگوێزرێتەوە . واتە کار لە ناو پێکهاتەی گرێی کاری دا دۆخ دەداتە بەرکارەکەی بەلاّم بە پێی بۆچوونی تیۆری دەسەلاّت و بەستنەوە بۆ بکەر نییە لە شوێنە بنەڕەتییە کەی خۆی( سپێکی گرێی کاری) دۆخ لە کار وەربگرێت(Hrafnbjargarson,2004:22).

بەپێی پارزێنەری دۆخ " هەموو ئارگیومێنتە دەرکەوتووەکان دە بێ دۆخ وەربگرن."*[ گ.ن دەرکەوتوو –دۆخ] واتە ئەو گرێ ناوییە دەرکەوتوویەی کە نیشانەی دۆخی نەبێ نادورستە (Haegeman &Gueron,1999:144). بۆیە دەبێ بکەر بۆ وەرگرتنی دۆخ بۆ شوێنیکی تر بگوازرێتەوە. ئەم شوێنە شوێنی بکەری کانۆنییە(سپێکی گرێی گەردانی). کاتێ کە بکەر دەگوازرێتەوە شوێنپێی لە شوێنە رەسەنەکەی بەجێ دەمێنێت کە بە هێمای ( شو) ئاماژەی بۆ دەکەین(Hrafnbjargarson,2004:22).

بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە تەنیا دوو پۆلی کار و ئامراز دۆخ پێدەرن چونکە ئەم دووە دەبنە سەرەی پێکهاتەی رستەی خاوەن کار و رستەی بێ کار لە زمانی ئینگلیزیدا ، پۆلەکانی ناو و ئاوەڵناو دۆخدەر نین واتە دۆخ نادەنە تەواوکەرەکانیان بە پێی پارزێنەری دۆخ (Haegeman&Gueron,1999:144)، بەلاّم دەسەلاّتیان بە سەر تەواوکەرەکانیان هەیە(Culicover,1997:35). لێرەوە بیرۆکەی پارزێنەری دۆخ سەری هەڵدا کە بریتییە لە:

(1) Canonical Subject Position

" هەر گرێیەكی ناوی دەبێ دۆخی نابەرجەستەیی هەبێ."

بەڵام لە ئەنجامی تێرامانی رستەكانی وەك :

4. ***ئازاد*** ، من دڤێت نۆكە تە ببینم . ( ئازاد ، من دە مەوێ ئێستا بت بینم.)

5. ***ئەڤ خانیە*** ، ئەز دبێژم دێ پارەیەكێ زۆر كەت. (ئەم خانووە، دەڵێم پارەیەكی زۆر دەكات.)

دەبینین گرێ ناوییەكانی **ئازاد** و ***ئەڤ خانیە*** دۆخیان لە كار وەر نەگرتووە ؛ بۆیە بنەماكەی سەرەوە دەبێ راست بكرێتەوە بەوەی كە:

أ. هەر گرێ ناوییەكی ئارگیومێنت دۆخ لە دەسەڵاتدارەكەی وەردەگرێت.

ب.هەر گرێ ناوییەكی نائارگیومێنت دۆخی بێ بایەخ (نەژماركراو) وەردەگرێت.

بەم شێوەیە پارزێنەری دۆخ سیمای بە جیهانیبوون وەردەگرێت(Ibid:35).

پیشتر وا بۆ دەچوون كە دۆخ لەگەڵ سەرەدا(دۆخدەر) كۆ بووتەوە واتە هەر لەگەڵیدایە و سیما دۆخیەكە لە رێگەی كۆپی كرد نەوە دەدا تە نیشانكراوەكەی (دۆخ وەرگر) ؛وەك:



بەڵام تیۆری دە سەڵات و بە ستنەوە وای بۆ دە چێ کە گر ێی ناوی لە کاتی بەکارهێنانی لە رۆنانێکدا دۆخ وەردەگرێت . دەبێ لێرە رەچاوی جـ یاوازی نـ ێوان دۆخ پێدان[1]و مۆڵەت پێدانی دۆخ بکەین. دۆخ پێدان بریتیە لە پێدانی سیماکانی دۆخ بە ئارگیومێنـ تەکان و مۆ ڵەت پـ یدانی دۆخ[2] بریتـ یە لە ریێ یدان بە لەدایکبوونی سیما دۆخیەکان بە لای ئارگیومێنتێکەوە(Culicover,1997:389).

سەرەی گرێیەکە بەم هەر دوو کارە هەڵدەسێت واتە لە کاتی دۆخ پـ ێدان لـە ر ێی پەیوەندی مۆڵەتدان دەستنیشانی ئەوە دەکات کە ئایا دۆخ لە شوێنە را ستەکەیدا بەکار هاتووە یان نە . پرۆ سەی مۆڵە تدان بە سیماکانی دۆخ لەژێر مەرجی رێککەوتنی سەرە و سپێکەکەی جێبەجێ دەبێ و سەرە تەنیا بۆ یەکجار دە شێت هەمان دۆخ بدا تە کەرە سەیەك . بەم شێوەیە هە ڵەبوونی بۆ چوونە کۆنە کە سەبارەت بە راستەوخۆ بوونی پەیوەندی رێککەوتنی لە نـ ێوان بەرکار و کار لە زما نە سرو شتییەکاندا را ست دەکرێـ تەوە بەوەی کە ئەم رێککەوتـ نە لە ر ێی ئەلتێرناتیڤی رێککەوتنی سەرە و سپێکەکەی روو دەدات (Ibid:25-29).

بەپێی بۆچوونی چومـ سکی(1995 : 172-176) دۆخ لـە سێ جۆرە چوارچێوەی رۆنانی دا دەردەکەوێت :

یەکەم : چوار چێوەی رۆ نانی سپێك – سەرە : بەخـ شینی دۆ خی بـ کەری بۆ کارای رستە لەلایەن کارەوە ؛ وەك:

6. ئازادی نــــــان **خوار** .

دووەم : چوار چێوەی رۆ نانی سەرە– تەواوکار : بەخـ شینی دۆ خی ئامێری ، شوێنی و هاورێیەتی لەلایەن ئامرازی پێشناوەوە ؛ وەك:

7.ئازاد **ب** فرۆکــــــ**ێ** هات . (دۆخی ئامێری)

---
(1) Case assignment
(2) Case checking

8. ئازاد **دگـەل نـازێ** چوو سەیرانێ . (دۆخی هاورێیەتی)

9. ئەم **ژ چیـــای** هاتینە خوارێ . (دۆخی شوێنی)

سێیەم: چوارچێوەی رۆنانی سەرە – دەرخەر: وەك لە دۆخی خستنەسەردا :

10. ئەو**ی** بازێری (ئەو شارە)

## 5. 2. 2.سیتارۆل و تیۆری دۆخ :

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان دۆخ و سیتارۆل دا دوو بۆ چوون هەیە. یەکێکیان ئەوە یە ، گرێ یەکی ناوی لەوانە یە بەبێ دۆخ نەتوانێ سیتارۆلێك وەربگرێت لەبەر ئەوەی بەخشینی سیتارۆل هیچ نیشانەیەکی ئاشکرای نییە ئەمەش شاراوە دەبێ. سیتارۆل تەنیا بە گرێ ناوییەکانی ئارگیومێنت دەبەخشرێت بۆیە پارزێنەری دۆخ[1] دەبێ تەنیا بەند بێ بە گرێ ناوییە ئارگیۆمێنتییەکان . بەم جۆرە گوتەی" هەر گرێ ناوییەکی ئارگیومێنت دۆخی نابەرجەستە وەردەگرێت" دەگۆردرێت بە :

بنەمای(1) :

أ.هەر گرێ ناوییەکی ئارگیومێنت دەبێ سیتارۆلێك وەربگرێت.

ب. هەر سیتارۆلێك ، دەبێ بدرێتە ئارگیومێنتێك.

خاڵی (ب) بە مەرجی بینراو[1] ناو دەبرێت و شیکردنەوەکەی بە تیۆری بینراو[2] کە پێڕەوی پێوەری سیتا دەکات کە بریتیە لە دانانی پەیوەندیەکی یەك بە یەك لە نێوان سیتارۆل و ئارگیومێنتەکاندا . ئەویتریان ئەوە یە کە لەوانە یە دۆخ کاردانەوەی وەرگرتنی سیتارۆل بێ. بەلێکدانی پێوەری سیتا و خاڵی(أ) وەك دۆخێکی تایبەت ، خاڵەکانی خوارەوە بەدەست دێت:

---

(1)Case Filter
(1) Visibility Condition
(2) Visibility Thesis

بنەمای(2):

أ.هەر گریَ ناوییەکی لەژێر دەسەڵاتدا دەبیَ سیتارۆلێك وەربگرێت.

ب.دۆخی نابەرجەستە ئەنجامی جێبەجیَ بوونی وەرگرتنی سیتارۆلە.

ئەم شیکردنەوەیە بە تیۆری دۆخی واتایی(سیماتیکی)[3] دەنا سریَ. سەرەکیترین بیرۆکەی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە دۆخێك بۆ نموونە هاوبەشی ئەوە پێشان دەدات کە گریَ ناوییە کە هەڵگری سیتارۆلێکی تایبە تە وەك ئا مانج بە پ یی کاری دەسەڵاتدار(Ibid:36-37).

وەك لەم رستەیەدا:

11.نالین ژ بۆ ***سەرکەفتنیَ*** کار دکەت. (نالین بۆ سەرکەوتن کار دەکات.)

بەم شێوەیە سەلمێنرا کە بەخشینی سیتارۆل لە لایەن سەرە لە ژ ێر مەرجی دەسەڵاتداری لە ریێی رێسای گەورەدە سەلاَت بە گریَ ناوی یە ژێردە سەلاَتەکەی دەبێ تە هۆی پە یدابوونی جۆرە پەیوەندی یەکی تر لە ن یوان گریَ ناوییە کە و کارەکەدا کە ئەمە بە دیاردەی دۆخ ناو دەبریَ کە لە بنەرە تدا نی شانە یا خود کاردانەوەی جێبەجیَ بوونی وەرگرتنی سیتارۆلە.

## 5. 3.جۆرەکانی دۆخ:

لە لێکۆلینەوە کۆنەکاندا هەولێکی زۆر دراوە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان هۆکارە واتاییەکان و نیشانەکردنی دۆخ تا ئەو رادەیە کە دەر کەوتنی یەکێکیانی بە دەرکەوتنی ئەویتریان زانیوە و پەیوەندییەکی یەك بە یەکیان لە نێوان دا ناوە. بۆ نموونە رۆلی کارایی دەدرێ تە بکەر و رۆلی باس یا خود بەرکار کەوتوویی دەدرێ تە بەرکار و بەم شێوەیە تاد(Grim,2005:4). تەنا نەت فیل مۆر لە

(3) Thematic Case Thesis

(ڕێزمانی دۆخدا) ڕۆڵە واتاییەکان دەستنیشان دە کات بێ ئەوەی ئا ماژە بکا تە چۆنیەتی دەرکەوتنیان لە سینتاکسدا . ڕێزمانی دێرین چەندین حالەتی وەکو دۆخ دەستنیشان دەکات کە هەندێکیان لەگەڵ شرۆڤەکردنی ئێستای ئێمەدا دەگونجن و هەندێکیش نا ، وەك دۆخی بانگکردن . دۆخی بانگکردنە بۆ ناوی کەس یا ئەو کەسەیە کە لە باری بانگکراویدایە بەڵام ئاماژە بە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان ناوە بانگکراوەکە و سەرەی دا ناکات جگە لەوەی کە بۆ بانگکردنی کەسەکەیە لە گفتوگودا(Ibid:7) .دەستنیشانکردنی جۆرەکانی دۆخ لە چوارچێوەی دە سەڵات و بەستنەوەدا بەندە بەم پێوەرانەی خوارەوە:

یەکەم : دەبێ بنەماکانی دەسەڵات و پارزێنەری دۆخ و سیتارۆل نەبەزێنرێن.

دووەم: دەبێ کەرەسەی دۆخ وەرگر ئارگیومێنت بێ .

ئارگیومێنتە سەرەکیەکانی رستە ئەمانەن: بکەر، بەرکار ، بەرکاری ناراستەوخۆ .

بە پێی ڕێساکانی سەرەوە تیۆری دۆخ سێ جۆر دۆخ دەستنیشان دەکات.

## 5. 3. 1.دۆخی نابەرجەستە[1]:

لە سەر بنەمای جێ بەجێ بوونی سیتارۆلە وەك کاردانەوە یەك یاخود ئاماژەکردن بۆ وەرگرتنی سیتا رۆڵەکە. ئەمە هیچ نیشانەیەکی ئاشکرای نییە بۆیە بە نابەرجەستە ناو دەبرێت و هەندێجاریش بە دۆخی پێکەوەیی چونکە هەمیشە لەگەڵ وەرگرتنی سیتارۆل دایە. دۆخی نابەرجەستە بەپێی بۆچوونی چۆمسکی لە هەموو زمانەکاندا بوونی هەیە ؛ چونکە هیچ زمانێك بەدی ناکرێت کە ئارگیومێنتە رستەییەکانی رۆڵەکانی سیتا وەرنەگرن کە مەبەستەکەی بەم شێوەیە دەردەبڕێت :

(1) Abstract = Inherent Case

دۆخی نابەرجەستە(پێکەوەیی) بە هۆی ( ئا) دەدرێ تە  گرێ ناوی یەك  تەنیا ئەگەر (ئا) سیتا رۆلێك بداتە گرێ ناوییەکە(Chomsky,1995:114).

بۆ نموو نە دۆ خی خاوەنـ یەتی[1] دۆخێ کی پێکەوەی یە  کە  سەرە دەبەخ شێتە خاوەندارەکەی. وەك:

12. کتێبا ئازادی




## 5. 3. 2. دۆخی بێ بایەخ[2]:

ئەو گرێ ناوییانەی کە لە جێکەوتە یا خود شوێنە ژێردەسەلاتەکان نین ئەم دۆخە وەردەگرن ؛ چونکە بەپێی بنەرەتی پارزێنەری دۆخ  هەموو گرێ ناوییەکان دە بێ دۆخ یان  هەبێ .  ئەم  جۆرەی دۆخ  بۆ پارا ستنی رێ سای پارزێ نەری دۆخە(Culicover,1997:47).

## 5. 3. 3.دۆخی رۆنانی[1]:

پێ  شتر   ئەوەمان روون   کردەوە    کە    سیتارۆل بە  ندە   بە    شوێنی ئارگیومێنتەکە یەوە ؛ و  بە لە بەر  چاوگرتنی  خالی (ب)ی بـ نەمای ی  سەرەوە

(1) Genitive
(2) Default Case
(1) Structural Case

دۆخیش دەبێ بدرێتە ئەو شوێنانە کە لە سەر بنەمای سینتاکسی بدیات نراون نەك لەسەر بنەمای سیتارۆل؛ بۆیە ئەو دۆخەی کە دەدرێتە شوێنی ئارگیومێنت دۆخی رۆنانی(رێزمانی)یە کە بەم شێوەیە دەناسێنرێت:

دۆخ پ یدانی رۆ نانی: دۆ خدەرێك ئا دۆخ دەدا تە(ب)ێ ئە گەر ئا دە سەڵاتی بەسەر(ب)ێدا هەبێ و ئا و (ب)ێ هاو سێ بن(Ibid:38,42) . وا تە لە سەر رێ سای دە سەڵاتداری وهاو سێیەتی دەستنیشان دە کرێن (Blake,1994:59). دۆخی بکەری و ناڕاستەوخۆ لەم جۆرەن وەك :

13. من ئەو **برە** **بازاری**. (من ئەوم بردە بازار.)

*من بازاری ئەو بر. (* من بردە بازار ئەو.)

بەم شیوەیە دەتوانین بڵێین سێ جۆر گرێی ناوی دە شێ لە ئا ستی سەرەوەی رستەدا دەرکەوێ:

أ. گرێی ناوی ئارگیومێنتی ژێردەسەڵات ؛ وەك :

14. رۆژێـــــنێ کــــەلوپــــەل کڕیبوون .

کارا(دۆخی ئێرگەتیف) بەرکار( دۆخی رەها)

ب.گرێی ناوی نا ئارگیومێنتی ژێردە سەڵات ؛ وەك ئەو گرێیا نەی کە لە دۆخی شوێنی ، ئامێری، هاورێیەتی و خستنەسەردا دێن ، وەك:

15. ئازاد ***ب دەستی*** نانی دخوت.

پ. گرێی ناوی نائارگیومێنتی نەژێردەسەڵات ؛ ئەو گرێ ناوییا نەی دۆ خی بێبایەخ وەردەگرن ؛ وەك:

16. ***ئەڤ زەڵامە*** ، ئەز دبێژم دینە .

دۆخی رۆنانی دابەش دەبێتە سەر چەند شێوەیێك: دۆ خی را ستەوخۆ ، دۆ خی نارا ستەوخۆ(بەرکاری) و دۆ خی خستنە سەری.وەك لەزمانی ئینگلیزیدا(Adger,2004:102).

سەبارەت بە دۆخی رۆنانی زمانەکان لە چۆنیەتی وەرگرتن و نواندنی ئەم دۆخەدا جیاوازی دەنوێنن . پێوەری ئەم جیاوازییەش دەگەرێتەوە سەر چۆنیەتی دۆخدانی وشەی سەرە (کە لە لارستەدا کارە) بە ئارگیومێنتە سەرەکیەکانی رستە واتە : بکەر ، کارا و بەرکار .

جۆری کارەکە لە رووی هێزەوە وا تە تێپەری و تێنە پەری لێرەدا دەوری سەرەکی دەبینێت . لارستەی کار تێنەپەر تەنیا پێویستی بە ئارگیومێنتێك هە یە کە ئەویش ئەرکی بکەری وەردەگرێت، رستەی کار تێپەر بەلا یەنی کە مەوە پێویستی بە دوو ئارگیومێنت هە یە . بکەر و بەرکار ... بەم شێوەیە ئەم ئارگیومێنتە ناوەکییانە دەبنە سیما بنەرەتیەکانی جیاوازیکردن لە نێوان دۆخە زمانیەکانی وەك دۆ خی نارا ستەوخۆ و ئێر گەتیڤ و راستەوخۆدا(Anderson,1971:52).

لە لێکۆلینەوە تازەکا ندا دۆ خی رۆ نانی بەوە دەنا سرێت کە بریتیە لە دۆ خدان بە جۆرێکی تایبەت لە گرێ ، کە گرێی رێککەوتنە ،بێگو مان (سپێك،رێککەوتن) دوو شۆێنی رۆنانین (Chomsky,1995:114).

زمانەکان بەپێی ئەوەی کە چۆن بکەر و کارا و بەرکار رێك دە خەن سیستەمی جیاوازیان هەیە کە بە سیستەمە دۆخییەکان دەناسرێن .

بە پێی ئەوەی کە هەر یەك لەم ئارگیومێنتە ناوکییانە چ جۆرە دۆخێکی پێ دەدرێت ، لە ناو زمانە جیاوازەکاندا دوو سیستەمی گەورە هەیە .(Muhammad,2006:33-34)

## 1-سیستەمی دۆخی بکەری[1] – ناراستەوخۆ[2]:

لەم سیستەمەدا هەر دوو ئارگیومێنتی بکەر وکارا لە یەك دۆخدا کۆ دە بن وا تە  یەك دۆخ وەردە گرن  کە دۆ خی بکەری یە ؛  بەڵام بەرکارە کە دۆ خی ناراستەوخۆی پێ دەدرێت, وەك لە خوارەوە دیاری دەکرێت:




ئەمە ئەوە دەردەخات کارە کە تێپەڕ بێ  یا تێنە پەڕ، بکەر هەمان سیمای مۆرفۆلۆجی هەیە وەك لە زمانەکانی: ئینگلیزی , عەرەبی ، لاتینی و..تاد. بۆ نموونە:

17. کتب الولد الرسالە.

الولد□: دۆخی بکەری وەرگرتووە کە نیشانەکەی بریتیە لە مۆرفیمی بۆر(□)

الرسالە': دۆ خی بەرکاری وەرگر تووە کە نیشانەکەی بریتیە لە مۆرفیمی سەر(' ) .

## 2-سیستەمی دۆخی ڕەها[3] – ئێرگەتیڤ[4]:

---

[1] زاراوەکانی کە بۆ ئەم دۆخە بە کار هاتوونە: ڕاستەوخۆ ، ناوی و بکەری  کە بەرامبەر بە Nominativeی ئینگلیزی ڕادەوەستێ.

(2) لە زمانی کوردیدا ئەم دۆخە چەندین ناوی بۆ دانراوە وەك : بەرکاری ، تیان ، تەواندی..تاد.کە بەرامبەر بە Accusative ڕادەوەستێ.

(3) Absulative

(4) وشەی ئێرگەتیڤ لە وشەی Ergatesی یۆنانییەوە هاتووە کە مانای ئەنجامدەری کار دەدات . بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: Boz arselan, Zaki. Zimanen ergative .

لەم سیستەمەدا نیشانەی دۆخ هەر دوو ئارگیومێنتی بکەر و بەرکار پێکەوە کۆ دەکاتەوە و دۆخی ڕەها یان پێ دەبەخشێت. بەڵام بە کارا کە دۆخی ئێرگەتیڤی دەبەخشێت, وەك لە خوارەوە دیاری دەکرێت(Kathol,2003:37):




بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:

18. ئازادی نامە نڤیسی.

ئازاد: کارایە ، و دۆخی ئێرگەتیڤی وەرگرتووە کە بەهۆی مۆرفیمی (ی) کە نیشانەی نفشی نێرە ئاماژەی بۆ کراوە .

نامە: بەرکارە ، ودۆخی ڕەهای وەرگرتووە . ئەم دۆخە لە زمانی کوردیدا نیشانەی مۆرفۆلۆجی وەرناگرێت .

نزیکەی بیست لە سەدی زمانەکانی جیهان ئەم دۆخەیان هەیە وەك زمانە ئوسترالیەکان و.. و هەندێ لە زمانە هیندوئیرانییەکان وەك هیندی – ئوردو و پەنجابی و هەندێ لە زمانەئیرانیەکانی وەك پەشتو و کوردی.. تاد (Blake,1994:122,129) . بەپێی پلەی دەرکەوتنی ئێرگەتیڤیتی لە زمانەکاندا,زمانەکان بەسەر سێ پۆل دابەش دەکرێن :

1. ئەو زمانانەی کە لەسەداسەد ئێرگەتیڤین ؛ وەك دیربال ،واتە هەموو ڕۆلە پەیوەندارەکان دۆخەکەیان (ڕەها –ئێرگەتیڤ ) یە .

2. ئەو زمانانەی کە هەردوو جۆری سیستەمەکە تیادا بەدی دەکرێ واتە هەندێك ڕۆڵ بە سیستەمی (ڕەها –ئێرگەتیڤ) و هەندێکی تر بە (بکەری– ناراستەوخۆ) دەدرێت وەك کوردی و هیندی .

3. ئەو زمانا نەی کە سەدا سەد بەرکارین .وا تە دۆ خی سیستەمی (رە ها– ئێرگەتیڤ)یان نییە ؛ وەك : ئینگلیزی و تورکی(ئەحمەد2006: 31) .

دۆخی ئێرگەتیڤ بە پێی جیاوازی نوا ندنی سیماکانی لە زما نە جیاوازەکا ندا دابەش بە سێ جۆر دەکرێ:

**أ. ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی**[1]:

ئەو جۆرەیە کە خستنەسەری بەندێکیclause سادە بۆ سەر ئارگیومێنتە ناوکییەکانی گوزارە دۆخەکەی نیشانە دەکات . دۆخی ئێرگەتیڤی مۆرفۆلۆجی بەندە بە نیشانەکردنی ئەو پەیوەندییە سینتاکسییانەی کە لە ڕۆنانە دارێژراوەکەدا هەن ؛ بۆ نموونە:

19. ئەوی زەلامی

**ب.ئێرگەتیڤی سینتاکسی**[2]:

بەندە بە چونیەتی کارکردنی سنووردارکەرە سینتاکسییەکان لە ڕستە ناسادەکاندا (ڕستەی لێکدراو و ڕستەی ئاڵۆز) و هەروەها ئەو کەرەسانەی کە بە هۆی هاوپێرستی لە گەڵ کەرەسەیەکی تر لادراون (Muhammad2006:53) . بەواتایەکی تر لە زۆربەی زمانەکاندا هەندێ ڕۆڵی سینتاکسی چالاك بۆ تێکەڵکردن و لێکدان و لابردنی هەندێ گرێ هەن. بە هۆی ئەم جۆرە پەیوەندییە سینتاکسیانە دەشێ هەندێ گرێ لە ژێر هەندێ

(1) Morphological ergativity
(2) Syntactic ergativity

مەرج وەك مەرجی هاوپێرستی لا بدرێت بە شێوەیەك كە گر ێی ناوی یە كەم شوێنی گرێی ناوی دووەم پڕ بكاتەوە . وەك لەم نموونەیەدا :

20. ئەڤینیٚ هۆزا نا خۆ خوا ند و ––– پا شی دەر كەفت. ( ئەڤین هۆنراوەكەی خۆی خوێند و ـ ـ ـ پاشان دەرچوو.)

لە لارستەی دووەمدا بكەرەكە (ئەڤین ) بە هۆی هاوپێرستی لەگەڵ بكەری لارستەی یەكەم لا دراوە .

**پ.ئێرگەتیڤی قلیشاو (هاوكاتی)[1]:**

بریتیە لە دۆخ بەخشینی كار بە ئارگیومینتەكانی كە لەیەك كاتدا دە شیٚ دوو دۆخی جیاواز بە دوو ئارگیومێنتی جیاواز بدات . بە واتا یەكی تر وا تە هەبوونی هەر دوو دۆ خی بەركاری و ئێر گەتیڤی لە یەك كا تدا (Kathol,2003:39). ئەم هاوكاتبوونە یاخود بە ناو یەكتردا چوونە بە هۆی تـ ێنس و ئە سپێكتەكانەوە جێ بەجیٚ دە كرێن (Berwary,2004:88)(Durroie,2004:1).كەواتە ئێر گەتیڤی هاو كات یا خود پار چەكراو دیاردە یەكی مۆرفوسینتاك سیە كە لەزما نە ئێرگەتیڤیەكا ندا هەیە ؛ وەك :

21. من ئازاد دڤ یت ، بەلیٚ تە ... نەڤێت . ( من ئازادم خۆش دەویٚ،بەلاٚم تۆ ... ناتەویٚ.)

ئەم دیاردەیە دەشیٚ بە وە لێك بدرێتەوە كاتی دوو سەرە لە هەندیٚ سیما وەك (تێنس) یا خود لە ئارگیومێنتەكانی وەك ( بكەر ، بەركار یا.. تاد. ) وەك یەك بن وا تە هاوپێر ست بن ، كەرە سەی یە كەم هاوپێر ستەكەی كۆنترۆڵ

(1) Split ergativity

ده کات  که  له ئه‌نجا مدا که‌ره سه‌ی دووه‌م  له ئا ستی ده‌ره‌وه‌ی ر سته‌دا ده‌رناکه‌وێت و له‌م باره‌دا به که‌ره‌سه‌ی به‌تاڵ ناو ده‌برێت[2] .




وه‌ك باس کرا هه‌ندێ زمان هه‌ن که خاوه‌ن سیسته‌مێکی ده‌وڵه‌مه‌ندی دۆخن وه‌ك لاتینی ،تورکی و  شیوه‌زاری کر مانجی  سه‌رووی ز مانی  کوردی و.. تاد ، هه‌ندێکی تر یان دیارده‌ی دۆخیان نییه یان ته‌نیا  له  یه‌ك دوو  بار دا بۆ یان  به جیَ ماوه . وه‌ك زمانی ئینگلیزی و فارسی و .. تاد. ئێ مه ل ێره  ته‌نیا  شیوه‌زاری کرمانجی سه‌رووی زمانی کوردی به‌لامانه‌وه گرنگه.

## 5. 4.چۆنیه‌تی دۆخ وه‌رگرتنه‌وه:

له میانه‌ی گفتوگۆ و بۆچوونه‌کانی چۆمسکی له تیۆری دۆخدا ، ئه‌و وای بۆ ده‌چێت که هیچ کام له ئارگیومێنته‌کان ناتوانن له شوێنه ره‌سه‌نه‌که‌ی خۆیان دۆخ وه‌ربگرن به‌ڵکو ده‌بێ به‌رز بکرێنه‌وه  بۆ  چینێکی به‌رزتر،به‌کەر له  شوێنی  خۆی به‌ره‌و شوێنی سپێکی مۆرفیمی گه‌ردانی یا  خود ده می  به‌رز ده‌کرێ ته‌وه و  له‌وێ دۆخ وه‌رده‌گرێت ، به هه‌مان شێوه به‌رکاریش له شوێنی خۆی دۆخ وه‌رناگر یت و بۆ وه‌رگرتنی دۆخ بۆ شوێنی سپیکی کار' به‌رز ده‌کرێته‌وه ، وه‌ك له‌م نموونه‌یه‌دا :

22. ئازادی خانیه‌ك کری.

گ.ده‌می

---

[2] بڕۆانه به‌شی شه‌شه‌م




## 5 .5. دیاردەی دۆخ لەزمانی کوردیدا :

بێگو مان ز مانی کوردی د ێرین خاوەن سی ستەمێکی دەوڵەمە ندی دۆخ بوویە ؛ بەڵام هەندێ لە شێوەزارەکانی بەدرێژایی مێژوو سیمای دۆخێتیان لە دە ست داوە [1]، جـگە لە شێوەزاری کر مانجی سەروو و هەورامی کە مۆرکە کەیان پارا ستووە . ئێ مە ل ێرەدا د یاردەی دۆخ تەنیا لە شێوەزاری کرمانجی سەرووی زمانی کوردی لە روانـگەی تـ یۆری دە سەڵات و بە ستنەوە شی دەکەینەوە.

[1] وە نەبێ کە ئەو شێوەزارانە هیچ پاشماوەی دۆخییان بۆ نەمابێ بەڵکو لە تا ئێستاش لە هەندێ گۆڤەری وەك هەولێری و گەرمیانی پاشماوەی دۆخ ماوەتەوە.

کاتێ له لارسته و گرێ یەکانی خوارەوه و هاو شانەکانیان رادەمێنین چەندین راستی دیاردەی دۆخ لەم شێوەزارەدا دەردەکەون که باسیان دەکەین.

23.شەهیان هـــــــات.

[بکەر / کە3 ت] — د.رەها

[ك.تێنەپەڕ / رانەبردوو / کە3ت]

24.شەهیان شیــ**ری** ڤەدخوت.

[بکەر / کە3ت] — د.رەها

[بەرکار / نف.مێ] — د.ئێرگەتیڤی

[ك.تێپەر / رابردوو / کە 3 ت]

25.شەهیان هەر رۆژ شـــی**ری** ڤەدخوت .

[بکەر / کە3ت] — د.رەها

[بەرکار / نف.مێ] — د.ئێرگەتیڤی

[ك.تێپەر / رابردوو / کە3 ت]

26.شەهیان هەر رۆژ دگەل هەڤالادا شیر ێ گەرم ڤەدخوت.

[سەرە / ئامراز] [ناو / ن.کۆ] — د. هاوبەشی[1]

[ناو] [سەرە / نف.مێ] [ئاوەڵناو] — د.خستنەسەر

د. ئێرگەتیڤی

27. شەهیان هەر رۆژ دگەل هەڤالا شیری ل یانێ ڤەدخوت.

[ ] [ ]

(1) لەدۆخی هاوبەشیدا دەشێ پاشپرتکی کۆتایی لا ببرێ.

سەرە          ناو

ئامراز     نف.مێ

د.شوێنی (2)

لە گۆڕانی کۆ تایی ئارگیومێنتەکان (ناوەکان) لە ڕستەکانی سەرەوەدا , دیارە کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ بە شێوەی جیاواز لە یەکدی دۆخ یان بە ئارگیومێنتەکانیان بەخشیوە لە ڕێی خستنە سەری نیشانەیەکی تایبەت بە سەر ئارگیومێنتەکانیان . وەك دیارە نیشانەکە بریتیە لە مۆرفیمی نفش واتە :

1. شیوەزاری کرمانجی سەروو خاوەن سیستەمی دۆخە.
2. سیستەمی دۆخەکەی لە جۆری رۆنانییە.
3. سیستەمی دۆخ لەم شێوەزارەدا لەسەر بنەمای نیشانەی مۆرفۆلۆجی نفش دامەزراوە.
4. لەبەر ئەوەی هەردوو ئارگیومێنتی بکەر و کارا یەکیان گرتووە و دۆخی ئێرگەتیڤی پێ دراوە و بەرکارەکە دۆخی ناراستەخۆ ؛ بۆیە زمانی کوردی زمانێکی ئێرگەتیڤە واتە ریزبوونی کەرەسەکانی رستەی بەم شێوەیە :

   کارا – بەرکار – کار .
5. ئارگیومێنتە ناوکییەکانی لارستەی شێوەزاری(ك.س) بریتین بکەر، بەرکار، کارا. نیشانەی دۆخی ئێرگەتیڤی دەخرێتە سەر قەدی کاراکە.
6. هەروەك لە بەراوردکردنی رستەکان دەردەکەوێ لە زمانی کوردیدا وەکو هەموو زمانە ئێرگەتیڤەکانی تر بەرکاری کاری تێپەڕ وەك بکەری کاری

(2) لەدۆخی هاوبەشی و شوێنی دا ناوەکە هەمان نیشانەی دۆخی ناراستەوخۆ وەردەگرن ، تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە سەرەی ئەم دۆخانە ئامرازە.

تێنە پەڕە و دۆ خی رە ها وەردەگر ێت. بەرکارەکە شی لە دۆ خی ناراستەوخۆدایە.

7. نیشانە مۆرفۆلۆجییەکانی دۆخەکان لە شێوەزاری(ك.س) بەم شێوەیەی خوارەوەیە.

| دۆخ | نیشانەی مۆرفۆلۆجی | ناو |
| --- | --- | --- |
| رە ها | Ø | جووت یارØ / بێری ڤان |
| ئێرگەتیڤی( ناراستەوخۆ) | ی بۆ نێر/ ێ بۆ مێ /ان بۆ کۆ | جووتیاری/ بێریڤانێ/ جووتیاران/بێریڤانان |
| هاوبەشی | د ــــ ( دا, را ، ڤە ) | دگەل(جووتیاری/بێریڤانێ)دا |
| شوێنی | ب ــــ ( دا, را ، ڤە ) | ب(جووتیاری/ بێریڤانێ) ڤە |
| ئامێری | ژــــ ( دا, را ، ڤە ) | ژ جووتیاری / ژبێریڤانێ |
| | ل ـ ( دا, را ، ڤە) | ل جووتیاری/بێریڤانی خستنەسەر |
| خاوەنیەتی | ێ بۆ نێر / ا بۆ مێ / ێن بۆ کۆ | جووتیارێ گوندی/بێریڤانا. جووتیارێن گوندی |

28. ئازادی دیارییەك دا ئاوازێ .



ئازادی

ڕێك　　　　گ.دەم

φ　　دەم'　　　　گ.ن

دەم　　　　گ.ك　　ئازاد

[ +ڕابردوو ]　ك'　　　　گ.ن

گ.بەند　　　　كار　　دیارییەك

ئاوازێ　　　　دا

لە دۆخەكانی هاوبەشی و شوێنی و ئامێری و خستنە سەر وخاوەندیەتی دا نیشانە لەلایەكەوە سەرەیە و لەلا یەكی تریشەوە هەر هەمان نیشانە دۆخ بەو ناوەی كە بە دوای‌دا دێت دەبەخشێت . دە بێ پێشناو (پێشپرتك) وەكو سەرە دابنرێت چونكە دەشێ پاشپرتك لە قسەكردندا لا ببرێت بێ ئەوەی كاریگەری لەسەر دورستی ڕستەكە هەبێ بەڵام ئەگەر پێشپرتك لا ببرێت گرێیەكە لە ڕووی ڕێزمانەوە لەنگ دەبێت .

هەروەها جێناوە كەسییەكان لە شێوەزاری كرمانجی سەروودا لە كاتی وەرگرتنی دۆخی ئێرگەتیڤی شێوەكەیان بە تەواوی دەگۆڕدرێت. ئەم دەستە جێناوانە هیچ كاتێك لەگەل كاردا نە لەرووی كەس و نە لە ڕووی ژمارەدا ڕێك

ناکەون[1].هەروەها لە دۆخی خاوە نداریێتی رۆلی خاوندیەتی وەردە گرن. بەم شێوەیە دوو دە ستە جیناوی کە سیمان هە یە. بە پێ چەوانەی جێناوە کانی دۆخی ئێرگەتیڤی ،جێناوەکانی دەستەی رێککەوتن کە دۆخی رەها وەردە گرن هەمیشە لەرووی کەس و ژمارەدا لە گەلٚ کار ر یێك دەکەون( سلێمان 2001: 60).

| جێناوە کەسییەکان | سیما واتاییەکان | | سیما سینتاکسییەکان | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | کەس | دەستەی دۆخی رەها (رێککەوتن) | | دەستەی دۆخی ئێرگەتیڤی (خاوەنی) |
| | | | جێناوی سەربەخۆ | جێناوی لکاو | جێناوی سەربەخۆ |
| | تاك | کەسی یەکەم (قسەکەر)<br>کەسی دووەم (قسە بۆ کراو)<br>کەسی سێیەم(قسە لێ کراو) | ئەز<br>تو<br>ئەو | م<br>ی<br>Ø | من<br>تە<br>(ئە)و(ی/ ێ) |
| | کۆ | کەسی یەکەم (قسەکەر)<br>کەسی دووەم( قسە بۆ کراو)<br>کەسی سێیەم(قسە لێ کراو ) | ئەم<br>هوون<br>ئەو | (یـ)ن<br>ن<br>ن | مە<br>(هە)وە<br>(ئە)وا(ن) |
| | | | سیما مۆرفۆلۆجییەکان | | |

خشتەی ژمارە(14)

| دۆخ | جێناوی کەسی د.رێککەوتن | جێناوی کەسی د.خاوەنی |
|---|---|---|
| رەها | ئەز/تو /ئەو/ ئەم/.. | ———— |

[1] بۆ زیاتر زانیاری بروانە : (سلێمان 2006: 56-75).

| | | |
|---|---|---|
| ئێرگەتیڤی( ناراستەوخۆ) | ــــــــــ | من /تە /وی /وێ /مە/.. |
| هاوبەشی د ـ ( دا,را، ڤە) | ــــــــــ | دگەل من دا |
| شوێنی ب ـــ(دا, را، ڤە) | ــــــــــ | ب تەڤە |
| ئامێری ژـــ (دا, را ، ڤە) | ــــــــــ | ژ من را |
| ل ـــ (دا, را، ڤە) | ــــــــــ | ل من ڤە |
| خستنەسەر ا بۆ مێ ، ێ بۆ نێر | ــــــــــ | کتێبا من / قەلەمێ تە |

هەروەها ئێرگەتیڤی سینتاکسی لە زمانی کوردی بەگشتی و لەم شێوەزارەدا بە شێوەیکی فراوان دەبینرێت.گرێ ناوییەکانی بکەری و بەرکاری و خودی کار دەتوانن لە رستە لێکدراو و ئاڵۆزەکاندا لە ژ ێر مەرجی هاوپێر ستی لا ببرێن.

وەك:

29. کاروانی مێهڤان گەهاندن و ــــــ هاتەڤە. بکەری دووەم لادراوە

30. ئازادی نان خوار بەڵێ ئارامی ــــــ نەخوار. بەرکاری دووەم لادراوە

31. ئەو حەزل خۆخا دکەت، ـــــ نە پر تەقالا ــــــ. بکەر و کاری لارستەیدووەم هەردووکیان لادراون.

ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونی هەندێ زمانەوانە کە پێیان وایە هیچ یەك لە زما نە هیندو ئیرانییەکان ئێرگەتیڤی سینتاکسی وەرناگرن .

## بەشی شەشەم

## کەرەسە بەتاڵەکان

## 6. 1.سەرەتا:

دانىنان بە دوو ديوى بوونى زمان هەر لە لێكۆڵينەوە سەرەتاييەكانى زما ندا ئاماژەى بۆ كراوە و هەميشە واتا ، بير ،هزر، چەمك ، وێنە يا خود خەيالى شت و بوونەوەرەكان بە ديوى شاراوەى زمان و دەربڕينى ئەمانە بە شێوەى دەنگ و لە قاڵبى وشە و رستە و گوتندا بە ديوى دەرەوە يا خود بەرجەستەى زمان نا سراوە . سەبارەت بە سروشتى ديوى شاراوە و چۆنيەتى پەيوە ندى بە د يوى دەرەوەى چەندين بۆ چوون وگريما نەى جۆراو جۆر لە سەردەمە جياوازەكا ندا سەريان هەڵداوە[1] ئەوەى لێرە بە لامانەوە گرنگە ئەوە يە كە لە ئا خاوتن و ر ستەكانى زماندا هەندىٚ جار هەندىٚ كەرەسە كە هەست بە هەبوونيان لە د يوى شاراوەدا دەكرىٚ و واتاكانيان ديارە بە دەنگ نابيسترێن ؛وەك لەم نموونانەدا:

1. أ. ئازاد هاتيە؟

ب.بەلىٚ

2. أ. كا بابىٚ تە؟

ب. يىٚ ل دەرىٚ.

3. ئەز حەژ ڤينايىٚ دكەم بەلىٚ تو نە .

ئەم دياردە زمانييە لە سەردەمە جياوازەكاندا بە شێوەى جياواز لـ ێك دراوە تەوە . لە رێزمانى دێريندا كەرەسە دەرنەكەوتووەكان لەژێر ناوى لادان ئاماژەيان بۆ كراوە واتە بەهۆى وەكيەكى بەمەبەستى ئاسانكردن يەكێكيان لا دراوە . جگە لە مە لە رێزمانى زمانى عەرەبـ يدا بۆ كەرە سەى دەرنە كەوتوو دەربڕيـ نەكانى وەك زە مير موستەتر.. يا خود فى مەحەل... بەكار هاتوون. لە سەردەمى رۆنانكارە كان لە گەڵ سەرهەڵدانى بيرى مۆرفيم لە چلەكانى سەدەى را بردوو و دەستنيـ شانكردنى

[1] بۆ زياتر زانيارى بڕوانە : (اسلام 1985: 29-64)

جۆرەكانى ، چەمكى مۆرفى سفر[1]( Ø ) و مۆرفى بۆش[2] یاخود بەتاڵ هاتنە ئاراوە . مۆرفى سفر( Ø ) ئەو جۆرە مۆرفیمەیە كە شێوەى فۆنەتیكى نیە (خاوەن سیماى گۆكراوەیى نیە) بەڵام ئەرك و واتاى هەیە و مۆرفى بەتاڵ ئەو جۆرەیە كە شێوەى هەیە بەڵام ئەرك جێبەجێ ناكات( دورست پێ چەوانەى مەبە ستى ئێ مە لەم بەشەدا) (ئەحمەد1990 : 23، 58). وەك جێناوى لكاوى كەسى سێیەمى تاك بۆ یە كەمیان و دەر كەوتنى دەنـگى [ر] و [ۆ] بۆ دووەمـیان لە نموو نەكانى خوارەوە:

4. ئازاد نانەكەى خوارد Ø . Ø: جێ ناوى لـكاوى رێكـكەوتن بۆ كە سى سێیەمى تاك .

5. ب+ خۆ + ەوە ← بخۆرەوە دەر كەوتنى دەنـگى[ر] بۆ مەبە ستى خۆگونجاندنى مۆرفۆلۆجیانە .

6. دل + ڤان ← دلۆ ڤان دەر كەوتنى دەنگى[ۆ] بۆ مەبە ستى خۆگونجاندنى مۆرفۆلۆجیانە .

رێز مانى گوێزا نەوە هەوڵى دەدا چۆنیەتى پەیوە ندى و بەر هەم هاتنى د یوى دەرەوەى ز مان لە د یوى شاراوەى ز مان بەهۆى گوا ستنەوە و یا ساكانى لـ ێك بداتەوە. یاساى لادان یەكێ لەو یاسا گوێزانەییانە كە بە هۆیەوە دەشێ یەكێ لە كەرەسەكانى ئاستى ژێرەوە لە كاتى گوا ستنەوەى بۆ ئا ستى سەرەوەى ز مان لا ببرێ چ بە هۆى یەكسانى واتایى بێ یا خود یەكسانى فۆرم و وا تا . چۆمـسكى لەم بارەیەوە دەڵێ كە گوێزانەوە دەتوانێ كەرەسەیەك لا بدات تەنیا ئە گەر ئەم كەرەسەیە نوێنەرە نیشانكراوەكەى پۆلێك بێت یان ئەگەر مەرجەكانى رێزمانى كە پێناسەى گوێزانەوەكە دەكەن دەستنیشانى ئەوە بكەن كە ئەم كەرەسەیە تەواو لە

(1) Zero Morph
(2) Empty Morph

کەرە سەیەکی  تری زنجیرە کە دە چێت(Grillet,1978:37) . لابرد نی ب کەر نموونەیەکە بۆ باری یەکەم و لابردنی گرێ ناوییە یەکسانەکان نموونەن  بۆ  باری دووەم(Ibid:37-38) . هەروەها چەندین لابردنی تر لە ر ستە نا سادەکاندا  لەژێر مەرجی یەک سانبوونی وەك لابرد نی  کاری لار ستەی دووەم و  یا  خود لابرد نی رستەکە بە تەواوی یا لابردنی گرێ ناوییەکان(Ibid:116-118).

لابردن: أ + ب +س ← أ + Ø +س (الخولي 1977: 201) وەك:

7. ئازادی  نان  خوار  بەڵێ  چا نە ڤەخوار.  ئازادی ر ستەی دووەم  بە  هۆی یەکسانی لا براوە بە مەبەستی ئاسانکردن .

لێ وردبوونەوە لە مەرج وچۆنیەتی جێبەجێ بوونی  ئەم یا سا گوێزانەیـ یە(لابردن) ئەوەی سەلماند کە ئەمە لە خودی خۆیدا جۆرێ لەبەرچاو گرتـ نی واتا یە ؛ وا تە مەرجەکانی جێبەجێ کردنی دە بێ  لە ئا ستی ژ ێرەوەدا  هەبێ ، ئەگینا  چۆن دەتوانین وا بیر بکەین کە لە شوێنێکی بەتاڵدا کەرەسەیەك  هەبووە  کە  بە  هۆی یەک سانی لا  براوە .  بەم  شێوەیە ت یۆری  ستاندەرد  گۆرانی بە سەردا  هات و شێوەیتری لێکەو تەوە و  لەو قۆنا غە  بەم لا یە  شوێنی  بەتاڵ وەك یەکە یەکی سەربەخۆ  لە نوا ندنی سینتاک سی دا  بوو  بە  خاوەن  بەهای تایبەتی  خۆی و ئا  سانکارییەکی زۆری خ  ستە   ناو   چۆنیەتی   شیکردنەوەی نموو  نە رێزمانییەکان[1].واتە هەرچەندە خودی کەرەسەکە نامێنێ  بەلاّم  شوێنی  د یارە و بەهاکەی دە پارێزێ .  ئەوەی  بە  لاما نەوە گرنـگە ،  بزانین ت یۆری دە سەلاّت و بەستنەوە چۆن ئەم دیاردە زمانییە لێك دەداتەوە.

## 6. 2. کەرەسە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەلاّت و بەستنەوە:

---

[1] بڕوانە (بەشی دووەم :24-28 ).

چۆمسکی کەرەسەی بەتاڵ وەك کەرەسەیەکی بێ شێوەی فۆنەتیکی بنەڕەتی دەناسێنێت (Chomsky,1981:34). بە واتایەکی تر کەرەسەی بەتاڵ ئەو جۆرەی کەرەسەی نابەرجەستەیە کە خاوەن شێوەی فۆنەتیکی ئاشکرا نیە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جێگەی گرێیەك لە رستەدا دەگرێتەوە(Trask,1993:90). تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە هەوڵ دەدات لە رێی کارلێکی نێوان پەیوەندییە رۆنانیەکانی وەك بەستنەوە و دەسەڵات و کۆنترۆڵ و لقە تیۆری سیتارۆل و دۆخ کەرەسەی بەتاڵ لێك بداتەوە ؛ بۆیە کەرەسە بەتاڵەکان شوێنێکی گرنگیان لەم تیۆرەدا داگیر کردووە بەوەی کە لە لایەکەوە لێکدانەوەیان ، چۆنیەتی پەیوەندی و پێکەوە کارکردن و کارلێکی نێوان بنەما و پرنسیپەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە بە جوانی دەردەخات ، و لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ئامانجەکەمان دۆزینەوەی سروشتی توانای زمانی مرۆڤ بێ ، ئەم کەرەسانە چەندین تێروانینی تایبەت و گرانبەها لەم بارەدا دەردەخەن(Chomsky,1981:55).

هەر وەك لە گوێزانەوەدا ئاماژەی پێ درا هەڵکەوتنی کەرەسەی بەتاڵ ئەنجامی جێبەجێ کردنی پرۆسەی لادانە لەسەر کەرەسە یەکسانەکان؛ بەڵام بە هۆی چ پێوەرێکەوە کەرەسە یەکسانەکان دەستنیشان دەکرێن و هۆکارەکانی لادان چین و چۆن و لە چ بارێکدا و بەسەر کام جۆر لە کەرەسەکانی رستەدا جێبەجێ دەبن ؛بێگومان هاوپێرستی مەرجێکی پەیوەندی وەکیەکی یا خود یەکسانییە لە نێوان دوو یا چەند گرێ ناوییدا. هاوپێرستی واتە بەستنەوەی دوو کەرەسە یا شت بە یەك نیشانکراو .کەواتە دەبێ هەر دوو کەرەسەی هاوپێرست ناوەرۆك یا خود پێرستی هاوبەشیان هەبێ .بەم پێیە بەستنەوە پەیوەندیەکی سیمانتیکییە . بەڵام نواندنی سینتاکسییانەی ئەم پەیوەندییە واتە جێگیرکردنی یەکێکیان بە ئەویتر و پێ شاندانی پەیوەندی هاوپێرستیان لە چوار چێوەی رستە یا خود

سینتاکسدا دەگەڕێتەوە سەر جۆری ئەو مەرجانەی کە پەیوەندی یە ڕۆنانی یەکانی سینتاکس بە سەریاندا فەرز دە کەن ؛ بەواتا یەکی تر مەر جەکانی ڕۆنا نە سینتاکسییەکان پەیوەندییە هاوپێرستی یاخود هاونی شانەییەکان دە نوێنن. ت یۆری دە سەلآت و بە ستنەوە هەوڵ دەدات لە چوار چێوەی ل قەتیۆری بە ستنەوە بە تێئاخنینی بیرۆکە وبـ نەماکانی ل قە تیۆری یەکانی تر لە سرو شت و جۆری ئەم مەرجانە بکۆڵێتەوە.

## 6. 2. 1. تیۆری بەستنەوە:

بەستنەوە گرنگترین لقەتیۆری ڕۆنانییە کە تایبەتە بە دەستنیشانکردنی ئەو مەرجا نەی کە بەهۆیا نەوە گرێ ناوی یە هاوپێر ستەکان لە ڕ ستەیەکدا د یاری دەکرێن ، لە ڕوانگەی ئەم ت یۆرەوە گرێ ناوی یە هاوپێر ستەکانی ئارگیومێ نت دەکەو نە ناو یەکێ لەو سێ پۆلا نەی خوارەوە و ئە مە گرێ ناوی یەکانی نائارگیومێنت ناگرێتەوە:

1- ئەنافۆر[1] 2- جێ ناوی (کە سی)[2] 3 - دەربڕی نە هاونیشانەییەکان[3]

**1- ئەنافۆر** : ئەو گرێ ناوییەیە کە پێوی ستە نی شانکراوە نا سەربەخۆکەی(واتە دەگەڕێتەوە سەر گرێ ناوییەکی تر) لە ناوەوەی ڕ ستەدا د یاری کرا ب ێت وەك جێناوی خۆیی و هاوبەشی لە کوردیدا ، وەك:

8. من **خۆ** شوشت.

9. کامێران و سەربەستی **ئێکدوو** ل بازاری دیتن.

---

(1) Anaphor
(2) Pronominal
(3) Referential Expression

**2- جێناوی کەسی:** ئەو جۆرە گرێ ناوییەیە کە خاوەن ناوەڕۆکێکی فەرهەنگی تایبەت نیە بەڵکو تەنیا هەڵگری سیماکانی کەس و ژمارەی کەس و نەفش و دۆخە، دورست پێچەوانەی ئەنافۆر . جێناوی کەسی دەشێ ئاماژە بێ بۆ گرێ ناوییە تاك و سەربەخۆکان یان هاوئاماژە بێ بۆ ئەو گرێ ناوییا نەی کە تازە ناوییان لە رستەدا هاتووە , وەك :

10. ***ئازاد*** کورەکێ زیرەکە . ***ئەو*** هەر ساڵ ئێکەم دەردکەڤیت.

11. ***ئازادی*** باوەر نەدکر کو ***ئەو*** دشێت کارکەرییێ بکەت.

**3- دەربڕینە هاونیشانەییەکان :** هەر وەك لە ناویان دیارە ئەو گرێ ناوییا نەن خاوەن ناوەڕۆکی فەرهەنگین کە بە شێوەیەکی شاراوە ئاماژەن بۆ شتێك. لێرەدا هاونیشانەیی دوور خراوەتەوە(Horrocks,1988:108-109). زۆر گرنگە نیشانەکردنی ناسەربەخۆ و هاونیشانەیی[1] کە دوو پەیوەندی جیاوازن لە یەکتر جیا بکرێن . بۆ نموونە لە رستەی 12 دا دیارە کە گرێی ناوی (بەشداری کێبرکێ) ئاماژە بە کەسێکی دیاریکراو ناکات. هەروەها لە رستەی 13 دا هەر دوو ناوی (ئازاد) ئاماژە بۆ دوو کەسی جیاواز دەکەن .

12. بەشداری کێبرکێ هزر دکەت ،ئەو دێ بەت.

13. ***ئازادی*** گۆت کو وی ***ئازاد*** ل بازاری دیت.

بە پێی پێنا سە و سرۆ شتی هەر یە کەیان تیۆری بەستنەوە چۆنیەتی پەیوەندیان بە هاوپێرست یاخود نیشانکراوە بۆگەڕاوەکە لەڕێی بەکارهێنانی دوو چەمکی پۆلی دەسەڵاتدار[2] و مەودای دەسەڵاتداری[3]. بەم جۆرەی خوارەوە روون دەکاتەوە:

---

(1) Coreference
(2) Governing Category
(3) Domain
(1) Bound
(2) Complementary distribution

أ. ئەنافۆر دەبێ لە چوارچێوەی پۆلە دەسەلاَتدارەکەیدا بەند[1] بێ.

ب. جێناوی کەسی دەبێ لە چوارچێوەی پۆلە دە سەلاَتدارەکەیدا ئازاد بێت.

ت. دەربڕینە هاونیشانەییەکان دەبێ لە هەموو شوێنێکدا ئازاد بن .(Culicover,1997:67) (Ibid:110)

لێرە مەبەست لە "مەودای دەسەلاَت" ئەو کۆمەڵە پۆلەن کە بۆ بەستنەوەی ئەنافۆر پێویستن . مەودای دەسەلاَتی بەستنەوە بەلایەنی کەم رستە و گرێی ناوی دەگرێتەوە . مەبەست لە "پۆلی دەسەلاَتدار " یش بچووکترین رستە یا خود گرێی ناوییە کە هەڵگری وشە بەدەسەلاَتەکەیە ، کەواتە مەودای دە سەلاَت دەکەوێتە ژێر پێناسەی پۆلی دەسەلاَتدار بەم شێوەی خوارەوە:

**پۆلی دەسەلاَتدار:** پۆلی دەسەلاَتدار بۆ (ئا) بچووکترین لارستە یان گرێی ناوییە کە خودی (ئا)، بەدەسەلاَتێك بۆ ئا و نیشانکراوەی پێشووتر بۆ ئا دەگرێتە خۆی.

بە پێی ئەم پێنا سەیە ئەنافۆر لە مەودای دە سەلاَتدا بە ندە وەك لەرستەی14.أ و جێناوی کەسی لە هەمان مەودادا ئازادە وەك لەرستەی 14.ب دا ، کەواتە لە ئەنجامدا ئەنافۆر و جێناو لە باری دابە شکردنێکی تەواو کەری[2] دان (Ibid:64,67-68).

14. أ. ***گولین و سولینێ*** پشتی چەند سالاَ **هەڤدوو** دیتن.

ب. ***من*** گوتبوو کو ***ئەز*** دێ هێم .

بۆ ئەوەی کە پێناسەی پۆلی دە سەلاَتدار بۆ جیاواز یەکانی نێوان ئەنافۆر و جێناوی کەسی و دەربڕینە هاونیشانەییەکان دەست بدات . ئەنافۆر هیچ کاتێك ناتوانێ ببێتە بکەری رستە و هەمیشە دەبێ هاوپێر ستەکەی لە پێشترەوە بێت،

بەپێچەوانەی جێناو کە پێویست ناکات بۆ ئەوەی لێك بدرێتەوە نیشانکراوەی لە پێشترەوە بێت . پێویستە چەمکی تیۆری بەستنەوەی گونجاو لە شێوەیەکی پەرە سەندووتر لە بیرۆ کەی پۆلی دە سەلاَتدار وەك دەر بڕی پەیوەندیە ناسەربەخۆکان لە بچووکترین مەودای دە سەلاَتدا کە پێرستی پەسندی تێدا یە پێناسە بکەین . تیۆری بەستنەوە لەم حاڵەتەدا شێوەی خوارەوە وەردەگرێت :

( ئا)ی خاوەن پێرستی( پ) تیۆری بەستنەوەی گونجاوە لە مەودای دەسەلاَتی ناوچەیی (نا) ئەگەر:

أ. ئا ئەنافۆرە و بەندە لە (نا) لە ژێر ئەم پێرستەدا.

ب.ئا جێناوی کەسییە و ئازادە لە (نا) لە ژێر ئەم پێرستەدا.

ت. ئا دەربڕینە هاونیشانەییە و ئازادە لە (نا) لە ژێر ئەم پێرستەدا.

لێرە دەشێ بەپێی پێویست (نا) رستە بێ بۆ ئەنافۆر کە لەگەڵ گرێی ناوی بکەر دەبێتە هاوپێرست ، یا دەشێ (نا) گرێی ناوی بێ , جێناوی کەسی لەم حاڵەتەدا ئازادە لە ژێر هەر پێرستێك کە هەبێ هەتا ئەگەر لە گەڵ بکەریش دا هاوپێرست بێ(Ibid:71-74).

بەم پێیە دەتوانین سیماکانی ئەم سێ جۆرەی گرێی ناوی کە مەودای کاری تیۆری بەستنەوە دەیان گرێتەوە لەخشتەیەکدا کۆ بکەینەوە وەك:

| | – ئەنافۆر | + ئەنافۆر |
|---|---|---|
| + جێناو | جێناو | |
| – جیناو | دەربڕینەهاونیشانە | ئەنافۆر |

وەك لە خشتەی سەرەوەدا دەردەكەوێ پێویستە كەرەسەیەكی تری خاوەن سیمای □+ ئەنافۆر ،+ جێناو □ بدۆزینەوە . تێبینی دەكرێ كە لار ستەی بێ كار لە زمانی ئینگلیزی‌دا خاوەن گرێ ناوییەكی دەرنەكەوتووە لە جێكەوتەی بكەردا كە خاوەن سیتا رۆلی كارایە، ئەم بكەرە دەرنەكەوتووە بە پرۆ(PRO)ناوزەد دەكر ێت كەهەلگری هەر دوو سیمای□+ ئەنافۆر ،+ جێناو □ە . سیمایەكی هەرە د یاری پرۆی گەورە ئەوە یە كە پەیوەندیـ یەكی نیـ شانەیی نا سەربەخۆ لە گەڵ گرێ ناوییەكەی لارستەی سەرەكی دا هەیە ؛ وەك لەم رستەیەدا(Ibid:75) :

15) I want[ cp [e] to visit you .

بەم شێوەیە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە وا بۆ دەچێت كە چوار جۆر گرێی ناوی هەیە بە پێی پێوەری [ □ ئەنافۆر ] و [□ جێناو ] كە ئەمانەن:

أ. شوێنپێی گرێی ناوی [+ ئەنافۆر ، -جێناو ]

ب.جێناوی كەسی [- ئەنافۆر ، +جێناو ]

پ. پرۆ [+ ئەنافۆر، + جێناو ]

ت.شوێنپێی وشەی پرس[- ئەنافۆر ، - جێناو ] (Barwari,2004:105).

شوێنپێی گرێی ناوی ئەنافۆرە ، كەواتە دەبێ پەیرەوی مەرجی(أ)ی ت یۆری بەستنەوە بكات ، واتە دەبێ بەند بێ بە پۆلە بەدەسەڵاتەكەی .جێناوی كەسی، دەبێ مەرجی (ب)ی تیۆری بە ستنەوە جێ بەجێ بكات و پێوی ست نا كات كە هاوپێرستێكی ناوچەیی لە پێش خۆی هەبێت . پرۆی گەورە هەم ئەنافۆرە و هەم جێناو ؛ بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت كە دە بێ هەر دوو مەرجی( أ) و(ب) ی ت یۆری بە ستنەوە جێ بەجێ بكات ، بەڵكو پرۆی گەور بەپێ چەوانەوە لەژێر دە سەڵاتدا ن یە(Chomsky,1981:71). شوێنپێی و شەكانی پرس دەربڕیـ نی

ئاماژەیی بە ژمار دێن وا تە دە بێ پەیرەوی مەرجی (ت)ی تیۆری دە سەڵات و بەستنەوە بکەن . هەمیشە ئازادن و نیشانکراوەی سەربەخۆیان هەیە.

چۆنیەتی دەرکەوتنی هەر یەك لەمانە بە جیا لە خوارەوە روون دەکەینەوە .

## 6. 2. 1. 1. شوێنپێی[1] گرێی ناوی [+ ئەنافۆر ، -جێناو ]:

شوێنپێی گرێی ناوی ئەنافۆرە ، کەوا تە دە بێ پەیرەوی مەرجی(أ)ی تیۆری بەستنەوە بکات ، واتە دەبێ بەند بێ بە پۆلە بەدە سەڵاتەکەی. لە گەڵ ئەمەشدا پەیوەندی هاوپێرستی و دە سەڵاتی پۆلی پێشەوە[2]، شوێنپێ ( شوێنی گرێ ناوییەکی بەتاڵ کە بۆ شوێنێکی تر گوێزراوەتەوە) و گرێ ناوییە گوێزراوە کە بە یەك دەبەستێتەوە(Cowper,1992:86).

لە تیۆری دە سەڵات و بە ستنەوە دوو جۆرە گوا ستنەوە دیاری کراوە: گوا ستنەوەی ئارگیومێنت و گوا ستنەوەی نائارگیومێنت(Chomsky,1981::47)(Cowper,1992:132) . گوا ستنەوەی گرێی ناوی لە جۆری یەکەمە و لەبەر ئەوەی کە بەخشینی سیتارۆل لە ئا ستی ناوەوە دەبێت واتە گرێ ناوییەی خاوەن پێرست لە شوێنێکی خاوەن سیتارۆل سەر چاوەی گرتووە و لە بەر ئەوەی لە هەموو ئا ستەکاندا پ یوەری سیتایان راگرتووە. ئەمە گرەنتی ئەوە دەدات کە شوێنی سیتا دەبێ هەمان شوێن بێ کە گرێ ناوییەکە لە ئاستی ژێرەوەدا وەریدەگرێت ، ئەمەیە واتای پێ یا کلکی[3] زنجیرە . زنجیرە لە کەرەسەیەکی خاوەن شوێنی سیتارۆل کە دەبێتە سەرەی گرێیەکە و بەشی پێ پێك دێت کە پێیە کە دەکەوێتە ئا ستی ناوەوەی ر ستە (Ibid:87-88) . هەر بۆ یەش چۆمسکی لە بەرهە مەکانی دوا تردا پرۆ سەی

---

(1) Trace
(2) C- Commond anteacident
(3) Tail

گواستنەوە بە پرۆسەی کۆپی کردن دەچوێنێ کاتێ کەرە سەیەك بەرز دەکرێتەوە کۆپییەك لە شوێنە بنەڕەتییەکەی بەجێ دێڵێ (Morales 2002: 1). شوێنپێی گرێی ناوی کە ئەنجامی جێبەجێ کرد نی پرۆ سەی گوا ستنەوەیە لەم بارا نەی خوارەوەدا لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا بەرچاو دەبێ.

شایەنی باسە کار لە زمانی کوردیدا لە رووی وەرگرتنی ئارگیومێنت دا بەش دەبێتە سەر دوو جۆر: أ. کاری تێپەڕ

ب. کاری تێنەپەڕ

أ. کاری تێپەڕ: ئەو جۆرە کارە یە کە لە دەروازە فەرهەنگییە کەی دا دوو ئارگیومێنت هەلدەبژێرێت و بە زۆری دوو رۆلی کارا و بەرکاریان پێ دەبەخشێت، وەك: برن: [+کارا ،+ بەرکار]

لە رستەدا لە گەل یەکێکیان لە رووی کەس و ژمارەدا ر ێك دە کەوێت . کەواتە رستەی کوردی گرێی رێککەوتنی دەژمێردرێت و لە کاتی شیکردنەوەیدا دەبێ رەچاوی ئەمە بکرێت. لە ز مانی کورد یدا هەمیشە بکەر و کار لە رووی کەس و ژمارە لە گەڵ یەکتردا ر ێك دە کەون تەنیا لە لار ستەی کار تێپەری رابردوودا نەبێت کە بەرکار و کار لە رووی کەس و ژ مارە لە گەڵ یەکتردا ر ێك دەکەون[1](ئەمین2004: 87).

ب. کاری تێنەپەڕ: ئەو جۆر کارەیە کە لە دەروازە فەرهەنگییەکەی دا تەنیا یەك ئارگیومێنت هەلدەبژێرێت ، بەلأم چۆنیەتی رۆل بەخ شینی ج یاوازی تێ دەکەوێت .لە سەر ئەم بنەمایە کاری تێنەپەڕ دەبێتە دوو جۆر :

(1) بۆ زیاتر زانیاری بروانە (سلێمان 2001: 26-84 )؛ (ئەمین 2004: 86-90)

یەکەم: تێنەپەڕی کارا ئاسا ؛ لەم جۆر کارەدا ئارگیومێنتە کە رۆلی کارا دەبینێت و هەمیشە لە رووی کەس و ژمارە لە گەڵ کاردا ر ێك دە کەوێت ، وەك :

هاتن : [+ کارا ئاسا]      16. ئـــەز هاتـــم .

کارا      کار+رابردوو ج.لکاوی ریّك

1ت[ ]      1ت[ ]

ریّککەوتن لە کەس وژمارە

دووەم: تێنەپەڕی بەرکار ئاسا : لەم جۆر کارەدا ئارگیومێنتە کە رۆلی بەرکار دەبینێت و هەمیشە لە رووی کەس و ژمارە لەگەڵ کاردا ریّك دە کەوێت، وەك :

مرن : [+ بەرکارئاسا]

17. ئـــەز ا د مــــــــــرم .

بەرکار ن.نف ن.بەردەوامی کار ج.لکاوی ریّك

1ت[ ]      1ت[ ]

ریّککەوتن لە کەس وژمارە

کاری تێنەپەڕی بەرکار ئاسا بە هۆی پاشگری تێپەڕاندن(اندن) دەکرێتە کاری تێپەڕ(رەسوول1995: 130-138) ، وەك :

نڤستن + اندن ⟵ نڤاندن

شکست + اندن ⟵ شکاندن

لەم جۆرە کارا نەدا بە پ ێی تێروانی نی ت یۆری دە سەلات و بە ستنەوە ئارگیومێنتە خاوەن رۆلەکە بۆ شوێنی سپێکی گرێی رێککەوتنی بەرز دەکرێتەوە بۆ ئەوەی دۆخ وەربگرێت کە لەهەر دووکیاندا چ کارا ئا سا و چ بەرکارئا سا دۆ خی

رەهایان پێ دەبەخشرێت ، رستەی ئەز هاتم وەك نموونە بە پێی شیکاری دارئاسا پێشان دەدەین .






## 6. 2. 1. 2. لارستەی بکەرنادیار:

کاری بکەر نادیار لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا لە کارە تێپەڕەکا ندا بەم شێوەی خوارەوە دادەڕێژرێت:

شێوە گەردانییەکەی کاری هاریکاری هاتن بە پ ێی دە مەکان + ە + شێوەی چاوگی کارەکە ، بۆ نموونە لە کاری کڕین ، کاری بکەر ناد یار بەم شێوەیە دادەڕێژرێ:

هات + ە + کڕین ← هاتە کڕین

دهاتە کڕین

دێ هێتە کڕین

شایەنی باسە دەنگی (ە ) بە نیشانەی ئەم چاوگە دەژمێردر یێت ؛ بەلاّم بە باوەری من لە راستیدا تەنیا دەنگێکە بە مەبەستی خۆ گونجا ندنی مۆرفۆلۆجیا نە بە کار هاتووە ، بەلّگەم ئەوەیە کە زۆر جار لە ق سەکردنی ئا سایی ناوتر یێت و ئەمە هیچ کاریگەریەکی لەسەر واتای نیە، هەروەها لەگەڵ کاری را بردووی دوور لا دەبرێت:

هاتەکڕین= هات کڕین ،هاتبوو کڕین

بۆ گۆڕینی لارستەی بکەردیار بۆ بکەر ناد یار دە بیّ یە کەم جار کارا کە و جێناوی لکاوی ڕێککەوتن لا بدرێت و پاشان بەرکار بۆ شوێنی کارا بگوێزرێتەوە و پاشان کارەکە بەو شێوەی لە سەرەوە باسمان کرد دابڕێژرێتەوە[1]، وەك:

18) **ئەڤینێ مێز کڕیبوو** .

أ. لادانی بکەر و جێناوی لکاوی ڕێککەوتن، ئەڤین

ب.گواستنەوەی بەرکار بۆ شوێنی بکەر: مێز

ت.دارشتنی کارەکە: هات+ ن.د. رابردووی دوور + کڕین.

19) مێز هاتبـــــووکڕین .

---

[1] بۆ دریژە بروانە ( ئەمین 2004: 348-350) .

ئەڤینێ مێز کڕیبوو .

ئاستی ناوەوە ئاستی دەرەوە




وەك لە هێڵكاری دارئاسای سەرەوە دیارە لە ئا ستی ژ ێرەوەدا کار سیتارۆڵەکانی کارا و بەرکاری دەبەخ شێتە ئارگیومێن تەکانی ، کارا بۆ وەرگرت نی دۆ خی نارا ستەوخۆ بۆ شوێنی سپێکی گر ێی دە می بەرز دەکرێ تەوە و بەم شێوەیە پێویستییەکانی بنەماکانی پرۆژە سازدانی فراوانکراو جێبەجێ دەبێ . لە ئەنجامدا شوێنەکەی لە ئاستی ژێرەوەدا بەتاڵ دەمێ نێ و بەرکاریش بۆ وەرگرت نی دۆ خی رەها بۆ شوێنی سپێکی گرێی رێک کەوتنی بەرز دەکرێ تەوە . بەم جۆرە شوێنی

ئەویش لە ئا ستی ناوەوەدا بەتاڵ دەمێنێت . لە هەر دوو بار دا گوا ستنەوە لە شوێنی خاوەن سیتارۆل بۆ شوێنی بیٚ سیتارۆلە . شایەنی با سە لێرە د یاردەی ئێر گەتیڤی بەر چاو دەکەویٚ. بەم پێ یە سەرەی گر یێ دە می دۆ خی بەرکاری دەبەخشێتە کاراکەی و لە هەمان کاتی شدا لە ر یێی شوێنپێیەکەی لە ئا ستی ژێرەوەدا رۆلی کارای لە سەرەی گرێی کاری وەرگرتووە.

لەبەر ئەوەی لە رستەی کوردی دیاردەی رێکـکەوتن هە یە ؛بۆ یە لار ستە وەکو گرێی رێککەوتنی وەردەگرین . هەر وەك لە هێڵکاری دار ئا سای خوارەوەدا دیارە کارا لا براوە و پاشان بەرکار بۆ شوێنی کارا گوێزراوەتەوە. لەم گوا ستنەوەدا کەرەسە گوێزراوەکە دۆخەکەی دەپارێزیٚ و کاریگەر نابیٚ بە دۆخی ئەو شۆینەی کە بۆ دەگوێزرێتەوە .بەم پێیە گرێی ناوی (مێز ) لە دۆخی رەها دا یە و لەرووی کەس و ژمارە لەگەڵ کاردا رێك دەکەویٚ .

مێز هاتبووکڕین .




## 6. 2. 1. 3 .لارستەی بکەرنادیاری هۆیی :

بۆ گۆرینی لارستەی راگەیاندنی بۆ لارستەی بکەرنادیاری هۆیی بکەر و بەرکار لە شوێنی خۆیان دەمێنن تەنیا چۆنیەتی دارشتنی کارەکە گۆڕانی بە سەردا د ێت بەم شێوەیە: شێوە گەردانییەکەی کاری هاریکاری (دان) + چاوگی کارەکە

دا + ئاڤاکرن ⟵ دائاڤاکرن

دایه + ئاڤاكرن ←دایەئاڤاكرن

دیٚدەمە+ ئاڤاكرن ← دیٚدەمە ئا ڤاكرن

بۆنموونە رستەی :20) مــن خـــــــانی ئـاڤــاكـــر Ø .

كارا بەركار3ت كار 3ت

ریٚككەوتن لە كەس وژمارە

⇓

21) مــن خـــــــانی دا Ø ئـاڤــاكـــرن .

بكەر بەركار3ت 3ت كار

ریٚككەوتن لە كەس وژمارە

## 6. 2. 2. جیٚناوی كەسی [– ئەنافۆر ، +جیٚناو ] :

بە پیٚی تیۆری بەستنەوە جیٚناوی كە سی، دە بیٚ مەرجی (ب)یٚ جیٚبەجیٚ بكات و پیٚویست ناكات كە نیشانكراویٚكی ناوچەیی لە پیٚش خۆی هەبیٚت . هەبوونی دوو كەرەسەی ناو و كار وەك پیٚویستی ر ستەیەكی تەواوی خاوەن دەم و كار بە بنەما یەكی ریٚز مانی گ شتی نا سراوە . ت یۆری دە سەلاٚت و بەستنەوە ئەم چەمكەی لە ریٚی ریٚسای بەرهەمدان دەربریوە كە تیٚدا دە بیٚ شویٚنی بـكەری ر ستە بە هۆی كەرە سەیەكەوە پڕ بكریٚتەوە . ئیٚ جا چ كەرەسەكە دەركەوتوو بیٚت وەك ئەوەی كە بە هۆی ناوی كارا پڕ بكریٚتەوە یا خود دەرنەكەوتوو بیٚ واتە بە هۆی كەرە سەیەكی بەتاڵ گیرا بـیٚت . لە زۆرینەی زمانەكانی جیهاندا جیٚناو ئەم ئەركە دەبینیٚت ؛ بۆ یە لەم رووەوە زمانەكانی جیهان دەكریٚن بە دوو بەشەوە: ئەو زمانانەی كە جیناو فڕیٚدەدەرن و ئەو زمانانەی كە جیٚناو پاریٚزن.

مەبەست لە جیناو فرێدەری ئەوە یە کە لەم زمانا نەدا دە شێ لە ئا ستی دەرەوەی رستەدا شوێنی بکەری لارستەی راگەیاندنی بەتاڵ بێ وەك ز مانی فارسی و شێوەزاری کرمانجی خواروو . بێگومان ئەمە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە کارە کە هەڵگری سیماکانی کەس و ژ مارەی بکەرەکە یە یا خود بەواتا یەکی‌تر لەم رووەوە هاو پێر ستە لەگەڵ یدا ؛بۆ یە وەك پابە ندی و جێ بەجێ‌کردنی ب نەمای کەرە سەی بەتاڵ ب کەر لە ئا ستی سەرەوەدا دەرنەکەوێ : وەك لە نموونەکانی:

ـــ نان دەخۆم . هەروەها بەرامبەرەکەی لە فار سیدا: ـــ غذا را مـی خورم.

بێج گە لەم تایبەتمەند یە چۆم سکی (1981: 240) ئەم ئەدگارا نەی خوارەوە بۆ ئەم جۆرە زمانانە دەسنیشان کردووە :

أ. ئازادی جۆری لە رستە سادەکاندا .

ب. لادانی ئاشکرا لە پارزێنەری (کو و شوێنپێیەکەی) .

ت. شوێنە بەتاڵە جێگیراوەکان واتە تەنیا بۆ پڕکردنەوەی جێگا.

زمانی جێناو پارێز ئەو زمانەیە کە لە هەموو کاتێك و لە هەموو بارێ کدا پڕ بوونی جێگەی بکەر بە گرێیەکی ناوی یا جێ ناو مەرجێکی دور ستی ر ستەکەیە و نە بوونی رستەکە لە رووی رێزمانە لەنگ دەکات . بەم پێ یە ئەم جۆرە زمانا نە لە خاوەنداریێتی تایبەتییەکانی سەرەوەش بێ بەش دە بن. وە کو ز مانی تورکی و شێوەزاری کرمانجی سەروو کە رێگە بە لابردنی بکەر نادەن و دەبێ شوێنی بکەر لە رستەیەکی تەواو دا هەمیشە پڕکراو بێت ، وەك لە نموونەیەدا:

22) ئـــــەم ل نەورۆزێ دچینـــە سەیرانا.

* ل نەورۆزێ دچینە سەیرانا.

ئەم رستەیە ئەگەر وەکو ر ستەیەکی سادەی راگەیێ ندراوی و ترا هەڵە یە بەڵاّم ئە گەر وە کو بەر سڤ لە پر سیارێکی وە کو : هوین کەنگی د چنە سەیرانا ؟ دورستە. ئەمەش بۆ چوارچێوەی قسەکردن و ناسیاری و جۆری زان یاری لەنێوان قسەکەر و گوێگر دەگەڕێتەوە .

هەروەسا لە رستەکانی خوارەوە لادانی بکەر ر ستەکە لە رووی رێزما نەوە لەنگ دەکات.

23) ئەز هاتم . * هاتم.

24) تو هاتی؟ * هاتی ؟

25) من نان خوار. *نان خوار .

بەڵ گەمان بۆ دەستنیشانکردنی شێوەزاری کر مانجی سەروو وەك ز مانێکی جیناوپارێز لادانی لەو تایبەتمەندییانەیە کە چۆمسکی دەستنیشانی کردوون :

أ.لادان لە تایبەتمە ندی ئازادی جێ گۆرکێ لەنیوان ب کەر و بەرکاردا لە چوار چێوەی ر ستەی سادەدا ؛ لە بەر ئەوەی کە لە سێ ستەمی ریز بوونی کەرەسەکانی رستەی کوردی بکەر ـ بەرکار ـ کار هەموو شوینەکان پڕ کراونە تەوە ناتوانرێ جێگۆرکێیان پێ بکرێ .وەك :

26) رێزانێ هەڤال گەهاندن. * گەهاندن هەڤال رێزانێ .

ب. کردەی گوا ستنەوەی جێ ناوە پر سەکان لە ر ستەی شێوەزاری کر مانجی سەرووداروو نادات ، بەڵکو تەنیا لە چوارچێوەی گرێ ناوییەکە کردەی جێ گری ئەنجام دەدرێ . بەم پێیە پێوەرەکانی جێناوە پرسەکان تەنیا لە فۆرمی لۆجیکی دا دەستەبەر دەکرێن .

27) ***من*** دوهی کتێبەك کری.

***کێ*** دوهی کتێبەك کری؟

28) دوهی تە **چ** کڕی ؟

من دوهی ***کتێبەك*** کڕی .

29) ***کەنگی*** تە کتێب کڕی ؟

***دوهی*** من کتێبەك کڕی .

ت.لە بەر ئەوەی مۆرفیمی رێککەوتن لە کورد یدا تا ئەو رادە یەی مۆرفیمی رێککەوتن لە زمانە جێناو فرِیدەرەکان بەهێز نیە کە بتوانێ لە فۆرمی لۆجیکی سیمای کەس و ژمارەی بکەرەکە دەرببڕێ کە ئیتر پێویست نەکات بکەرە کە لە ئاستی سەرەوەدا دەرکەوێت ؛ بۆیە دەبێ بە هەردوو پارزێنەری دۆخ و مەرجی بینین تێپەڕێت و بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا دۆخ هەمیشە لە ئاستی سەرەوەدا نیشانە دەکرێت .

پ. هەڵئاوسانی شوێنە بەتاڵەکان لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا دەتوانین بۆ ئەوە بگەڕێنین کە لە لایە کەوە گیرە کی کار لە شێوەزاری کر مانجی سەروودا ئەوەندە بەهێز نیە کە بتوانێ ناوەرۆکی کەس و ژمارەی بکەر یا بەرکاری ر ستە لە هەموو بارەکاندا دەسنیشان بکا ,و لە لایەکیتریشەوە وەك لە یاسای ریز بوونی کەرەسەکانی رستە لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێ هەندێ فۆرم ناتوانێ سیمای کەس و ژمارەی بکەر یا کار دەرببڕێ وەك جیناوی کە سی سێیەم کە مۆرفیمی سفرە .

## 6 .2 .3. پرۆ [+ ئەنافۆر، + جێناو ] :

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا پرۆ بە پێچەوانەی سیماکانی کە دەبووا یە هەم بەند بێ و هەم ئازاد ، لە ژ ێر هیچ دە سەڵاتێکدا ن یە . پرۆ لە شێوەزاری کرمانجی هەبوونی هەیە بەڵام لەبەر ئەوەی کە هەمیشە شارستەکە کەرت دەکات و دەچێتە ناو پێکهاتەی ئەوەوە ، تائێستا هەست بە هەبوونی نەکراوە ، بێجگە

لەمەش هەموو لارستەکانی خاوەن پرۆ دەشێن وەکو لارستەی خاوەن کار بێن لەم بارەدا زۆربەیان دەچنە پاش کارەکە ، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا :

30) أ. خوزی من شیانێن کوشتنا وی هەبان . ← ب. خوزی من شیابا وی بکوژم .

( خوزگە توانای کوشتنی ئەوم هەبا.) (خوزگە بم توانیبا بیکوژم.)

31) أ.من ب ئەرکێ خۆ زانی هاریکاریا وان بکەم.( من بە ئەرکی خۆم زا نی یار مەتیان بدەم.) ← ب. من هاریکاریکر نا وان ب ئەرکێ خۆ زا نی.( یارمەتیدانی ئەوان بە ئەرکی خۆم دەزانم .)

32)أ. دیارە کو مرۆڤەکێ ترسنۆکە. ← ب. ترسنۆکیا وی دیارە.

33)أ.ئەز دگەل وان چووم ،بەلێ یا بێ مفا بوو. ( من لە گەڵ ئەوان رۆیشتم ، بەڵام بێ سوود بوو .) ← ب.چوونا من دگەل وان بێ مفا بوو.

که لەم رستانە وهاوشێوەکانیان ورد دەبینەوە دەبینین لە هەردوو جۆری دەربڕیندا یەك ئەرکی رێزمانیان هە یە کە لە هەر دوو ر ستەی 30) و31)دا بەرکاری شارستەکەن و لە 32) تەواوکەر و لە 33) بکەر.

لە شێوەزاری کر مانجی سەروودا کارە کونترۆڵ کەرەکان هەمیشە لارستەیەکی خاوەن کار وەکو تەواوکەر وەردەگرن کە دەشێ بکەری ئەم لار ستانە لابدرێ (Barwari,2004:144)، وەك لەم رستانەدا :

34) أ. من دڤێت [ ئەم پێکڤە بین]. ← ب. من دڤێت [ــ پێکڤە بین]. ( من دەمەوێ پێکەوە بین)

35)أ. ئەز دخازم [ئەز هاری وان بکەم.] ← ب.ئەز دخازم [ــــ هاری وان بکەم]. (دەمەوێ یارمەتیان بدەم)

دەرکەوتنی بکەری لار ستەی یە کەم  مەرجێکی درو ستی رێز مانی ر ستەکەیە ؛ بەلاّم بکەری لارستەی دووەم لەبەر ئەوەی کە لەلایەن بـکەری شار ستە  کۆنترۆل کرایە لابراوە. ئەگەر بکەری پارستە لە لایەن شار ستەوە  کۆنترۆل  نەکریٚ دە بیٚ دەرکەویٚ. ئەمەش لە کاتێکا دەبێت کە بکەرەکان لە  سیماکانی  کەس و ژ مارەدا جیاواز بن،وەك لە رستەی خوارەوەدا:

36) ئەم دشێین وە بگەهینین.  (ئێمە دەتوانین بتان گەیەنین.)

لێرە لادانی بکەری پارستە، رستە لە رووی رێزمانەوە لەنگ دەکات.

* ئەم دشێین ــــ بگەهینین.

وا تە  مەرجی دەر کەوتن  یا دەرنە کەوتنی بـکەری لار ستەی دووەم بە ندە  بە یەکسانی یا نەیەکسانی لەگەلّ بکەری شارستەدا .

## 6. 2. 4.شوێنپێی وشەی پرس[– ئەنافۆر ،– جێناو ]:

بە پێی بۆچوونی چۆمسکی شوێنپێی وشەکانی  پرس دەربڕینی ئا ماژەیی  بە ژمار دێن واتە دەبیٚ پەیرەوی مەرجی (ت)ی تیۆری دەسەلاّت و بەستنەوە بکەن. هەمیشە ئازادن و نیشانکراوەی سەربەخۆیان هەیە.

بە پێی چۆمسکی(1981 : 47) لە زمانی ئینگلیزی دا وشەی پرس بۆ  شوێنێك دەگوێزرێت کە ناتوانیٚ ئەرکی رێزمانی دەستنیشان بکات ، کە  بە گوا ستنەوەی ئا – بار وەسف دەکات واتە گواستنەوە لە  شوێنێکی  خاوەن  سیتارۆل و دۆخ  بۆ شوێنێکی بیٚ سیتارۆل و بیٚ دۆخ . بەلاّم  لە  شیوەزاری کر مانجی  سەروودا  ئەم تایبەتمەندییە بەدی ناکریٚ و جێناوی پرس  بۆ  شوێنێکی  تر ناگوێزر ێت  بەلّکو تەنیا  لە چوار چێوەی گرێیە کەدا  کردەی جێگری  بە پـێی مەبە ستی پر سەکە ئەنجام دەدرێت ، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا .

37) أ. من دوهی بلەز نان ل خوارنگەهێ خوار . ( من دوێنێ بە پەلە نانم لە خوارنگە خوارد.

بۆ پرسیار لە بکەر : جێناوی کێ شوێنی بکەر

لە رستەی سەرەوە دەگرێت.

**ب. کێ** دوهی بلەز نان ل خوارنگەهێ خوار؟

بۆ پرسیار لە کاتی کارەکە: جێناوی کەنگی شوێنی ئاوەڵکاری دەم لە ر ستەی سەرەوە دەگرێتەوە.

ت. تە **کەنگی** بلەز نان ل خوارنگەهێ خوار؟

لێرە دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە جێناوی بکەریش دەگۆردرێت بۆ کە سی دووەم. بەم پێیە بۆ پرسیارکردن لەهەر بەشێکی زانیاری ناو رستە جیناوێکی پرس شوێنی ئەو بەشە دەگرێتەوە .

پ. تە دوهی **چەوا** نان ل خوارنگەهێ خوار؟

ج. تە دوهی بلەز **چ** ل خوارنگەهێ خوار؟

ح. تە دوهی بلەز نان ل **کێرێ** خوار؟

خ. تە دوهی بلەز ل خوارنگەهێ **چ کر؟**

ئەمەش دەمان گەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە لە رستەی ز مانی کورد یدا شوێنپێی وشەی پرس بوونی نیە.

لێرە تەنیا دوو جۆر لە جۆرەکانی پرسیارکردن(1) کە بۆمان ئامانجەکەمان پێویستن وەردەگرین :

---

(1) بە پێی بنەماکانی پۆلێنکردنی رستەی پرسیاری دابەشی ئەم جۆرانەی خواررەوە دەبێت:

1. پرسیاری گشتی
2. پرسیاری تایبەتی (وشەیی)
3. پرسیاری هەڵبژاردن
4. کلکە پرسیار
5. پرسیاری رەوانبێژی
6. پرسیاری راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: (قادر 1993: 18-22)

جۆری یەکەم: پرسیاری گشتی(رستەیی): بڕیارە لە سەر هەموو ر ستە؛رەزامەندی یان نارەزامەندی (قادر1993: 18-19). بە یارمەتی وشەی پرس ئەرێ ـ ئایا دەکرێ و هەمیشە بەرسڤەکەیان بە بەلێ یا نەخێرە وەك:

38) ئەرێ تە نان خوارییە؟

بەلی . (من نان خوارییە.)

نەخێر. (من نان نەخوارییە.)

لێرە بە هۆی جێناوی ئەرێ پرسیارەکە لە هەموو زانیاریەکانی ناو ر ستە دەکرێت بۆیە بە پێشی دەکەوێت.

جۆری دووەم: پرسیاری تایبەتی؛ لە رێی بەکارهێنانی جێناوەکانی پرس دەیەوێ زانیاری لەسەر خاڵێکی تایبەت لە رستەکەوە وەرگر ێت. جیاوازییە کەی لە گەڵ جۆری یە کەم ئەوە یە کە هەموو ر ستەکە ناخا تە بەر لێکدانەوە( هەمان سەرچاوە: 19) ، وەك:

- کی بۆ پرسینی بکەر/ بەرکاری دۆخی رەها.

39) کی هات؟

ئازاد هات .

40) تە کی گەهاند؟

من ئازاد گەهاند.

- کێ بۆ پرسینی بکەری دۆخی ناراستەوخۆ هەروەها بەرکاری ناراستەوخۆ.

41) کێ ئازاد گەهاند؟

من.

42) ئەو دگەل کێ چوو ؟

دگەل ئازادی.

- چ بۆ پرسینی بکەر/ بەرکاری بێ گیان.

43) چ ڤێ کەفت؟

گوللەیەك ڤێ کەفت.

44) ئەوان چ کرین؟

خانیەك.

- کەنگی بۆ پرسینی کاتی روودانی کارەکە.

45) کەنگی تو چوویە شەهیانێ ؟

دوهی.

ئاوەڵکاری دە می لە شێوەزاری کر مانجی سەروو لە چوار چێوەی ر ستەدا جوولەی هەیە؛ بۆ یە جێ ناوە پرسەکە شی بە هەمان شێوە توا نای جوو لەی هەیە.

46) تو کەنگی چووبوویە شەهیانێ ؟

- لکیڤە/لکێرێ بۆ پرسینی شوێنی روودانی کارەکە.

47) ئەو چوو کیڤە /کێرێ ؟

ئەو چوو بازاری .

- چەوا بۆ پرسینی چۆنیەتی روودانی کارەکە .

48) ئەوی چەوا ترۆمبێل دهاژۆت ؟

بلەز .

## 6 .3. چۆنیەتی دەرکەوتنی کەرەسەی بەتاڵ لە شێوەزاری (ك.س)دا:

دەتوانین چۆنیەتی دەرکەوتنی کەرەسەی بەتاڵ لە شێوەزاری کر مانجی سەرووی زمانی کوردیدا بە پێی جۆرە کانی ر ستە بەم شێوەی خوارەوە د یاری بکەین.

### 6. 3. 1. لە رستەی سادەدا:

**(1)** لابردنی بکەری ئاشکرا:

وەك پێشتر ئاماژەمان پیٚ کرد کە شێوەزاری کرمانجی سەروو ز مانێکی جێ ناو پارێزە ؛ بۆیە لە رستەی سادەدا هەبوونی بکەر مەرجێکی دور ستی رێز مانی رستەکەیە و نەبوونی دەبێتە هۆی رێزمانی نەبوونی رستەکە، وەك:

49) من پەنجەرە شکاند. * پەنجەرە شکاند.

50) ئەز نڤستم . *نڤستم .

تەنیا لە رستەی فەرمان دا شوێنی بکەر بەتاڵ دەمێنیٚ .

51) .... دەرگەهی بگرە. لێرە جێناوی ( تو) نەهاتیە.

**(2)** لابردنی بەرکار: لە شێوەزاری (ك.س)دا تەنیا بۆ کە سی سێیەم دەشیٚ وا دابنرێت کە بەرکارەکە لا دراوە و شوێنەکەی بەتاڵە ،وەك:

52) ئەم ئازادی دبینین. ← ئەم .... دبینین.

53) ئەز تە دبینم . ← *ئەز ... دبینم .

**(3) لابردنی بەرکاری ناراستەوخۆ :**

لە چوارچێوەی رستەی سادەدا ناشیٚ شوێنی بەرکاری نارا ستەوخۆ بەتاڵ بیٚ واتە بە لابردنی نا شیٚ واتا کەی بە هۆی کەرە سەکانی ترەوە ئا ماژەی پیٚ بدریٚ. مەبەست ئەوەیە کە هاوپێرستێکی لەناو رستەدا نیە کە بەهۆیەوە لە کاتی نەهاتنی هەست بە شوێنێکی بەتاڵ بۆی بکریٚ واتە کەرە سەی کۆنترۆڵکەری بۆ ن یە . ئە مەش بۆ ئەوە دەگەرێ تەوە کە بەرکاری نارا ستەوخۆ گرێ یەکی نائارگیومێنتە وەك لەم نموونانەدا:

54) من دگەل وان هنارت . ← من هنارت.

55) هەوە ب لۆرییٚ مال بر.     ←     هەوە مال بر.

**(4) لابردنی کاری هەبوون:**

پێش ئەوەی چۆنیەتی بەکارهاتنی ئەم کارە لە رستەدا باس بکەین دە بیٚ بزانین کە چاوگی بوون چاوگێکی تێنەپەڕی بەرکارییە ،بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوە یە کە هەموو کارێکی تێپەڕ ر یژەی بکەر نەدیاری لیٚ دور ست دە کریٚ هەروەها ئەو (بوون) یا (هەبوون)ەی بە تێپەڕ دانراوە ، لەکاتی رانەبردوودا جیاوازی یەکی زەق و ئاشکرا لە رووی توخمەکا نەوە لە گەلٚ کارە تێپەڕەکا ندا پە یدا دە کا و کاتیٚ چاوگی هەبوون دوو توخمی لەگەڵدا هات (خاوە ندار + خاوەن ) هەرگیز تێ پەڕ نیە و جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەلٚ هەموو فۆرم و گەردا نەکانی ( بوون)دا ن یە و (بوون)یش بە هەموو فۆرم و گەردا نەکانی چاوگێکی تێنە پەڕە (مو سا 2000: 19،22) . ( بوون) فۆرمی رە سەنە و وا تا سەرەکییەکە هە ڵدەگریٚ و هەموو شێوەکانی تری بە پێی شوێنیان لە رستەدا و ئەو گیرەکا نەی کە پ یوە لکاون و هێزی سەر بڕگەکان دورست بوونە . بە شێوەیەکی گ شتی ئەم فۆر مە لاوەکیانە لیٚ دەبێتەوە:

أ. (بوون)ی هاتنەئارایی : لەم مۆرفیمانە پێك دیٚت :

(ب)ی رەگی چاوگ + (و)ی مۆرفیمی کاتی رابردوو + (ن)ی چاوگ.

دەشیٚ بە تەنها دەرکەویٚ و دەشیٚ لێکدراو بیٚ لەگەلٚ وشەیەکی تر (ناو ، جێ ناو ، ئاوەڵناو..تاد) .

56) ئەز بووم .     (من بووم .)

57) ئەزم . ئەز Ø Ø م     (منم.)

وەك دیارە لە ر ستەی 57)دا رە گی چاوگی بوون دەرنە کەوتووە و شوێنەکەی بەتاڵە کە لە رێزمانی گوێزانەوەدا بە مۆرفیمی Ø نیشانە دەکرێت. هەروەها لێرە

مۆرفیمی دەمی ئێستاش دەرنەکەوتووە کە ئەویش دیسان  بە  مۆرفیمی Ø نیشانە کراوە .

ب.(بوون)ی لە ئارادا هەبوون (التملك):

لەم پێکهاتەیەدا (هە) شوێنی ئەو شتە دەگرێتەوە کە لە ئارادا هە یە و  بۆ توخمی با سلێکراو  بەکار دێت  کە  ناوی  مۆرفیمی خاوەنداری یە ، وا تە  بۆ خاوەنداری دەشێ بەڵام مەرج نیە خاوەندار  بێ . ئە گەر  بە  تەنیا توخمێك  لە رستەدا دەرکەوت واتای ئارایی دەگەیەنێ ، ئە گەر  خاونی  شتەکەش لەر ستەدا دەرکەوت واتای خاوەنیش دێتە سەر واتای ئارایی(هەمان سەرچاوە: 25-32).

58) ئەز هەبووم .             (ئارایی)

59) من ئازاد هەبوو .          (خاوەنی + ئارایی)

60) مە سێ هەڤال هەنە .     (خاوەنی + ئارایی)

لەم بارەدا رەگی چاوگ دەرکەوتووە .

## 6. 3. 2. لە رستەی نسادە دا:

لە دوو لارستەی سادە یا زیاتر پێك دێت.ئەگەر هەر لارستەیەك  لە رووی واتا سەربەخۆ و بە هۆی ئامرازێکی لێکدانەوە ( و، یان...یان ، بەڵام ، کاتێ ، .. تاد.) بە یەکەوە بەند کرابن بە رستەی لێکدراو  ناو دەبرێت ؛  بەڵام ئە گەر یەکێ لە لارستەکان بۆ یەکێ لە کەرەسەکانی لار ستەی‌تر بگەرێتەوە و  بە  هۆی ئامرازێکی گەیەنەرەوە( کە (کو)، ئەگەر، خوزی ..تاد.) بە یە کەوە بە سترا  بن بە رستەی ئاڵۆز دەناسرێت.

## 6. 3. 2. 1.کەرەسە بەتاڵەکان لە رستەی لێکدراو:

هەموو کەرە سە بەتا ڵەکانی ر ستەی نا سادە  لە ز مانی کورد یدا دە چنە خا نەی جێناوەوە ( پرۆی ب چووك).  بەم پێ یە پ ێرەوی  مەرجی (ب)ی ت یۆری

بەستنەوە دەکەن بەوەی کە لە مەودای پۆلە بەدەسەلاَتەکەیاندا ئازادن لە ژێر هەر پێر ستێکدا بێ ، چ ب کەر بێ یا خود هەرکەرە سەیەکی تری ر ستە و نیشانکراوەکەیان لە مەودای دەسەلاَتدا دەسەلاَتی پۆلی بە سەریان دا هەیە کە لە رێی ئەم دەسەلاَتەوە رێگەیان ناداتێ لە ئاستی دەرەوەی رستەدا دەرکەون .

**(1)لابردنی بکەری ئاشکرا:**

61) ئەز هاتم و... چووم.

بکەری رستەی دووەم بە هۆی هاوپێرستی لەگەڵ بکەری لار ستەی یە کەم دەکەوێتە ژێر دەسەلاَتی پۆلی ئەوەوە کە ئەنجامی دەبێتە دەرنەکەوتنی لە ئا ستی دەرەوەی رستەدا ، چونکە نیشانکراوە بەدەسەلاَتەکە(ئەز) توانای ئەوەی هەیە کە سیمای کەس و ژمارە ودۆخی بۆ لێکدانەوەی رستە دەستەبەر بکات.


گ.رێك
رێك'
گ.ن
ئەز1
رێك
م
گ.دەم
دەم'
گ.ن
دەم
+رابردوو
سادە
گ.ك
گ.لێكدەر
گ.ك
گ.رێك
لێكدەر'
ك'
گ.ن
1 [ئەز]
رێك'
گ.ن
لێكدەر
ك
ئەز2
رێك
م
گ.دەم
و
هاتن
دەم'
گ.ن
دەسەلاَتی‌پۆلی
دەم
+رابردوو
سادە
گ.ك
ك'
گ.ن
2[ئەز]
ك
چوون

62) من نان خوار و ئەز هاتم .            * من نان خوار و... هاتم.

لەم ر ستەیەدا نا شیَ ب کەری لار ستەی دووەم لا بدریَ  چونکە نیـ شانکراوە هاوپیَرستەکە ناتوانیَ سیمای دۆ خی بکەری لار ستەی دووەم دەر ببریَ وا تە لە سیمای دۆخدا جیاوازیان هەیە یەکەمیان دۆخی نارا ستەوخۆ و دووەمـ یان دۆ خی رەها. هەروەها لەلایەکی ترەوە شیَوەزاری کر مانجی سەروو جیَ ناو پاریَزە و بۆ دورستی ریَزمانی رستەکە دەبیَ جیَناوەکە لە ئاستی سەرەوەدا دەرکەویَ.

**(2)لابردنی بەرکاری دووەم:**

63) من رۆندك دڤیَت ، بەلیَ تە ... نەڤیَت.

64) دەمیَ تو هاتی نانی بخوی ،من ...خواربوو.

دیسان لیَرە بە هۆی هاوپیَرستی بەرکاری رستەیدووەم کەوتۆ تە ژ یَر دە سەلاَتی پۆلی بەرکاری رستەی یەکەم و لە ئەنجا مدا بۆیـ تە هۆی ئەوەی کە لە ئا ستی دەرەەی رستەدا دەرنەکەویَ.

هیَلکاری دارئاسای رستەی 63) بەم جۆرە دەبیَت.




وەك لە هێلكارییەكەدا دیارە بەركاری لارستەی دووەم بۆ وەرگرتنی دۆ خی رە ها بۆ شوێنی سپێكی گرێی رێككەوتن بەرز دەبێتەوە و بكەریش بۆ وەرگرتنی دۆ خی نارا ستەوخۆ بۆ شوێنی سپێكی گر ێی دە می بەرز دەبێ تەوە . لە ئەنجامی هاوپێرستی لەگەڵ بەركاری لار ستەی یە كەم بەهۆی دە سەڵاتی پۆلی یەوە رێ گە نادرێ لە ئاستی دەرەوەدا دەركەوێ .

**(3)لابردنی بەرکاری ناراستەوخۆ:**

65) تە خانی ژ ئازادی کڕی و من پارە ژێ ستاندن.

66) من دیاری دگەل ڕۆژینێ هنارتن و ئازادی نامە... ... .

67) ئەز دگەل وان هاتم و... چووم.

68) ئەز دگەل وان هاتم بەلێ دگەل وان نەچووم .

لە ڕستەی 65) دا بەرکاری ناراستەوخۆ بە هەمان هۆی باسکراو لا دەبرێ بەڵام ئامرازە کە دەمێنـ ێت و بەهۆی خۆگونجا ندنی فۆنەتیکیـ یەوە دەنـ گی [ێ] دەردەکەوێت.

لە ڕستەی 66) هەم بەرکاری نارا ستەوخۆ و هەم کار بە هۆی هاوپێر ستی و دەسەڵاتی پۆلی لا براون.

**(4)لابردنی کاری دووەم:**

69) نێرگزێ گول دفرۆتن و نارینێ گولدان ... .

70)ئەڤینێ ئیپراخ لێنابوون و ڕێزانێ ترشك ... .



گ.ك
گ.لێكدەر
گ.ك
گ.دەم
لێكدەر'
ك'
گ.ن
نێرگز
دەم'
گ.ن
لێكدەر
ك'
گ.ن
نارینێ
گول
دەم
گ.ڕێك
و
ك
ڕابردوو
سادە
ڕێك'
گ.ن
فرۆتن
گولدان
ڕێك
گ.ك
Ø
ك'
گ.ن
نارین
ك'
گ.ن
گولدان
ك
فرۆتن
بەتاڵ
دەسەڵاتی پۆلی

**(5) لابردنی تەواوکاری بوون:**

71) ئازاد کورەکێ ژیرە و ئاراس ژی... .

72) نەوزاد بتنێ یە و ئازاد ژی... .

وەك دیارە تەواوکەری کاری هەبوون لادەبرێ بەلاّم بۆ ئاماژەکردن بە وەک یەکی فۆرمی (ژی) جێگەی گرتووە .

**6. 3. 2. 2.کەرەسە بەتاڵەکان لە رستەی ئاڵۆزدا:**

لە رستەی ئالۆزدا لارستەیەك واتا سەرەکیەکە هەڵدەگرێت کە بە شارستە ناو دەبرێت و لارستەکەیتر زانیاریەکی زیادە لە بارەی یەکێك لە کەرەسەکانی شارستەکە بەدەستەوە دەدات ؛ بۆیە لارستەی دووەم بە پارستە دەناسرێت.

**(1)لابردنی ئامرازی گەیەنەر:**

لابردنی ئامرازی گەیەنەر بە تایبەتی (کو) لە شێوەزاری (ك.س) لە زۆرینەی رستە ئاڵۆزەکاندا دەبینرێت ؛ وەك:

73) ئەز دێچمە رەزی دا...تری بکەم.

74) سەرێ... نەئێشت هەوجەی دەرسۆکێ نینە.

75) دیارە ...ئازاد خۆش جامێرە .

**(2) لابردنی پارستەکە هەمووی:**

(76) ئەز دێ هێم ، بەلێ نزا کەنگی ... . ( دێم ،بەلاّم نازانم کەی ...)

(77) ئەز دبێژمێ بەلێ چەوا ... . (پێی دەڵێم بەلاّم چۆن ....)

(78) ئەوی چیرۆکا خۆ ڤەگێڕا بوو ، بەس نەوە سا ... . ( ئەو چیرۆکەکەی گێڕدرابوو بەلاّم نەك بەو شێوەیە... .)

وەك لە رستەکانی سەرەوە دیارە بە هۆی هاوپێرستی ناوەرۆکی پارستە لە گەڵ شارستە ، پارستەکە هەمووی لا دراوە.

ئەوەی کە من تێبینیم کردووە هەموو ئەو ڕستە ئالۆزا نەی کە کاری کونترۆلکەریان هەیە دەشێن وەك لارستەی چاوگی بەکار بێن و هەمیشە لە دۆخی ناراستەوخۆدایە واتە بەم پێیە لە زمانی کوردیشدا پرۆ هەیە وەك لەم نموونا نەی خوارەوەدا :

79) دیارە کو مرۆڤەکێ ترسنۆکە ← ترسنۆکیا وی دیارە .

80) گوندیا هەولێ دا ئاگری ڤەمرینن. ← گوندیا هەولێن ئاگر ڤەمراندنێ دان.

81)من ب گرنگ دزانی کو ئەز بچم.← من چوونا خۆ ب گرنگ دزانی.

82) ئازادی هیڤی دخواست کو بسەر کەڤیت.← ئازادی هیڤیا سەرکەفتنێ دخواست.

بەم شێوەیە تێبینی دە کرێ کەرە سەی بەتاڵ خۆی لە سنووری تا قە و شەیەك ناگرێتەوە بەڵکو رستە و تەنانەت گۆتنیش دەگرێتە خۆی وەك:

(79) أ. ئەز نە حەز خۆ هەلکێشان و خۆمەزنکرنێ دکەم و نە ژی خۆ شکاندنا زێدە و ئەز بەنیێ .

ب. ئەز ژی هەر وەسا .

ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مێشکی مرۆڤ توانای بۆ گەڕاند نەوە و پێکەوە بەستنێکی زۆر بەهێزی هەیە کە بە ڕێی سیستەم و یاساکانی کۆنترۆلکردن لێکیان دەداتەوە کە لە ڕێزماندا بۆ لێکدانەوە و ناسینەوەی کەرەسەی بەتاڵ بەکار دێنین.

# بەشی حەوتەم

# ئەنجام و پێشنیاز

ئەم بەشە کۆ مەڵێ ئەنجام کە لێکۆ ڵەر لە میا نەی لێکۆڵینەوەکە ی‌دا بەدە ستی هێناوە، هەروەها پێشنیازەکانی بۆ کارەکانی داهاتووی بواری رستە سازی ز مانی کوردی دەگرێتە خۆی .

## 7. 1. کورتە و ئەنجام :

### 7. 1. 1. تیۆری دە سەلأت و بەستنەوە:

بە پێی بۆچوونی چۆمسکی ئامانجی سەرەکی ت یۆری ز مانی بەدە ستەوە دانی رێزمانی گشتی یاخود جیهانییە. ئەمەش تەنیا لە رێ‌گەی لێکۆڵی‌نەوە لە چۆنیەتی فێربوونی زمان لەلایەن منالّەوە دە ستەبەر دەکر ێت، پر سی فێر بوونی زمانیش پێوی‌ستی بە زانی‌نی سرو شت و چۆنیەتی کارکردنی زان یاریی ز مانی (توانا) و گرامەر هەیە .

هەوڵدان بۆ پێکانی ئەم ئامانجە بە داهێنانی رێزمانی بەرهەمهێنان دەستی پێ کرد و تا ئێ‌ستا کە پ ێنج دەیە یە بە سەری تێ‌پەڕ دەب ێت ، بەهاوکاری زمانەوانانی تر بۆ زیاتر نزیکبوو نەوە لە ئاما نجە سەرەکیەکە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێت .ئیستا بەرنامەی کەمینە بە باشترین بۆچوون دەژمێردر ێت. بەڵام ئەوەی کە ئەم نامەیە مەبەستی بووە،قۆناغی تیۆری دەسەڵات و بە ستنەوەیە کە بەرنامەی کەمینە دەرئەنجامی راستکردنەوەیەتی . چۆمسکی لەم تیۆرەدا وای بۆ دەچێت کە رێزمانی گشتی سی‌ستەمێکی نەگۆڕی پێک‌هاتوو لە کۆ مەڵێ ب‌نەما و زنجیرە بگۆڕێکی دیاریکراوە ، کە بە هەڵبژاردنی دەستەیەك لەم بگۆڕانە زمانێکی تایبەت دادەرێژرێت.بە واتایەکی تر رێزمانی گشتی دەبێ دوو جۆرە زان یاری لە خۆ بگرێت کۆمەڵێ بنەما و زنجیرە بگۆڕێك:

أ.بنەماكان: نەگورِن و پێناسەی ئەو شتانە دە کەن کە بەپێی جـ یاوازی زمانەکان ناگۆردرێن واتە لە هەموو زمانەکا ندا وەك یەكن ، وەك ناوەكی بوونی رۆنان: تیۆری س' ، لقە تیۆرییە ناوخۆیی یان ناو چەییەکانی وەك سیتا رۆل. دۆخ ، گوا ستنەوە ، بە ستنەوە ،بـ نەمای کەرە سەی بەتاڵ . ئەم بنەمایا نە پەیوەندی و کاریگەریان بەسەر یەکترەوە هەیە ، بۆ نموو نە، بـ نەمای کەرە سەی بەتاڵ بەندە بە بنەمای لێکدانەوەی پڕاوپڕ و لقەتیۆری یە ناوخۆی یەكان پەیوە ستن بە چەمکی ئابووریکردنەوە .

2- بگورِەكان: ئەو شتانە دەگرنە خۆ یان کە لەناو زمانەکا ندا جیاوازی یان تێ دەکەوێ و پێناسەی لایەنە جیاوازەکانی زمانەکان دەکەن وسیما تایبەتیەکانی هەر زمانێك دیاری دەکەن بەم پێیە رێزمانی گشتی سیمایەکی نابەرجەستەی بیرۆکەی زمانی مرۆڤە کە دەستنیشانی ئەوە دەکات چ شتێك نەگۆڕ و چ شتێك بگۆڕە لە ناو زمانەکاندا . بۆ نموونە بنەمایەكی گشتی رِۆنانی گرێ پڕ بوونی خا نەی و شەی سەرەیە ، بەڵام شوێنی سەرە لە گرێ دا بەپێی زمانەکان جیاوازی تێ دە کەوێ بەوەی کە لە هەندێ زماندا سەرە  سەرەتایە و لە هەندێکی تر سەرە کۆتا و لە هەندێکشیان هەر دوو جۆر بەدی دەکرێن. بەم شێوەیە بنەماکان گ شتی و زا تی و پێشتر دەستنیشان کراون و پێوی ست بە فێر بوون نا کەن ، بەڵام بگۆڕە کان کە جیاوازی نێوان زمانەکان دەردەخەن ، ئەو هەلبژاردنانەن کە لە رێز مانی گ شتی دا کراوەن و لە رێی راهێنانەوە پارامێترەکان جێگر دە کرێن . چۆنیەتی کارلێکی نێوان بنەما و بگۆڕەکان و بگۆڕەکانی تر و جیاوازییان لە نیوان زمانە جیاوازەکاندا لە چوارچێوەی چەند لقە تیۆرییەكی ناوخۆیی دەردەکەوێ:

**7. 1. 2.تیۆری س'**:

کۆمەڵێ بنەما و کۆت بۆ دەستنیشانکردنی سیما و تایبەتیەکانی پێکهاتەی گرێ لە تیۆری س' دا دەستنیشان کراون کە ئەمانەن :

أ- بنەمای بە دوایەکدا هاتوویی: کە دەگەڕێتەوە سەر پەیوەندی زاڵبوون لە نـ یوان کەرە سە پێکهێ نەرەکانی گرێ دا. کە ڕۆلێ کی مەزن لە شیکردنەوەی ڕۆنانی گرێ بەتایبەتی لە هەردوو پەیوەندی سپێك –سەرە و پەیوەندی سەرە– تەواوکەردا دەبینن .

ب. بنەمای ناوەندێتی: کە سیمای ناوەکی بوونی گرێ بەرجە ستە دە کات بەوەی کە هەر گرێیەك دەبێ سەرەیەکی هەبێ کە کەرە سەکانی تر بە دەوری خۆی کۆ دەکاتەوە .

پ. بـ نەمای هاو شێوەیی: وا تە یەک سانبوونی ژ مارەی بارە کانی جێکەو تە مەزنەکان .

ت. بنەمای مەزنی: هەموو گرێ نا سەرەکان جێکەو تەی مەزنن، بەواتا یەکی تر هیچ یاسایەکی سینتاکسی ناتوانێ دوو پۆلی فەر هەنگی پێ کەوە ببە ستێت ؛ هەندێ یاسا پۆل(سەرە)یێکی فەرهەنگی بە گرێی جێکەوتەیەکی مەزنی تەواوکار دەبەستێت ، لە کاتێکدا هەندێ یاسایتر گرێی سەرە بە گر یی جێکەوتە یەکی مەزن دەبەستێت.

**جـ** . بنەمای ناوەندێتی( ناوەکی): سیمای ناوەکی بوونی رۆ نانی گرێ یەکان بەرجەستە دەکات، بەوەی کە هەر و شەیەکی سەرە(س) دە بێ گرێ یەکی گ.س بەدەستەوە بدات و هەر گرێیەکی گ.س دەبێ سەرەیەکی هەبێ س کە دە بێ لە هەمان پۆلی گرێیە کە بێ . ئەم خا ڵە گۆڕانێکی بـ نەڕەتی خـ ستە ناو گرێ ناوییەکا نەوە بەوەی کە نیـ شانەکانی نا سیاوی و نەنا سیاوی و رادە و ژ مارە

پێوەندییەك دروست دەكەن كە لە كەرە سەكانی ر ستە دە چێت، بۆ یە دە شێ ئەمانە بە سەرە بژمێردرێن . بەم شێوەیە لە جیاتی گرێی ناوی گر یێی دەر خەری بە كار دێت.

**حـ** بنەمای بەئارەزوویی :بەپێی ئەم بنەمایە تەنیا گرێ ناسەرەكان دەركەوتنیان بە ئارەزووییە.

ئەم بنەمایانە پێكهاتەی گرێ دەستنیشان دەكەن . پاشان لەرێی پارامێتر یاخود بگۆڕی سەرە ،چۆنیەتی ریزبوونی كەرە سەكان دەستنیشان دە كرێن كەیا سەرە دەكەوێتە سەرەتای گرێیەكەوە یا دەكەوێتە كۆتایی گرێیەكەوە بەم پێیە دوو پێكهاتەی سەرە  سەرەتا ، سەرە– كۆ تا دێنێ تە ئاراوە. پێڕەوكرد نی ئەم دوو جۆر ریزبوونە لە زمانەكاندا جیاوازی دەنوێنن و رێژەیین. لە هە ندێ ز مان تەنیا جۆرێكی پیادە دەكرێ و لە هەندێ تر هەر دوو جۆر بەكاردێن .

جۆری گرێ بەپیی جۆری سەرە دەستنیشان دەكرێ لەم ت یۆرە دا جـگە لە سەرە فەرهەنگ یەكان، مۆرفیـ مە رێزمانیـ یەكانی وەك نیـ شانەی نا سیاوی و نەناسیاوەی، نیشانەی نفش، جێ ناوی نیـ شانە ودۆخ و... تاد بە سەرەی ئەركی دادەنرێن، بەم پێیە لە رستەیەكدا دەشێ سێ سەرە هەبێ . و لە ئەنجا مدا سێ جۆر گرێ، گریی كاری ، گرێی دە می (ت ێنس) و گر یێی رێكـ كەوتن. بەم شێوە سەرە ئەركییەكان لە بنەمای ناوەكی بوون لادەدەن .

لە شێوەزاری كرمانجی سەروودا گرێی ناوی و ئاوەڵناوی و كاری ر یێز بوونە كەی سەرە– كۆتایە .تەنیا لە گرێی پێشناوی و گرێی گەیەنەری دا سەرە– سەرەتایە.

### 8 .1 .3. لقە تیۆری سیتا:

تیۆری سیتا پەیوەندی بە رۆ نانی ئارگیومێنتی و رۆ لە واتاییەكا نەوە هە یە واتە رۆڵی بریتییە لە جیاكردنەوەی ئەو زانیارییانەی كە لە رۆنانی سینتاكـ سییەوە

سەرچاوە دەگرن لە زانیارییە سیمانتیکییەکان کە لە دەروازە فەرهەنگییەکانەوە بە دەست دێن. تیۆری سیتا بۆ ئەم مەبە ستە وای بۆ دە چێت کە بە دەوری هەر کارێك دا چەندین بازنە هەن کە ئارگیومێنتەکان واتە کەرەسە پێویستییەکانی ئەو کارە دەگرێتە خۆ . ژمارەی بازنەکان بەندە بە واتای کارەکەوە.

بازنەی سیتا دوو جۆرە زانیاری سەبارەت بە کار لە خۆ دەگرێت : یەکەم زانیاری کۆتە هەڵبژاردنیەکان کە دەستنیشانی ئەوە دەکەن کار توانای وەرگرتنی چەند ئارگیومێنتی هەیە؛ دووەم ئەو رۆلە واتاییانەی کە هەر ئارگیومێنتێك وەری دەگرێت. ئەم زانیارییانەش بە هۆی پێوەری سیتا سنووردار دەکرێن بەم شێوەیە :

أ. لە ئاستی ناوەوەدا ، هەر گرێیەکی ناوی خاوەن سەر چاوە دە بێ هەڵگری رۆلێکیش بێ ، و هەبوونی گرێیەکی ناوی بەبێ رۆل لە ئا ستی ناوەوەی رۆ نانی رستەدا , رستەکە نارێزمانی دەکات.

ب. هەرگرێیەکی ناوی دەتوانێ تەنیا یەك جار رۆل وەربگرێت ،دوو جار رۆل وەرگرتن رستەکە نارێزمانی دەکات.

بەم شێوەیە سیتارۆل لە چوار چێوەی تیۆری دە سەڵات و بە ستنەوەدا دیاردەیەکی گرنگی زمان کە جێگۆرکی کەرەسەکانە بە پێی بنەماکانی سەرەوە سنووردار دەکات و ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کە جێگۆرکی بۆی مومکینە.

لێرەدا تێبینی ئەوەدەکرێ کە لە نوا ندنی کۆ تە هەڵبژاردنییەکا ندا بەکەر دەرنەکەوتووە ،هەروەها سەرەرای جیاواز هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ ئارگیومێنتە ناوەکی و دەرەکییەکە لە ناو زانیاری کۆتە هەڵبژاردن ئەمانە لێك جیا نەکراینە.

زانیارییەکانی بازنەی سیتا لە لایەکەوە ئا ستی ناوەوە یان لە هەڵئاو سان رزگار کرد و لەلایەکی تریشەوە (س') یان لە مەرجەکانی باش دار شتن رووت کردەوە . بەمە تیۆری س' تەنیا یارمەتی منداڵ دەدات کە چۆن فێری یا ساکانی

گریٰ پێکهێن بێت. بەم شێوەیە منالٚ ئا سانتر و بە مەزاختنی وزە یەکی کەمتر فێردەبێت. هەر ئەوەندە یە کە فـێری کۆ مەلیٚ پارامێتر بـێت و پا شان بە هۆی زانیارییە فەرهەنگییەکانی پارامێترەکان پڕ بکاتەوە.

پەیوەندییە رۆنانی یا سینتاکسی پەیوەندی شوێنین .وەك لە تـیۆری دە سەلاٚت و بەستنەوەشدا دەردەکەوێت رۆنانی رستە بریتییە لە چەند شوێنێك کە هەرکامەیان دوو بەهای هەیە : یەکەمیان بە هۆی شوێنەکەی لەو رۆنانەدا و بەهای دووەم لە ئەنجامی کاریگەر بوون بەو پەیوەندییانەی کە لە گەڵ شوێنەکانیتری ر ستەدا هەیە.

## 7. 1. 4.تیۆری دۆخ:

أ. پەیوەندییە رێزمانییەکانی نێوان ئارگیومێنتەکانی (بکەر و بەرکار)لە گەڵ کاردا لە زمانە جیاوازەکاندا لە رێی یەکێك لە سیستەمەکانی رێکـخەری و شە و دۆخ و رێککەوتن لە ئاستی دەرەوەی رستە پێشان دەدرێن کە دۆخ گرنگترینیا نە چونکە چوارریانی پێکگەی شتنی سینتاکس و مۆرفۆ لۆجی و سیمانتیك و هە ندیٚ جار پراگماتیک شیە. ئەرکی دۆخ بریتی یە لە نیـ شانەکردنی سیتارۆلەکان لە ئا ستی دەرەوەی رستە.

**ب.** تیۆری دەسەلاٚت و بەستنەوە دیاردەی دۆخ وەرگرتن لە ر ێی لێکدانی هەر دوو پەیوەندی دەسەلاٚتداری(پەیوەندی رۆنانی) و رۆلەکانی سیتا (پەیوەندی وا تایی) شی دەکاتەوە.

**پ.** سەبارەت بە پەیوە ندی نـ ێوان دۆخ و سیتارۆل دا دوو بۆ چوون هە یە. یەکێکیان ئەوە یە ، گرێ یەکی ناوی لەوانە یە بەبیٚ دۆخ نەتوانیٚ سیتارۆلێك وەربگرێت لەبەر ئەوەی بەخـ شینی سیتارۆل هیچ نیـ شانەیەکی ئا شکرای نیـ یە ئە مەش شاراوە دە بیٚ. سیتارۆل تەنیا بە گریٚ ناوی یەکانی ئارگیومێ نت

دەبەخ شریت بۆ یە پارزێ نەری دۆخ دە بیّ تەنیا بە ند بیّ بە گریّ ناوی یە ئارگیۆمێنتییەکان . بەم جۆرە گوتەی" هەر گریّ ناوی یەکی ئارگیومێنت دۆخی نابەرجەستە وەردەگریت" دەگۆردریّت بە :

أ.هەر گریّ ناوییەکی ئارگیومێنت دەبیّ سیتارۆلێك وەربگریّت.

ب. هەر سیتارۆلێك ، دەبیّ بدریّتە ئارگیومێنتێك.

خاڵی (ب) بە مەرجی بینراو ناو دەبریّت و شیکردنەوەکەی بە تیۆری بینراو کە پێرەوی پێوەری سیتا دەکات کە بریتیە لە دانانی پەیوەندیەکی یەك بە یەك لە نێوان سیتارۆل و ئارگیومێنتەکاندا . ئەویتریان ئەوە یە کە لەوانە یە دۆخ کاردانەوەی وەرگرتنی سیتارۆل بیّ. بەلێکدانی پێوەری سیتا و خاڵی(أ) وەك دۆخێکی تایبەت ، خاڵەکانی خوارەوە بەدەست دێت:

أ.هەر گریّ ناوییەکی لەژێر دەسەڵاتدا دەبیّ سیتارۆلێك وەربگریّت.

ب.دۆخی نابەرجەستە ئەنجامی جێبەجیّ بوونی وەرگرتنی سیتارۆلە.

ئەم شیکردنەوەیە بە تیۆری دۆخی واتایی(سیمانتیکی) دەناسریّ

**ت.** دەستنیشانکردنی جۆرەکانی دۆخ لە چوار چێوەی دەسەڵات و بەستنەوەدا بەندە بەم پێوەرانەی خوارەوە:

یەکەم : دەبیّ بنەماکانی دەسەڵات و پارزێنەری دۆخ و سیتارۆل نەبەزێنرێن.

دووەم: دەبیّ کەرەسەی دۆخ وەرگر ئارگیومێنت بیّ .

ئارگیومێنتە سەرەکیەکانی رستە ئەمانەن: بکەر،بەرکار ، بەرکاری نارا ستەوخۆ .

جـ .بە پێی رێساکانی سەرەوە تیۆری دۆخ سیّ جۆر دۆخ دەسنیشان دەکات.

1.دۆخی نابەرجەستە:

لە سەر بنەمای جێبەجیّ بوونی سیتارۆلە وەك کاردانەوە یەك یاخود ئاماژەکردن بۆ وەرگرتنی سیتا رۆلەکە. ئەمە هیچ نیشانەیەکی ئاشکرای نیە بۆ یە

به نابەرجەستە ناو دەبرێت و هەندێجاریش بە دۆخی پێکەوەیی چونکە هەمیشە لەگەڵ وەرگرتنی سیتارۆل دایە.

**2**.دۆخی بێ بایەخ :

ئەو گرێ ناوییا نەی کە لە شوێنە ژێردە سەڵاتەکان نین ئەم دۆ خە وەردەگرن؛ چونکە بەپێی بنەڕەتی پارزێنەری دۆخ هەموو گرێ ناوی یەکان دە بێ دۆخیان هەبێ . ئەم جۆرەی دۆخ بۆ پاراستنی ریسای پارزینەری دۆخە.

3.دۆ خی رۆ نانی: ئەو دۆ خەی کە دەدرێ تە شوێنی ئارگیومێ نت دۆ خی رۆنانی(رێزمانی)یە وا تە لە سەر بـنەمای سینتاکـسی بنـیات نراون نەك لە سەر بنەمای سیتارۆل.

خـ. سیماکانی دۆخ لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا:

1.شیوەزاری کرمانجی سەروو خاوەن سیستەمی دۆخە و هەمیـ شە لە ئا ستی سەرەوەدا نیشانە دەکرێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی مۆرفیمی ریکـکەوتن لەم شێوەزارەدا.

2.سیستەمی دۆخەکەی لە جۆری رۆنانییە.

3.سیستەمی دۆخ لەم شێوەزارەدا لەسەر بنەمای نیـشانەی مۆرفۆلۆجی نـفش دامەزراوە.

4.لەبەر ئەوەی هەردوو ئارگیومێنتی بـکەر و کارا یەکیان گر تووە و دۆ خی ئێرگەتیڤی پێ دراوە و بەرکارەکە دۆ خی نارا ستەخۆ ؛ بۆ یە ز مانی کوردی زمانێکی ئێرگەتیڤە واتە ریزبوونی کەرەسەکانی رستەی بەم شێوەیە:

کارا – بەرکار – کار .

5.ئارگیومێنتە ناوکییەکانی لارستەی شێوەزاری(ك.س) بریتین بـکەر، بەرکار، کارا. نیشانەی دۆخی ئێرگەتیڤی دەخرێتە سەر قەدی کاراکە.

6.هەروەك لە بەراوردكردنی ر ستەكان دەردە كەویٚ لە ز مانی كورد یدا وە كو هەموو زمانە ئێرگەتیڤەكانی تر بەركاری كاری تێپەڕ وەك بكەری كاری تێنە پەڕ و دۆخی رەها وەردەگرێت. بەركارەكەشی لە دۆخی ناراستەوخۆدایە.

7.لە شێوەزاری(ك.س) دۆخەكان نیشانە مۆرفۆلۆجییەكانی تای بەت بە خۆ یان هەیە.

بەم شیوەیە دەتوانین بڵێین سیٚ جۆر گر یٚی ناوی دە شیٚ لە ئا ستی سەرەوەی رستەدا دەركەویٚ:

أ. گرێی ناوی ئارگیومێنتی ژێردەسەڵات .

ب. گرێی ناوی نائارگیومێنتی ژێردەسەڵات ؛ وەك ئەو گرێیانەی كە لە دۆ خی شوێنی ، ئامێری، هاوڕێیەتی و خستنەسەردا دێن .

پ.یٚی ناوی نائارگیومێنتی نەژێردەسەڵات ؛ ئەو گریٚ ناوییانەی دۆخی بیٚبایەخ وەردەگرن.

لە میا نەی هەر دوو ت یۆری سیتا و دۆخ دەر كەوت كە دوو رۆڵ بە شوێنی ئارگیومێنتەكە بەندن یا خود بەو شوێنانە دراون. كە جارێكی تر لـ یٚی وردبیـ نەوە دەبینین هەمان بیرۆ كەی بەهای شوێنی دی سو سێرەكە وای بۆ دە چوو هەر كەرەسەیەك جگە لە بەها شوێنییەكەی خۆە لە ئەنجامی پەیوە ندی هاو سێتی و ستوونی لە گەڵ كەرەسەكانی تر بەهایەكی تر وەردە گرن. كەوا تە لێرە شدا بەو پێیە دەتوانین بلێین كە هەر ئارگیومێنتێك سیٚ بەهای جیاوازی هەیە.

1. بەها واتاییەكەی كە لە فەرهەنگدایە.

2. بەها شوێنییەكەی ئارگیومێنت لە رۆنانی گرێیەكەدا .

3. بەها وەرگر تەكانی ئارگیومێنتە كە لە ئەنجامی كاریـ گەربوونی بە ئارگیومینتەكانی تری رستە.

هە ندیٚ لەم بەهایا نە نی شانەی تای بەت بە خۆ یان هە یە وەك نی شانە مۆرفۆلۆجییەكانی دۆخ. رۆلی واتایی لە جۆری یە كەمی بەهاكا نە ، دۆخ و سیتا رۆل دوو بەهای وەرگر تە و شویٚنین كە ئارگیومیٚنِ تەكان بەهۆی پەیوە ندی دەسەلاٌتداری وەردەگرن. واتە دۆخ لە جۆری سیٚیەمی بەهاكانە واتە لە ئەنجامی كاریگەربوون بە بەها و شویٚنەكانی ترەوە و ەری دەگر یٚت وا تە دۆخ كاردا نەوەی جیٚبەجیٚ بوونی سیتارۆلە.

## 7. 1. 5. كەرەسە بەتاڵەكان :

أ. كەرەسەی بەتالٚ ئەو جۆرەی كەرە سەی نابەرجـستەیە كە خاوەن شیٚوەی فۆنەتیكی ئاشكرا نیە بەلاٌم لەگەلٚ ئەمەشدا جیٚگەی گرییەك لە رستەدا دەگریٚتەوە

ب. . ت یۆری دە سەلاٌت و بە ستنەوە هەولٚ دەدات لە ر یٚی كارلیٚكی نـ یٚوان پەیوەندیـ یە رۆناز یەكانی وەك بە ستنەوە و دە سەلاٌت و كۆنترۆل و لـ قە تـ یۆری سیتارۆل و دۆخ كەرەسەی بەتالٚ لیٚك بداتەوە.بەم شیٚوەیەی خوارەوە:

– بەپیٚی تیۆری بەستنەوە گریٚ ناوییە هاونیشانەییەكانی ئارگیومیٚنت دەستنیـ شان دەكات كە دەكەونە ناو یەكیٚ لەو چوار پۆلەی خوارەوە .

**1– ئەنافۆر :** ئەو جۆرە گریٚ ناوییە یە كە پیٚویـ ستە نیـ شانكراوە ناسەربەخۆكەی(واتە دەگەریٚتەوە سەر گریٚ ناویـ یەكی تر) لە ناوەوەی ر ستەدا دیاری كرا بیٚت وەك جیٚناوی خۆیی و هاوبەشی لە كوردیدا .

**2– جیٚناوی كەسی:** ئەو جۆرە گریٚ ناوییەیە كە خاوەن ناوەرۆكیٚكی فەر هەنگی تایبەت نیە بەلٚكو تەنیا هەلٚگری سیماكانی كەس و ژ مارەی كەس و نـ فش و دۆخە، دورست پیٚچەوانەی ئەنافۆر . جیٚناوی كەسی دەشیٚ ئاماژە بیٚ بۆ گریٚ ناوییە تاك و سەربەخۆكان یان هاوئاماژە بیٚ بۆ ئەو گریٚ ناوییا نەی كە تازە ناوییان لە رستەدا هاتووە .

**3ـ دەربڕینە هاونیشانەییەکان** :هەر وەك لە ناویان د یارە ئەو گریٚ ناوییا نەن خاوەن ناوەرۆکی فەرهەنگین کە بەشێوەیەکی شاراوە ئاماژەن بۆ شتێك.

**4ـ پرۆی گەورە**: ئەوەیە کە پەیوەندییەکی نیشانەیی نا سەربەخۆ لە گەڵ گریٚ ناوییەکەی لارستەی سەرەکی دا هەیە .

لەم چوار جۆرە گرێیە تەنیا پرۆی گەورە و بچووك دەشین وەك کەرە سەی بەتاڵ لە رستەدا دەرکەون.

– کەرە سە بۆگەڕاوە کە بە هۆی پەیوەندی یە رۆنانی یەکانی وەك دە سەڵات و کۆنترۆل سیمای گۆکراوەیی یا خود بینین لە کەرە سە هاوپێر ستەکەی دە سەنێت واتە دەخاتە ژێر کۆنترۆل و دەسەڵاتەکەی.

– هەردوو تـ یۆری دۆخ و سیتا تێ پەڕبوونی گر یی ناوی بە پارزێ نەری دۆخ و مەرجی بینین بە دەرکەوتنی لە ئاستی دەرەوە لە قە ڵەم دەدەن. بە پێ چەوانەش دەرکەوتنی کەرەسەی بەتاڵ نیشانەی ئەوەیە کە کەرەسەکە بە فۆرمی لۆجیکی دەشیٚ سیماکانی دەربڕیٚ . بۆیە پێویست ناکات بە پارزێ نەری دۆخ و مەرجی بینین تێپەڕێت.

ت.کەرەسەی بەتاڵ لەرستەدا:

1. لە رستەی سادەدا ئەگەر مورفیمی رێککەوتن ئەوە ندە بەهێز بیٚ کە بـ توانیٚ سیما کەس و ژمارەییەکانی بکەر دەربڕیٚ ، بکەرەکە لە شێوەی کەرەسەی بەتاڵ لە ئاستی سەرەوەدا دەردەکەوێت .وەك لە زمانی فار سی و شێوەزاری کر مانجی ناوەراست؛ئەم جۆرە زمانانە بە جێناو فرێدەر ناو دەبرێن .بە پێ چەوانەی ئەمان لە شێوەزاری کرمانجی سەروو مۆرفیمە رێککەوتنییە کە ئەوە ندە بەهێز نی یە کە بتوانریٚ جێناوەکە نەوتریٚ ، هەبوونی جێناو مەرجێکی دورستی رستەکەیە ؛ ئەم جۆرە زمانانە جێناو پارێزن.

2.له رستەی ناسادەدا: هەموو کەرەسە بەتاڵەکان دەچنە خانەی جێناوەوە وا تە پێرەوی مەرجی ب تیۆری بەستنەدەکەن واتە لە مەودای پۆلە بەدە سەڵاتەکەدا ئازادن. کەرە سە بۆگەڕاوە کە دە سەڵاتی پۆلی بە سەر هاوپێر ستەکەدا هە یە و بەهۆی ئەوەوە ناهێلێت لە ئاستی دەرەوە دا دەرکەوێت.

جـ. هەموو کەرەسە ئارگیومێنت و نائارگیومێنت ، تەنا نەت خودی کار و یان پارستەکە هەمووی دە شێ لە ژێر مەرجی هاوپێر ستی و کۆنترۆل دە شێ وەك کەرەسەی بەتاڵ دەرکەوێت .

د. لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا پرۆی گەورە بوونی هەیە . ئەوەی کەتا ئێستا بوویتە هۆ هەست بە هەبوونی نەکرێ ئەوەیە کە هەمیشە ئەم جۆرە کەرە سانە لارستەی سەرەکی کەرت دەکەن و دەچنە ناو پێکهاتەی ئەوەوە.

## 7. 2. پێشنیاز بۆ کارەکانی داهاتوو:

لە جێی خۆیدا یە ئە گەر هەوڵ بدرێت لە کارە کانی دا هاتوودا (ب گۆڕ) پارامێترەکانی ئەم تیۆرە بەپێی زمانی کوردی دیرا سە بکرێن . هەروەها هیوادارم کتێبخانەی کوردی بە تیۆرە جیاوازەکانی زمان بە تایبەت ئەوانەی کە لە دوای ڕێزمانی گوێزانەوە سەریان هەڵدایە دەوڵەمەند بکرێت[1].

---

[1] بڕوانە وێنەی ژمارە(3) ل 20.

# سەرچاوەکان

## أ. بە زمانی کوردی:


1) ئە حمەد ، کەو سەر عز یز(1990) بیردۆزی مۆرفیم وهە ندك لا یەنی وشە سازی کوردی،نا مەی ما ستەر، کول یژی ئاداب ،زانکۆی سەلاحەدین  هەولێر.

2) ئەحمەد،مزگین عەبدورەحمان(2006) دۆخی ئێرگەتیڤ لەزمانی کوردی (کرمانجی سەروو)دا ، نا مەی ما ستەر، کۆل یژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر.

3) ئەمین، وریا عومەر( 2004) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای چاپ و بلاۆکردنەوەی ئاراس ، هەولێر .

4) باتینی،مەحەمەد ڕەزا (1993) ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان، وەرگێڕانی حەسەنی قازی،سوید.

5) خورشید،فوئاد حەمە( 1985) زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی ، وەرگێڕانی حەمە کەریمی هەورامی ، چاپخانەی آفاق عربیە،بەغدا.

6) رەسوول،عەبدوللاّ حوسێن(1995)مۆرفێمە ڕێزمانیەکانی کار، نامەی دکتۆرا، کۆلیژی ئیبن روشد، زانکۆی بەغدا .

7) سعید ، یوسف شریف(1990) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی رستە سازی کوردی ،نا مەی ما ستەر ، کۆل یژی ئاداب ،زانکۆی سەلاحەدین  هەولێر.

8) سلێمان، ڤیان( 2001) ڕێککەوتن لە شێوەی ژووورووی زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاّحەدین– هەولێر .

9) قادر ، ابوبكر عمر(1993) پرسیار له زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر ، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
10) قادر ، تارا موحسن(2004) جێناو: لێکدانەوەیەکی نوێ لە زمانی کوردیدا (بە کەرەستەی دیالێکتی خواروو) ، نامەی ماستەر ، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
11) قادر، سەباح رەشید(2007) هەندێ لایەنی رێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
12) موسا، عەبدولوەهاب خالد(2000)رێزمانی بوون و هەبوون ، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین– هەولێر .

## ب. بە زمانی عەرەبی:

1) اسلام، عزمى (1985) مفهوم المعنى : دراسة تحليلية، حوليات كلية الآداب، الحولية السادسة: االرسالة الحادية والثلاثون ،كويت .
2) الخولي، محمد على (1977)النظرية التحويلية و اللغة العربية، مجلة كلية التربية ، االعدد ألأول، جامعة الرياض.
3) جرمان ، كلود و لوبلان ريمون (1994) علم الدلالة، ترجمة نور الهدى لوشن،دار الفاضل ، دمشق .
4) جومسكي ، نعوم (1957) البنى النحوية ، ترجمة : يوئيل يوسف عزيز .ط ألاولى دار الشؤون الثقافة العامة ، بغداد - 1987
5) جومسكي ، نعوم (1965 ) جوانب من نظرية النحو ، ترجمة مرتضى جواد باقر، وزارة التعليم العالى ، جامعة البصرة - 1985 .
6)جومسكي ، نعوم (2000) آفاق جديدة في دراسة اللغة و الذهن ، ترجمة حمزة بن قبلان المزينى ، المجلس ألاعلى للثقافة، القاهرة -2005 .

7)دى سوسور، فردينان ، علم اللغةالعام ، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، دار آفاق عربية ، بغداد - 1985.
8)لاينز، جون ، جومسكي ، ترجمة بيداء على العبيدي و نغم قحطان ال عزاوي ، دار ال شؤون الثقافية العامة ، بغداد ـ 2001.

## پ.به زمانى فارسى:

1) روبينز. آر. أچ(1370)تاريخ مختصر زبانشنا سى ، تر جمه محـمدعلى حق شناس ، كتاب ماد ، نشر مركز،تهران .
2)ميرعمادى ،سيد على (1376 )نحو زبان فارسى (برپايه نظـر يه حاكمـيت ومرجع گزينى ، سازمان مطـالعه و تدوين كتب علوم انسانى دانـشگاهها(سمت ) تهران .
3)يول ،جورج (1985) نگاهى به زبان ( يك برر سى زبانـشتاختى) ، تر جمه نسرين حيدرى ،سازمان مطـالعه و تدوين كتب علوم انـسانى دانـشگاهها(سمت) ،چاب پنجم تهران .
4)هاد سن،گرور (1382) مباحث ضرورى و بنيـادين زبانشناسـى مقدمات (ضروريات زبانشناسى مقدماتى ) ،ترجمه على بهرا مى ،رهنـما ،تهران.

## ت. به زمانى ئينگليزى:

1) Abney, S.P. (1987). the English noun phrase in its Sentential Aspect , Ph.D. , MA. Thesis. MIT, Cambridge.
2) Adger, David, (2004). Core Syntax, A Minimalist Approach. Oxford University press.New York.
3) Akmajan, Adrian, R.Demers , A.Farmer and R.Harnish, (1997). linguistics: an imtroduction to language and communication, reprinted 4th edition , the MIT Press, London.

4) Asbury, Anno, (2006). Towards a Typology of morphological case, Nordlyd: Tromsφ working papers in linguistics, 331, special issue on Adpositions, ed. Peters venonios and Marina Pantcheva, pp.120-148. CASTL, Troms. http://www.ub.uit.no/munin/nordlyd/.

5) Barwari, Muhammad-salih,A. (2004). Topics in Government and Binding Theory with refrence to English and Kurdish, Unpublished Ph.D dissertation, College of Arts, University of Salahaddin -Erbil.

6) Betancort, Moises &Carreiras, Manuel,(2003). the empty Category Processing what can't be seen, University of La Lagucha Moibemo@Wl.es.

7) Black,Cherly A. (1998). A Step-by-Step Introduction to Government and Binding Theory of Syntax. Lecture notes on linguistics. http://www.sil.org/mexico/ling/E002-introGBhtm.

8) Blake, Barry (1994). Case, Cambridge, University Press.

9) Borsley, Robert (2003). Syntactic Theory, A unified Approach, Second Edition, Oxford University Press Inc., New York.

10) Bouchard, D. (1983). On the content of empty categories. Holland: Foris publication.

11) Bresnan, J.W. (1970). On Complementizers: Towards a Syntactic Theory of Complement types, Foundation of Language, 6: 297-321.

12) ____________,(2001). Lexical Funectional Syntax, Blackwell.

13) Burton,Roberts, Nod.(1992). Analysing Sentences: an introduction to English syntat, Longman Group UK.

14) Carnie,Andrew,(2002).Syntax, A Generative Introduction, Blackwell publishing.

15) Chametzky,Robert, (2000). Phrase structure, From GB to Minimalism, University of Iowa.

16) Chomsky, Noam,(1970). Remarks on Nominalization . In Jacobs and Rosenbaum .

17) ____________, (1973). The Logical Structure of Linguistic Theory, New York: Plenum.

18) ____________, (1980). Rules and Representations. Basil Blackwell. Oxford.

19) ____________,(1981). Lectures on Government and Binding, The Pisa Lectures Mouton de grayter,(1993) Berlin. New York.

20) _____________,(1982). Theory of Government and Binding. MIT press.

21) _____________, (1986a). Knowledge of Language. Its Nature, Origin and Use. Praeger, NewYork.

22) ____________, (1995).The Minimalist Program. Cambridge, Mass:MIT Press.

23) Clark,Robin, (1990). Thematic Theory in Syntax and Interpretation , Routledge, London & New York.

24) Cook.V.S and Newson, Mark, (1977). Chomsky's Universal Grammar, *An Introduction*, second edition, Blackwell Publishers.

25) Cowper, Elizabeth A. (1992). A Concise Entroduction to Syntactic Theory. The University of Chicago.

26) Crystal, David,(1991). A Dictionary of Linguistics and Phonetics. 3rd eddition . Blackwell Publishers Ltd. UK.

27) Culicover, Peter w. (1997). Principles and Parameters: An Introduction to Syntactic Theory, Oxford University press. New York.

28) Durroie, S.R. (2004). The Evolution of Ergativity in Kurdish and Indo-Iranian, McGill University . http:// www. Iranica.com.

29) Falk,Jehuda.N. (2001). Lexical- Functional Grammar : An Introduction to Parallal constaing – Based Syntax, CSLI.

30) Fattah, M .M. (1997). A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished Ph.D Disseration, University of Amssterdum.

31)____________, (1999). Cliticization vs Inflection, Zanko for the Humanities,The Scientific Journal of Salahaddin, VOL1 NO1, Salahaddin University Press, Arbil.
32) Fillmore, Charles J. (1968). The Case for Case: In Universal in Linguistic Theory, edited by Emmon Bach and Robert Harms, NewYork.
33) ______________,(1987). On Grammatical Constructions. University of California, Berkeley.

34) Finch, Geoffrey, (1998). How To Study Linguistics, Macmilian Press LTD. London.
35) ____________, (2000). Linguistic term and concepts, United States of America, Marin's Press, INC.
36) Grillet- ambrose, Jeanne, (1978). Glossary of Transformational Grammar, Newbury House Publishers, /WC./Roley/ MASS.
37) Grimm.Scott M. (2005). The Lattice of Case and Agentivity, MSc in Logic, Universiteit van Amsterdam.

38) Haegeman, Liliane,(1994). Introduction to Government and Binding theory, 2nd ed Oxford: Blackwell.

39)_______________, & Gue'ron, Jacqueline,(1999). English Grammar , A generative Perspective , Blackwell Publishers.

40) Hale(2003). more theta Theory, www. Linguistics. Uiuc.edu/jyoon/Courses401.

41) Haspelmath,M.(2002). Understanding Morphology, Arnold- Amember of the Hodder Headline Group: London.

42) Hellan, Lars (1980).Tward an integrated Theory of noun phrase. Trondheim: Unpublished dissertation, University of Trondheim.

43) Heycock, Caroline & Zamparelli, Roberto.( 2002 ) Friends and Colleagues: Plurality and NP- coordination theoretical & Applied Linguistics, University of Edinburgh.

44) Hoji, Hajime (1998) Remarks and Replies Null object and sloppy Identity in Japanese. Linguistics Inquiry, volume 29, Number1. Massachusetts Institute of Technology.

45) Horroks, Geoffery, (1988). Generative Grammar . Longman Group, UK Limited.

46) Hrafnbjargarson, Gunnar Hrafn,(2004). Oblique subjects and Stylistic fronting in the History of Scandinavian and English, The Role of Ip–spec,Ph.D.dissertation Scandinavian institute, University of Aorhus.

47) Johnson, Mark,(2002). Deductive Parsing with Multiple Leveles of Representation, Brain and Gognitive Sciences, M.I.T., http://acl.ldc.upern.edu/p/p88/p88-1030-pdf.

48) Jackendoff,R. (1977). X` Syntax : A Study of pharse Structure, Cambridge Mass MIT Press .

49) Jurafsky,Daneil(2002).Issues in Relating Syntax and Semantics, Berkeley Artifical intelligence Research, Computer Science Division, University of California at Berkeley.

50) Katamba, Francis, (1993). Morphology, Macmillan: London.

51)Kathol,Andreas,( 2003).ling120,Spring.
http://lingistics.berkeley.edu/kathol/120/Docs

52) Kimball (1973)." Seven Prinsiple of Surfase Structure Parsing in Natural Languge ",Cognition 2, 15- 47 .

53) Kornai. A & G.K. Pullum, (1990). "The X-bar Theory of Phrase Structure", Languge 66(1), 24-50.

54) Kruijff. Geert- Jan M. (2002). Formal & Computaional Aspects of Dependency Grammar Historical development of DG, Computaional linguistics, University of the Saarland Saar brucken, Germanyhgi@coli.uni-sb.dei.

55) Langendoen,D. Terence,(1975). "Finite – State Parsing of Phrase Structure Languages and the status of read justment rules in grammar". Linguistic Inquiry 6: 533-554.

56) Lasnik, Howard, Uriagereka, Juan and Boeckx,Cedric jan (2005). A Course in Minimalisit Syntax, Us pub.Li4 Syntax,

Control and Raising.http://people.pwf.cam.ac.uk/dwew2/li4/li4_contents.htm

57) Lodrupl, (2006). http://people.pwf.cam.ac.uk/dwew2/li4/li4.

58) Manfred Krifka, (2000). Institute fur deutsche Sprach and Linguistic, HV Berlin,WS.

59) Morales, Juan Romero, (2002). ( Universidad de Alcalad He nares) Norberto Moreno@uiben(Universidad de Castilla – La Manch/ IuIOG.

60) Muhammad, Fakhir Omar,(2006) Ergativity in Northern Kurdish with Reference to English, MSC thesis , college of Arts, University of Mosul.

61) Neeleman, Ad and Szendroi, Kriszta, (2005). Pro Drop and Pronouns. University College London and Utrecht Institute of Linguistics. www. Lingref.com .

62) O'Grady, William,(1997).Syntactic Development, The University of Chicago press.Ltd., London.

63) _______, w.Archibald , Aronoff, Mand & Miller,J. (2005). Contemporary Linguistics.5th ed.USA: Bedford.

64) Palmer, Frank, (1971). Grammar, GB: Hazell Watson and Viney Ltd.

65) Payne, T.E. (1997). Describing Morphosyntax: A Guide for Field Linguists, Cambridge: Cambridge University Press.

66) Portener, Paul & Partee.Barbara H. (2002). Formal Semantics,The Essential Reading, Blackwell publishing.

67) ____________, (2005). What is Meaning? Fundementals of Formal Semantics, Blackwell publishing.

68) Rabanus, Stefan,(2002)

68) RadFord, Andrew, (1995). Transformational Grammar, A first course, Cambridge University press.

69) ____________, (1998). Syntax, A minimalist Introduction, Cambridge University press.

70) Stowell,Timothy A.(1981).Origins of phrase structure, Cambridge MA: MIT dissertation.

71)Syntax(2002):www.Linguistics.Uiuc.edu/jyoon/Courses401

72) Thomas, O. & E. Kintgen, (1974). Transformational Grammar and the Teacher of English. Indiana University.

73) Trask, R.L.(1993). A Dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, Routledge , London and New York.

74) Van Valin, Roberto, D. JR. (2001) . An Introduction to syntax, Cambridge, University press.

75)_________, Roberto, D. JR and Lapolla, Randy J.(1997). Syntax: Structure Mining and Function .UK: Cambridge University Press.

**حكومة أقليم كردستان - عراق**
**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي**
**جامعة صلاح الدين- أربيل**

# ألالفاظ المقدرة من منظومة نظرية العامل و الربط ألاحالي
# ( اللهجة الكرمانجية الشمالية )

**اطروحة**
مقدمة الى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين/أربيل
كجزء من متطلبات درجة شهادة الدكتوراء في اللغة الكردية/ النحو

من قبل

**فيان سليمان حاجي**

(شهادة البكالوريوس /جامعة دهوك – دهوك 1997- 1998م)
(شهادة الماجستير/جامعة صلاح الدين- أربيل 2000-2001 م)

بـأشراف

**استاذ دكتور محمد معروف فتاح**

# الألفاظ المقدرة من منظومة نظرية العامل والربط الإحالي

# (الهجة الكرمانجية الشمالية)

خصصت هذه الرسالة لبحث ودراسة ظاهرة الألفاظ المقدرة في اللهجة الكرمانجية الشمالية من حيث طبيعة و نوع و كيفية الظهور في اللغة (العبارة والجملة)، والألفاظ المقدرة هي التي ليست لها سمة النطق والتلفظ. ولقد فسرت هذه الظاهرة في كل مرحلة من مراحل الدراسات اللغوية ومدارسها بشكل مختلف. هذه الرسالة تناول دراسة هذه الظاهرة من منظور نظرية العامل والربط الإحالي ، والتي تعد أهم و أبرز المدارس النحوية في أمريكا و غالبية دول أوربا في اللحظة الراهنة. هذه الظاهرة تحتل مكانة مهمة في هذه النظرية لأن تفسيرها يتطلب كيفية العلاقة والتعامل المشترك والتفاعل بين النظريات الفرعية المرتبطة بهذه النظرية، ومن ناحية أخرى إذا كان الهدف هو اكتشاف طبيعة القدرة اللغوية لأنسان ، فإن هذه الألفاظ المقدرة تظهر عدة منظورات و تصورات خاصة بالغة الاهمية.

ومن هذا المنطلق و لايضاح كل زوايا الدراسة و جوانبها المختلفة تضم الرسالة في ثناياها سبعة فصول:

الفصل الاول: المقدمة وتشتمل على عنوان و هدف و أهمية الموضوع و اسباب اختيارها و نطاق الدراسة و أهم الصعوبات التي واجهت الباحث.

الفصل الثاني: و خصص لسرد تاريخي نشأة هذه النظرية و أسبابها و غاياتها.

الفصل الثالث: و يتكون من ثلاثة مباحث:

المبحث الاول: ويتعلق بكيفية التكوين للغة من منطلق هذه النظرية و كيفية تحليلها من حيث أن اللغات كلها تتألف من مكونين أساسيين، و هما: مستويات التمثيل و منظومة من المحددات، وتفترض هذه النظرية أن لكل جملة أربع مستويات تمثيل و هي المستوى الداخلي، والمستوى الخارجي، والشكل الفونولوجي، والشكل اللوجيكى.

أما منظومة المحددات فتتجسد في إطار مجموعة من النظريات الفرعية مثل نظرية (س') و نظرية (سيتا) و نظرية (الحالة الإعرابية) ونظرية (الربط الإحالي) الخ و التي كل منها تحتوي على أصول و قواعد خاصة لتحليل جانب من جوانب كيفية التكوين و العلاقات المتنوعة بين أجزاء اللغة في المستويات المختلفة .

المبحث الثاني: يتضمن توضيح مفهوم الروابط التكوينية فيمابين الفروع والعقد في التحليل الشجري.

المبحث الثالث: تحتوي على كيفية صياغة العبارات والجمل من منطلق النظرية الفرعية (سَ) فى اللهجة الشمالية للغة الكوردية.

الفصل الرابع: يتناول النظرية الفرعية (سيتا) و التي تهدف الى توضيح صيرورة النحو مركزاً لتحديد الروابط بين الوحدات النحوية من ناحية، و مستلزمات الدلالة للكلمات الرأسية في الجملة من ناحية الأخرى.

الفصل الخامس: يختص بدراسة كيفية ظهور الحالة العرابية في بعض اللغات وأنواعها من منطلق هذه النظرية التي تفترض أن الحالة الاعرابية هي إنعكاس للقيام بالأدوار الوظيفية الدلالية، كما ويختص ببيان أن اللهجة الكرمانجية الشمالية تحمل سمة الحالة العرابية الأركتفية.

الفصل السادس: يمثل جوهر الرسالة ومحور الدراسة يختص بدراسة ظاهرة الألفاظ المقدرة في اللغات، والتي تفسر من خلال النظريات الفرعية كنظرية الربط الإحالي والحالة الاعرابية ونظرية (سيتا) وذلك من منظور النظرية العامة لنظرية العامل والربط الإحالي، وكما يختص بدراسة هذه الظاهرة في اللهجة الكرمانجية الشمالية في اطار العبارة والجملة للمعاملات التي تكون فيها الألفاظ مقدرة وأنواعها.

الفصل السابع: خصص لسرد أهم الاستنتاجات والتوصيات التي تم التوصل اليها من خلال البحث والدراسة عن طريق التتبع الاستقراء.

# Abstract

This dissertation is devoted to the investigation of null constituents or empty categories, their nature and the sentence positions where they are likely to be found in North Kurmanji or North Kurdish. GB assumes that syntactic structure may contain in addition to overt constituents null or empty constituents.

Empty categories are constituents which have grammatical and semantic features, but lack phonetic features, and so are silent or inaudible. There may be little that is new about empty categories, because many of them have been described under deletion or understood elements or equi-NP equivalents in traditional structural and early transformational approaches, but what is new, and significant is that here they are dealt with within the framework of Government and Binding theory (GB), which is currently the most common and wide spread theory of language in the USA and many European countries.

Empty categories play a central role in syntax in that their interpretation is closely connected and links together the modules and principles of GB, on the one hand, and sheds light on the native speaker's linguistic competence, on the other.

The dissertation describes and interprets the phenomenon of empty categories and their relations with overt categories in seven chapters, each dealing with a module of GB.

The first chapter presents the title, the aims, the scope and the significance of the work. The second, explores the historical origins of GB, tracing it to the syntactic structure (1957) and the early T-G grammars, which were superseded in (1965) by the Standard theory, and later by the Extended Standard Theory, which developed in the late eighties and nineties into Principles and Parameters and GB.

The third chapter comprises three parts: The first part explains that GB aims to develop a theory of language which involves the formulation of detailed descriptions of particular languages, from which common universal properties that all languages share, can be abstracted. It holds that a language can be represented at four levels: D-structure, S-structure, Logical form and Phonetic form, and a number of modules such as the x-bar system, theta theory, each of which possesses its own principles and has its own concerns. The second part deals with the x-bar system, which is a form of phrase structure rules that replaces the large number of re- write rules with general principles, i.e. it makes statements that are true for all phrases, clauses and sentences. The last part of this chapter deals with the structure of noun, adjective, verb and prepositional phrases in North Kurmanji.

Chapter four explicates the theta theory, a component of grammar that regulates the assignment of thematic roles such as agent, goal, theme ,

location, experience, recipient, etc to the arguments of a predicate , be it a verb, a noun or an adjective. The theory holds that each argument is assigned one and only one theta role, and each theta role is assigned to one and only one argument (theta criterion).

Chapter five deals with case theory, which goes beyond the morphological endings and is both abstract, in the sense that it is not always realized morphologically by a surface case marker, and universal in that all languages are presumed to have a full system of abstract case.

Chapter six, the bulk of the work , is devoted to the empty , or non-overt categories in North Kurmanji, their nature, their positions in a structure, their relations with the recoverable items and C – and – M – commands. Here it is shown that North Kurmanji is not a pro-drop language but it allows null constituents in some constructions, The last chapter comprises a number of conclusions, the most important of which is that the theory, although partly successful, cannot fully account for North Kurmanji and needs to be revised and further developed to deal with some aspects of the verb like aspect, negation and tense, and some aspects, of complementizer phrase such as topic and focus projections.

KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT- IRAQ
MINSTRY OF HIGHER EDUCATION &
SCIENTIFIC RESEARCH
UNIVERSITY OF SALAHADDIN/ ERBIL

# EMPTY CATEGORY ON THE LIGHT OF GOVERNMENT AND BINDING THEORY (NORTH KURMAJI DIALECT)

**A THESIS**

SUBMITTED TO THE COUNCIL OF THE COLLEGE OF LANGUAGES - UNIVERSITY OF SALAHADDIN- ERBIL
IN PARTIAL FULFILMENT OF THE REQUIREMENTS FOR THE DEGREE OF Ph.D
IN
KURDISH LANGUAGE / SYNTAX

By
**Vian Suleiman Haji**
(B.SC / UNIVERSITY OF DUHOK / 1997-1998)
(M.SC / UNIVERSITY OF SALAHADDIN/ 2000- 2001)

Supervised by
**Prof.Dr.M.M.Fattah**

DEC 2007 THILHAJJA 1428 BAFRANBAR 2707